No: 5

مەگەزین

# پۆلیتەکنیک

Oct - 2024

گۆڤارێکی ڕۆشنبیری گشتی وەرزییە، زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر دەریدەکات

## سەوزکردنی خوێندنی تەکنیکی و پیشەیی و پەیوەندیی بە دابینکردنی پێداویستیەکانی بازاڕی کار

2

## گرنگی دەرچووانی زانکۆ پۆلیتەکنیکییەکان لە بازاڕی کاردا

6



## کارامەییەکانی ڕازیکردن لە پرۆسەی ڕاگەیاندندا

10

## هێزی کەسایەتی

30



## ئــاڵا ناسنامەی نەتەوەیی

54

www.epu.edu.iq

# پۆلیتەکنیک مەگەزین

**خاوەن ئیمتیاز:**

**پ.د. ادریس محمدطاهر هەرکی**



**سەرنووسەر:**

م. شاكر رضا احمد

**دەستەی ڕاوێژکاران:**

پ.ی.د ئازاد رمضان على
پ.ی.د دلێر احمد حمه
پ.ی.د بەهات حسیب قرەداغی
پ.ی.د عبدالخالق ابراهیم مصطفى

**بەڕێوەبەری نووسین:**

عبدالخالق صابر (هێمن حەساری)

**دەستەی نووسەران:**

پ.ی.د سیروان انور
پ.ی.د سەرسام خلیل عمر
م.ی. رحمت الله حبیب امین
هەلۆ مجید

**تەکنیککاران:**

فیروز على فرج
شاخەوان رضا احمد
هەڵگورد یوسف



**ناونیشان:**

هەولێر - ڕێگەی کەرکوک
پەیمانگەی تەکنیکی کارگێڕی هەولێر
بەشی تەکنیکی میدیا
poly.magazine@epu.edu.iq



* گۆڤاری (پۆلیتەکنیک مەگەزین) لەسەر ئەرکی سەرۆکایەتی زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر - بڵاودەبێتەوە.

www.epu.edu.iq


## پەیامی گۆڤار:

ڕۆشنبیربوون و ڕۆشنبیری، کەڵەکەبوونی زانست و زانیارییە بۆ خزمەتی گشتی کۆمەڵگە..

## ئامانجی گۆڤار:

* ئامانجی گۆڤاری (پۆلیتەکنیک مەگەزین)، بڵاوکردنەوەی بابەتی هەمەچەشنەی تایبەت بە بواری ڕۆشنبیری گشتییە و زیاتر گرنگی بە بواری میدیا دەدات و کار دەکات لەسەر دەوڵەمەندکردنی هزری خوێنەران.
* ئامانجی بەشداریکردنی مامۆستایان و قوتابیان زانکۆیە بە بڵاوکردنەوەی بابەت و ڕاپۆرت و دیدارو چاوپێکەوتنەکانیان بەرەچاوکردنی ڕێنووسی زمانی کوردی و شێوازو تەکنیکی نووسین..
* ئامانجێکی تری گۆڤار، ئەوەیە کە ببێتە سەکۆیەك بۆ دەربڕینی ڕاوبۆچوونی نووسەران و ئەکادیمیان و قوتابیان و خستنەڕووی بابەتی هەمەچەشنەی فیکری بە مەبەستی خزمەتکردنی ڕۆشنبیری گشتی.


چاپخانەی شەهاب – هەولێر
shahab.printing@gmail.com
0750 448 3863



4

## رۆڵی خوێندنەوە .....

نووسین و خوێندنەوە لەگەڵ شارستانیەت و مرۆڤ بوون پەیوەندیەکی یەکجار توندوتۆڵیان هەیە، هەر خۆی مێژووی مرۆڤایەتی و دروست بوونی.....

8

## چەمکی راگەیاندن و هۆشیاری.....

چەمکی ڕاگەیاندنی ئاسایشی نەتەوەیی، لە کۆتاییەکانی سەدەی بیستەمدا بە شێوەیەکی بەرچاو دەرکەوت وەک چەمکێکی نوێ لە بواری ڕاگەیاندندا....







22

## تایبەتمەندی و رۆڵی کەسی.....

یەکەم//"تایبەتمەندییەکانی کەسی پەیوەندی گشتی گەشتیاری لە دام و دەزگا گەشتیارییەکان" ڕۆڵی پەیوەندی گشتی لەناو گشت دام و دەزگاکان....

50

## ئاڵنگارییەکانی بەردەم.....

لە سەردەمی ئەمڕۆدا ڕۆژنامەنووسانی ئافرەت بەشێکی گرنگن لە نێو ڕاگەیاندن، هەوڵدەدەن کە دیدگا و بابەتەکانیان جێی سەرنج بن، بێگومان ئەم بوارەش....



# سەوزکردنی خوێندنی تەکنیکی و پیشەیی و پەیوەندیی بە دابینکردنی پێداویستیەکانی بازاڕی کار




پ.د. ادریس محەمەد تاهیر هەرکی
سەرۆکی زانکۆ


**لە زۆربەی وولاتانی پێشکەوتوو هەوڵەکانیان بۆ سەوزکردنی خوێندنی تەکنیکی و ڕاهێنانی پیشەیی بەهێزتر کردووە...**

لەنێو ئەو زاراوانەی، کە لەم ساڵانەی دواییدا تێبینی دەکرێت، لەژێر ڕۆشنایی گرنگیدان بە سیستەمی ژینگەیی و کاریگەری گۆڕانکاریەکانی کەش و هەوا لەسەر زەوی و دوورکەوتنەوە لە پاشماوەکانی پیشەسازی و عەقڵانیکردنی پەرەسەندنی بەکارهێنانی جۆرەکانی ووزە، هێما و دروشمی (سەوزکردن)ی وەک ووزەی سەوز، ئابووری سەوز، بینا سەوزەکان، گواستنەوەی سەوز و کشتوکاڵی سەوز و هیتریش ناویان دێت، ئابووریناسانی پەروەردەییش لە وولاتانی پێشکەوتوودا، دەستیان کردووە بە وەرگرتن و بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا لەسەر دەزگاکانی پەروەردەیی و فێرکردن بە ئامانجی پاراستنی ژینگە و بەشداریکردن لە کەمکردنەوەی بارگرانی لەڕووی دارایی و کات. بۆ ئەم مەبەستەش، دەستەواژەی سەوزکردنی پرۆگرامەکانی خوێندن و سەوزکردنی پەروەردە و زانکۆی سەوز لەم دواییانەدا وەک پرۆژەی داهاتوو سەریهەڵداوە.

پەروەردەی سەوز یان سەوزکردنی پەروەردە، یان ئەوەی پێی دەگوترێت قوتابخانەی سەوز، زانکۆی سەوز، یان سەنتەری توێژینەوەی سەوز، پەروەردەیەکی مۆدێرنە، کە بەدوای گەشەپێدانی بەردەوامدا دەگەڕێت، هاوسەنگ لەگەڵ گەشەسەندنی تەکنەلۆژیادا، بەسوود وەرگرتن لەو تەکنەلۆژیا پێشکەوتوانە بەپێی ستانداردە ژینگە دۆستەکان لەهەموو بوارەکانی پەروەردە و خوێندن و توێژینەوە و کارگێڕی و پەروەردەیی بە کاراییەکی بەرز و دەرئەنجامی جیاواز. بەم شێوەیە دوو بەش پەرەپێدەدات: ئەو بەشەی پەیوەستە بە بەرنامە ژینگەییەکانەوە، وەک بینا، ووزە، سەوزکردن و خزمەتگوزاری، کە لە زۆرێک لە وولاتانی جیهاندا دەبینرێت. بەشەکەیتر هەموو شتێکە، کە تیشک دەخاتە سەر پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن بە تەکنیک و بەکارهێنان و پراکتیزەکردنی و ستراتیژیەتی پەیوەست بە چەمکی پەروەردەی سەوز، کە ئەم بەشەیان زۆرێک لە وولاتان لە دامەزراوە و سیستەمە پەروەردەییەکانی خۆیاندا دەستیان پێکردوە.

سوودەکانی ئەم سیستەمە بریتین لە وەرگرتنی تەکنیکەکان بۆ عەقڵانیکردنی بەکارهێنانی ووزە، هەروەها بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای پەروەردەیی بە شێوەیەکی ژینگەیی و ئابووری دروست و سوودمەند بوونێکی کاریگەر لە تەکنەلۆژیا پەروەردەییە مۆدێرنەکان، کە زۆرترین کاریگەرییان هەیە لەسەر: کوالێتی پەروەردەیی، فراوانکردنی هۆشیاری قوتابیان، پەیوەندی ڕاستەوخۆ و چالاک لە نێوان قوتابی و مامۆستا، پەرەپێدانی تواناکانی داهێنان و بیرکردنەوە و دەوڵەمەندکردنی زانیارییەکانی قوتابی و دوورکەوتنەوە لە ڕۆتینی فێربوونی تەقلیدی، هەموو ئەمانە لە چوارچێوەی ژینگەیەکی تەندروست و سەلامەتدا.

لە زۆربەی وولاتانی پێشکەوتوو هەوڵەکانیان بۆ سەوزکردنی خوێندنی تەکنیکی و ڕاهێنانی پیشەیی بەهێزتر کردووە، بە مەبەستی دابینکردنی پێداویستیەکانی بازاڕی کار، کە بە خێرایی دەگۆڕێت. زۆر بژاردەی

پەروەردەیی و ڕاهێنان دابینکرا بۆ ئەوەی لەگەڵ پێداویستییەکانی بازاڕی ناوخۆیی و جیهانیدا بگونجێت. هەروەها بازنەی خوێندنی تەکنیکی و پیشەیی فراوانترکراوە بۆ ئەوەی بوارە پیشەییە گرنگەکانیتر لەخۆ بگرێت، لەوانە: تەکنەلۆژیای زانیاری، تەکنەلۆژیای ئەندازیاری، تەکنەلۆژیای ئۆتۆمبێل، پیشەسازی خۆراک، تەندروستی و پەرستاری، گەشتیاری و میوانداری، کشتوکاڵ و ئاژەڵداری و پیشەکانیتر. هەروەها لە زۆربەی وولاتان کاردەکرێت بۆ پەرەپێدان و مۆدێرنکردنی ستانداردە پەروەردەییەکان و باشترکردنی کوالێتی ڕاهێنان و فێرکردنی پیشەیی، ئەمەش چانسی بەدەستهێنانی هەلی کاری پاداشتبەخش زیاد دەکات و ئاستی ژیانی ئابووری بۆ تاک و کۆمەڵگە بە گشتی باشتر دەکات.

سەوزکردنی خوێندن و ڕاهێنانی تەکنیکی و پیشەیی، ئامانجی دابینکردنی کارامەیی سەرەتایی و پێشکەوتووە بۆ گەنجان و گەورەکان، بەهەمان شێوە، ئامانجی هاوسەنگی لەگەڵ گەشەسەندنی جیهانی و یارمەتیدانە بۆ زیادکردنی هەلی کار و باشترکردنی داهات.

بۆ دڵنیا بوون لە گەیشتن بە ئامانجە دیاریکراوەکان، بەرنامەی تایبەت پێویستن، کە بریتین لە گۆڕانکاری لە بەشە زانستیەکانی خوێندنی تەکنیکی پیشەیی و کردنەوەی بەشی زانستی تازە و ڕاهێنانی مامۆستایان و ڕاهێنەران، ئەمانە و شانبەشانی نوێکردنەوەی پرۆگرامەکانی پەروەردە و خوێندنی تەکنیکی پیشەیی و هەروەها تەکنیکەکانی بەکارهێنراو لە ڕاهێنانەکاندا، ئەمە جگە لە دابینکردنی ئامرازی پەروەردەیی و فێرکردن و ئامێری تەواو و مۆدێرن.

هەنگاوی بەهێزکردنی خوێندن و ڕاهێنانی پیشەیی و تەکنیکی سەوز، بە ئامانجی بەرزکردنەوەی تواناکان و لێهاتوویی کرێکاران و زیادکردنی هەلی کار، گەشەپێدانی ئابووری، زیادکردنی بەرهەمهێنان و کارایی لە شوێنی کاردا. هەروەها بۆ مەبەستی بەرزکردنەوەی ئاستی پێشکەوتن و داهێنانە لە بوارە جیاوازەکاندا. جگە لەمانە پێدانی زانیاری و ڕاهێنانە بە قوتابیان و فێرخوازان لەسەر بەدەستهێنانی بەردەوامی ژینگەیی، بە بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای مۆدێرن، کە یارمەتیدەرە بۆ پاراستنی ژینگە و ئامادەکردنیان بۆ کارکردن لە بوارەکانی ووزە و بیناسازی سەوز و پیشەسازییە ژینگەییەکانی دیکە. بۆیە پێشخستنی سەوزکردنی خوێندنی تەکنیکی و ڕاهێنانی پیشەیی، هەنگاوێکی جەوهەری پێکدەهێنێت بەرەو داهاتوویەکی بەردەوام و ژینگەیەکی تەندروست، بەمەش بەشدار دەبێت لە باشترکردنی واقیعی ئابووری و کۆمەڵایەتی و ژینگەیی بەگشتی و کەمکردنەوەی کاریگەرییەکانی گۆڕانکارییەکانی کەش و هەوا لەسەر زەوی و ژینگە. هەر بۆیە پێویستە گرنگی بە سەوزکردنی خوێندنی تەکنیکی و ڕاهێنانی پیشەیی بدرێت.

**سەوزکردنی خوێندن و ڕاهێنانی تەکنیکی و پیشەیی، ئامانجی دابینکردنی کارامەیی سەرەتایی و پێشکەوتووە بۆ گەنجان و گەورەکان...**





# رۆڵی خوێندنەوە
# لە بنیاتنانی مرۆڤبوون و پێگەیشتن

م. شاکر رضا - سەرنووسەر

**ئەوەی دەزانێ بخوێنێتەوە مەرج نیە لە پەیام و ئامانجی نووسراوەکە بگات، چونکە هونەر لە زانینی خوێندنەوە نیە، بەڵکو هونەر لە تێگەیشتنی ئەو ئامانجەیە...**

نووسین و خوێندنەوە لەگەڵ شارستانیەت و مرۆڤ بوون پەیوەندیەکی یەکجار توندوتۆڵیان هەیە، هەر خۆی مێژووی مرۆڤایەتی و دروست بوونی شارستانیەت لەو کاتەوە دەستی پێکرد، کە نووسین داهێنرا لەلایەن سۆمەریەکانەوە و دواتریش گواستراوە بۆ تەواوی گۆشە و کون و کەلەبەرەکانی ئەم جیهانە.

نووسین بۆ ئەوە داهێنرا، کە لە لایەن کەسانێک بخوێنرێتەوە بە ئامانجی گەیاندنی زانیاریەک یان پەیامێک یان هەواڵێک، هەروەها بۆ مانەوەی تۆماری ڕابردوو بوو بۆ خزمەتی داهاتوو، بێگومان لەبەرامبەر ئەم نووسینە کەسانێک هەبوون، دەیانتوانی بیخوێننەوە، کەواتە بە زمانێکی زۆر سادە لەدێر زەمانەوە ئەوانەی دەیانتوانی بخوێننەوە، زانیاریەکی زیاتریان لە لا بوو لەوانەی، کە نەیاندەتوانی بخوێننەوە، لێرەدا ئاماژەمان بەوەکرد (ئەوانەی دەیانتوانی بخوێنەوە) نەمانگووت ئەوانەی دەیانزانی بخوێننەوە، چونکە جیاوازی هەیە لەنێوان ئەوەی دەتوانێ و ئەوەی دەزانێ، لەبنەڕەتدا ئەوەی دەتوانێ لە مانا و مەبەست و پەیامی خوێنراوەکە دەگات و لێکدانەوە و شیکردنەوەی بۆ دەکات، ئەمە ئەوەیە، کە ئێمە مەبەستمانە لە ووتارەکەمان، بەڵام ئەوەی دەزانێ بخوێنتەوە مەرج نیە لە پەیام و ئامانجی نووسراوەکە بگات، چونکە هونەر لە زانینی خوێندنەوە نیە، بەڵکو هونەر لە تێگەیشتنی ئەو ئامانجەیە، کە تێکستەکە بۆی نووسراوە، ئەویش بریتیە لەو پەیامەی لە پشت نووسینەکە هەیە، ئەوەشمان با لە لا ڕوون بێت، کە هەموو نووسینێک پەیامێکی لە پشتە بۆ خزمەتی ئامانجێک، کە پێی دەگووترێت گووتار.

یەکەم بەرهەمی دەستی مرۆڤیش، کە بریتیە لە داستانی (گلگامێش)، کۆمەڵێک چیرۆک و ڕووداوی ئەفسانەییمان بۆ دەگێڕێتەوە، بەڵام لەپشت ئەو چیرۆکە ئەفسانەییانە پەیامێک و گووتارێک هەیە، کە دەیەوێت پێمان بڵێ، ئەگەر مرۆڤێک بیەوێت بە نەمری بمێنێنتەوە دەبێ کاری باش و مرۆییانە ئەنجام بدات تا ناوی بۆ هەمیشە بە زیندوویی بمێنێتەوە، ئەوەش تاکە ڕێگەیە بۆ مانەوەی مرۆڤ بە نەمری.

کەواتە لەگەڵ بەرەبەیانی مێژوو، خوێندنەوە خزمەتی بیر و تێگەیشتن (المعرفه--Knowledge)ی کردوە و پێگە و پلەی بە مرۆڤەکان بەخشیوە، لە هەموو بارودۆخ و قۆناغەکانی ژیانیش مرۆڤ نەیتوانیوە خۆی بەدوور بگرێت لە گرنگی خوێندنەوە و تێگەیشتن، هەمیشە چ وەک تاک چ وەک کۆمەڵگە چ وەک دەسەڵاتی ڕامیاری، ئا یینی ،



ئابووری ... هتد پێویستی بە خوێندنەوە هەبووە بۆ بەرەو پێشچوون و باشتر بوون.

کۆمەڵگە پێشکەتووەکانیش لەڕێگەی خوێنەوارەکانەوە گەیشتونەتە ئاستی باڵا و لەسەر بنچینە و بیرۆکەی خوێنەوارەکانیش هەنگاویان ناوە و جیاوازیان دروستکردوە، باشترین بەڵگەشمان کۆمەڵگەی کۆنی یۆنانی و میزۆپۆتامیا و م×ریە، کە ئەوەی مرۆڤە خوێنەوارەکانی ئەم سێ شارستانیەتە بەرهەمیان هێنا، بووە داینەمۆی پێشکەوتنی مرۆڤایەتی و دەستپێکی ژیانێکی جیاواز بۆ تەواوی مرۆڤەکان، مێژووش لەگەڵ دەستپێکی نووسین دەست پێدەکات و لەگەڵ خوێندنەوەی ڕەمز و هێماکان، زانیاری و هەواڵی مرۆڤەکانی پێشوومان زانی.

لەوانەیە هەندێجار بڵێن سوودی ئەوانەی پێشوو چییە بۆ ئێستای ئێمە؟ بێگومان ئەمە پرسیارێکی هەڵەیە، چونکە مرۆڤ و کۆمەڵگەی مرۆیی هەر لە سەرەتاوە تا ئێستا تەواوکەری یەکترین و ئەوەی ئێستاش تەواوکەر و ڕێنیشاندەری داهاتووە، واتا هەر نەوەیەک دێت و بەردێک دەخاتە سەر دیواری شارستانیەت و دوای چەندین سەدە شارستانیەتەکە دەگاتە لوتکە و دواتر هەر نەوەی ئەو مرۆڤەیە لەشوێنێکیتر شارستانیەت بنیات دەنێ، واتا شارستانیەتیش تەنێکی گوازراوەیە بەڵام کارەکتەرەکەی مرۆڤە و مرۆڤیش لە بازنەیەکدا دەخولێتەوە بە هەندێک گۆڕانکاری جەوهەری و نەوە دوای نەوە بۆ یەکتری بەجێدەهێڵن وەک میرات.

خوێندنەوە و نووسین و شارستانیەت، هاوتەریب هەنگاویان ناوە، ئەو کاتەی نووسین سەرەتایی بوو، خوێندنەوەش سەرەتایی بوو، پێشکەوتن و شارستانیەتیش سەرەتایی بوو، بەڵام لەگەڵ پێشکەوتن و گۆڕان لە جەوهەری نووسین و خوێندنەوە، شارستانیەت و پێشکەوتنیش هەنگاوی خێراتری نا، بەڵگەش ئەوەیە لەماوەی 200 ساڵی ڕابردوو مێژووی شارستانیەت و پێشکەوتن و مرۆڤایەتی گەیشتە قۆناغێکی یەکجار پێشکەوتوو و سەرسوڕهێنەر، بەجۆرێک زۆر بەخێرایی گۆڕانکاریەکان ڕوودەدەن، هەموو ئەمانەش لەڕێگەی خوێندنەوە و لێکدانەوە و شیکردنەوەیە، کە لەپاڵ خوێندنەوەی تێکست، خوێندنەوەی جەستە و خوێندنەوەی چاو و خوێندنەوەی هەست و خوێندنەوەی وێنەش هاتە کایەوە، بۆ هەموو شتێک کۆد هاتە ئاراوە، ئێستا لە قۆناغێکین دەتوانرێت کۆمەڵێک خوێندنەوەمان بۆ بکرێت بەبێ ئەوەی قسە بکەین! لەکۆتا جۆری خوێندنەوەش ژیری دەستکردە، ئەگەر زۆر بە ووریایی و هۆشیاریەوە بەکارینەهێنین ئەوا لایەنی نەرێنی زیاتر دەبێت لە ئەرێنی، کە ئەمەش بابەتێکی ترە نامەوێ لێرە باسی بکەم.

کەواتە دەتوانین بڵێین، توانای خوێندنەوە باشترە لە زانینی خوێندنەوە، هەبوونی توانای خوێندنەوە، مرۆڤێکی ژیر و هێمن و ئارام و هۆشمەند بەرهەم و دەهێنێت، کە دەتوانێ داناییانە هەنگاو بنێت و بناغەیەکی پتەو بۆ هەر کارێک دابنێت و لەم ڕێگەیەشەوە خزمەتێکی گەورە پێشکەش بە مرۆڤایەتی بکات و لەویشەوە بگوازرێتەوە بۆ دوای خۆی بە زیادە خستنە سەری.

**هەموو ئەو بابەتە خزمەتی هۆشمەندی و دانایی و بیرمەندی دەکات، کە دەتوانین ناوی بنێین شۆڕشی ئەقڵ، بە زمانێکی زۆر سادە...**

هەموو ئەو بابەتە خزمەتی هۆشمەندی و دانایی و بیرمەندی دەکات، کە دەتوانین ناوی بنێین شۆڕشی ئەقڵ، بە زمانێکی زۆر سادە، ئەم شۆڕشە لە ڕێگەی خوێندنەوە (تێگەیشتن) دێتە بەرهەم، هەموو ئەوەی ئێستا دەیبینی بەرهەمی بیرکردنەوە و تێگەیشتنی ئەوانەی پێش ئێمە بوون، ئێمەش زیادەمان خستە سەر و ئەوانەی دواتریش زیاتری دەخەنە سەر و بەردەوام دەبێ و کۆتایی نایە، ئەمە وەڵامێکیش دەبێ بۆ بیردۆزی کۆتایی مێژووی فۆکۆیاما، کە گووتی ئەو سیستەمە کۆتایی مێژووە، نەخێر ئێمە دەڵێین تا یەک مرۆڤ لەسەر زەوی مابێت بیرکردنەوە و خوێندنەوە بەردەوام دەبێت و دەرەنجامەکەش دەبینرێ.

بۆیە خوێندنەوە بە مانا فەلسەفیەکەی سنوورێکی فراوان و دیدگایەکی دوور و درێژی هەیە و تا مرۆڤیش لەسەر زەوی هەبێت بیرۆکە و بیری نوێ سەرهەڵدەدا و خوێندنەوەی جیاواز و لێکدانەوەی جیاواز دێتە کایەوە و هەموو ئەمانەش بۆ خزمەتی مرۆڤە. بە کوردی و بە کورتی تا خوێندنەوەی زیاترمان هەبێت، بەرهەمی زیاترمان دەبێت.





# گرنگی دەرچووانی زانکۆ پۆلیتەکنیکییەکان لە بازاڕی کاردا



پ.ی.د.سەرسام خلیل شوانی
ڕاگری پەیمانگەی تەکنیکی کارگێڕی هەولێر

**وولاتانی پێشکەوتوو لە گشت بوارەکان، بەتایبەت لە بواری پیشەسازی و تەکنەلۆجیا، گرنگییەکی زۆریان بە بواری تەکنیکی و پیشەیی داوە...**

لە سەردەمی ئەمڕۆی پێشکەوتنی جیهان و جیهانگیری و زاڵ بوونی پەرەدایمەکانی بەجیهانیبوون بەسەر لایەنی ژیاری وولاتانی جیهان، بەهۆی پێشکەوتنی مرۆڤایەتی لە گشت بوارەکانی ژیاندا، بەتایبەت لە بواری زانست و زانیاری و پێشکەوتنی تەکنەلۆجیا و بوونی زیرەکی دەستکرد (Artificial intelligence)، گرنگی ئەم دەرچووانە زیاتر بووە، چونکە زانکۆ پۆلیتەکنیکییەکان لەسەر ئاستی گشت وولاتانی جیهان بەتایبەت وولاتانی پێشکەوتوو خاوەن تەکنەلۆجیای سەردەم، گرنگی زیاتریان پێ دەدرێت و ڕاستەوخۆ بەشدارن لە بونیادنان و ئاوەدانی و پێشکەوتنی وولات، ئەویش لە ڕێگای توێژینەوە لەو بابەتانەی، کە ڕاستەوخۆ پەیوەندیدارن بە ژیانی کۆمەڵگە، یاخود ئەو کێشە و ئارێشانەی ڕووبەرووی وولات دەبنەوە، بەتاییەت لە بواری ئاوەدانی و ژیاری و لایەنی تەکنەلۆجیا و پیشەسازی، لە ڕێگای توێژینەوە و لێکۆلینەوە لە بابەتەکان و دیاریکردنی فاکتەر و لایەنە سەرەکیەکانی کێشەکان، کە دەبنە فاکتەرێکی کاریگەر بۆ چارەسەر و دۆزینەوە لە هۆکارەکانیان و سەرئەنجام دەبنە خاڵی وەچەرخان بۆ پێشکەوتنی گشت بوارەکانی ژیانی کۆمەڵگە و ڕاستەوخۆ لە ڕێگای توێژەران و دەرچووانی ئەو زانکۆیانە دەبنە پردی پەیوەندی زانکۆ بە کۆمەڵگە لە هەمان کاتیشدا دەبنە ناوەندێکی سەرەکی بۆ پێشکەشکردنی باشترین دەرچووی خاوەن ئەزموون و گۆشکراو بە زانستی سەردەم

و پێویستی بازاڕ لە وڵاتانی پێشکەوتووی جیهان.

بە سەیرکردنی مێژووی وڵاتانی پێشکەوتوو لە گشت بوارەکان، بەتایبەت لە بواری پیشەسازی و تەکنەلۆجیا، دەبینین ئەو وڵاتانە گرنگییەکی زۆریان بە بواری تەکنیکی و پیشەیی داوە، ئەویش لە ڕێگای ناوەندەکانی خوێندنی پیشەیی و زانکۆ پۆلیتەکنیکییەکان و سەرئەنجام دەرچووانی ئەو جۆرە خوێندنانە ڕاستەوخۆ لە بازاڕی کار دەبنە خاوەن پیشە و کاری خۆیان و هەروەها دەبنە کەسایەتیەکی شارەزا و پسپۆر هەریەکەیان لە بواری تایبەتمەندی و پسپۆری خۆیان، چونکە دەرچووانی زانکۆ پۆلیتەکنیکییەکان لە پرۆگرامەکانی خوێندنیان زیاتر گرنگی دراوە بە بواری پراکتیکی و توێژینەوەی کرداری، بۆیە لە بازاڕی کاردا دەتوانن بە ماوەیەکی کەم ئەزموون و شارەزاییان بخەنەگەڕ لە بواری پێشبرکێی بازاڕ و خۆیان بگونجێنن لەگەڵ پێشکەوتنی بەردەوامی تەکنەلۆجیا، بەپێی پێویستییەکانی بازاڕ توانا و کارامەییە زانستی و کردارییەکان بخەنە خزمەت ڕەوتی پێشکەوتنی وڵات، لە ماوەیەکی کەم زۆرترین بەرهەمیان هەبێت و باشترین خزمەت بە کۆمەڵگە بکەن.

لە هەرێمی کوردستانیش خۆشبەختانە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ گرنگی خوێندنی پیشەیی و تەکنیکی زیاتر دەبێت و لەلایەن حکومەتەوە گرنگی زیاتریان پێ دەدرێت، ئەویش لە ڕێگای کردنەوەی ژمارەیەکی بەرچاوی زانکۆ پۆلیتەکنیکییەکان و هەنگاونان بۆ گرنگیدان بە زانستە پراکتیکی و تەکنیکییەکان بە مەبەستی زیاتر خزمەت کردن بە بونیادنان و پێشکەوتنی وڵات لە ڕێگای دەرچووانی زانکۆ پۆلیتەکنیکییەکان، کە ساڵانە هەزاران دەرچووی خاوەن زانست و بە ئەزموون لە بواری تەکنیکی و پیشەیی لە پسپۆریە جیاوازەکان پێشکەش بە کەرتی حکومی و بازاڕی کار دەکرێت و ئەوانیش دەبنە داینەمۆی بونیادنان و پێشکەوتنی ئابووری وڵات، وێڕای ئەوەش لە سەردەمی ئێستادا ساڵ لە دوای ساڵ گرنگی ئەو زانکۆیانە زیاتر دەبێت و خواستی خوێندن لەلایەن فێرخوازانەوە بۆ زانکۆ پۆلیتەکنیکییەکان زیاد دەکات، چونکە بازاڕی کار پێویستی بەو دەرچووانە هەیە بۆ ئەوەی ئەو زانست و ئەزموونەی بەشێوەیەکی ئەکادیمی لە زانکۆ وەریانگرتووە بتوانن لە بازاڕی کار بەکاری بهێنن لە خزمەت کردن بە وڵات و ببنە کاراکتەرێکی کاریگەر لە بونیادنان و پێشکەوتنی وڵاتدا.

**لە هەرێمی کوردستانیش خۆشبەختانە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ گرنگی خوێندنی پیشەیی و تەکنیکی زیاتر دەبێت و لەلایەن حکومەتەوە گرنگی زیاتریان پێ دەدرێت...**



# چەمکی ڕاگەیاندن و هۆشیاری ئاسایشی نەتەوەیی

نووسینی: د. هاوکار یاسین شەریف
سەرۆکی بەشی تەکنیکی میدیا
پەیمانگەی تەکنیکی کارگێڕی هەولێر



**پەیوەندی نێوان ئاسایشی نەتەوەیی و ڕاگەیاندن واتە بە هەموو جۆراو جۆرەکانییەوە پەیوەندییەکی لکاو و پێکەوەییە...**

چەمکی ڕاگەیاندنی ئاسایشی نەتەوەیی، لە کۆتاییەکانی سەدەی بیستەمدا بە شێوەیەکی بەرچاو دەرکەوت وەک چەمکێکی نوێ لە بواری ڕاگەیاندندا، یان بوارێکی دیکەی نوێ لە بواری ڕاگەیاندنی تایبەتمەندا، کە لەو ماوەیەدا پێ بەپێ لەگەڵ تایبەتمەندییە دەرکەوت و هەنگاوەکانی هەڵدەهێنا و چووە ناو هەموو پیشەکانەوە و وەک چەمکێک، کە بەپێی تێگەیشتنە جیاوازەکاندا مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت. لەگەڵ چەمکی پارچە پارچەبوونی جەماوەر بۆ بوارە جیاجیاکانی ژیان، کە هەر کەناڵێکی تەلەفزیۆن بینەری تایبەتی خۆی هەبێت.

میدیای ئەمنی یەکێکە لەو چەمکە مۆدێرنانەی، کە بۆ لێکۆڵینەوەی بابەتەکانی پەیوەست بە بابەتە ئەمنییەکان گیراوەتەبەر، لە ئەنجامی ئارەزووی میدیا بەرەو تایبەتمەندبوون بۆ خۆڕاگرتن لەگەڵ ئەو پێشکەوتنانەی، کە چەمکی ئاسایشی بەدەستی هێنا، کە دواتر فراوانتر بوو و هەموو کایەکانی ژیانی گرتەخۆ و چیتر سنووردار نەبوو وەکو پێشتر، کە تەنها بەچەمکی کلاسیکی (سەربازی)یەوە خەریک بێت، بەڵکو ئێستاکە چەمکی نوێی ئاسایش هاتۆتە گۆڕەپانەکە تا ئەو ڕادەیەی پێی دەگوترێت ئاسایشی گشتگیر، بۆیە پێویست بوو میدیاییەکی تایبەتمەند هەبێت بۆ چارەسەرکردنی پێشکەوتنەکان و دەرکەوتنی ئەم دواییەی میدیای ئاسایشی نەتەوەیی.

پەیوەندی نێوان ئاسایشی نەتەوەیی و ڕاگەیاندن پەیوەندییەکی لکاو پێکەوەییە، میدیا بە هەموو جۆراوجۆرەکانییەوە ڕۆڵێکی دیارو پڕ بایەخ دەبینێت و بەشێوەیەکی کاریگەر، کاریگەری لەسەر بڵاوکردنەوەی زانینی ئاسایشیدا هەیە و یارمەتی کاری دەزگا ئەمنییەکانیش دەدات لە هەموو ئاستەکاندا، میدیا بێ ڕکابەرە لەبەجێگەیاندنی گەورەترین ڕۆڵ لە هۆشیاریدان بە لایەنە ئەمنییەکان لە ڕێگەی ڕومالکردنی میدیاییەوە.

هۆشیاری ئاسایشی نەتەوەیی، چەمکێکی گشتگیرە و پەیوەندی بە هەموو کایەکانی ژیانەوە هەیە، نەک تەنیا بۆ دەزگایەک بەڵکو پەیوەستە بە هەموو دەزگایەکی ترەوە، هەروەها پەیوەست نییە تەنها بە تاکێکی کۆمەڵگە، بەڵکو پەیوەستە بە بەرپرسیارێتی تەواوی کۆمەڵگەشەوە. ئاسایشی نەتەوەیی مانای ئەوە نییە، کە کۆمەڵگە تاوان و توندوتیژی تێدا نییە، بەڵکو مەبەست لێی کەمکردنەوەی ڕێژەی تاوانە و ڕێگرتنیەتی پێش ئەوەی ڕووبدات یاخود لەدووبارە بوونەوەی، ئەمەش دەستەبەر نابێت تاکو هەماهەنگی لەنێوان

هە مو و



ئەندامانی کۆمەڵگە و دامەزراوەکان نەیەتەدی و هاوکاری یەکتر نەبن و دەزگاکان نەبنە سەکۆیەک بۆ رۆشنبیرکردنی تاکەکانی کۆمەڵگە. هۆشیاری ئاسایشی نەتەوەیی تەنها لە ئەستۆی دەوڵەت و دامەزراوەی ئەمنییەکانی نییە، بەڵکو ئەوە ئەرک و بەرپرسیاریتی هەموانە و ئاسایش و سەقامگیری کۆمەڵگە دەکەوێتە سەر شانی یەکە یەکەی تاکەکانی کۆمەڵگە، تاکو ئەمن و ئاسایش بەرقەرار بێت و پارێزگاری لە ئارامی و سەقامگیری وڵات بکرێت.

کاری راگەیاندنی ئاسایشی نەتەوەیی سێ لایەنی سەرەکی لەخۆ دەگرێت کە بریتیە لە:-

- هۆشیارکردنەوەی جەماوەر و بەرچاو روونیان لە مەترسییەکانی تاوان.
- هاندانی جەماوەر بۆ هاوبەشیکردنیان لەگەڵ پیاوانی ئاسایش و بەشداریکردنیان لە وەستانەوەیان لەدژی تاوان و لادان.
- بەدەرخستن و زەقکردنەوەی لایەنی ئەرێنی پیاوانی پۆلیس و رۆڵی کۆمەڵایەتیان.

بەرپرسیارێتی راگەیاندنی ئاسایشی نەتەوەیی بە پلەی یەک بەرەو ئەو ئاراستەیە هەنگاو دەنێت، کە کەشێکی ئاسایشی جێگیر دروست بکرێت لەرێگەی هاوکاری ئەرێنی نێوان پیاوانی ئاسایش و تاکەکانی کۆمەڵگە، لەو رووەوە کە هەست و نەستێکی لەلای هاووڵاتی دروست بکرێت، کە سەلامەتییەک لەسەر خۆیان و بەرژەوەندییەکانیاندا هەیە، بەڵام ئەوەی لەسەر ئەوانە، کە بزانن ئاسایش بەرپرسیارێتیەکی هاوبەشە، هەموان لەسەر پشتی یەک کەشتین، بۆیە دەبێت هەموو بە ئاگا بین و هۆشیار بین، لە هەر هەڵەیەک دەبێ هاووڵاتی بەشدار بێت بۆ راستکردنەوەی و بەرژەوەندی گشتی و بایەخی ئاسایشی کۆمەڵگە لەبەرچاو بگیرێت، ئەگەر هەموو ئەمانە درک پێ بکەین، ئەوا هەمووان لەسەر پشتی ئەو کەشتیە رزگارمان دەبێت، ئەگەر زریانیش بێتە رێی گەشتی ژیانمان و ئەگەر تەنها کەسێک بووە هۆی راگرتنی ئەو هاوبەشیە، ئەوا مەترسیەکەی بۆ هەمووان دەبێت نەک بەتەنها بۆ ئەو کەسە.

گرنگی راگەیاندنی ئاسایشی نەتەوەیی لەوەوە دەردەکەوێت بەهۆی ئەو رۆڵەی، کە کۆمەڵگە لەسەر شانی داناوە بەرامبەر بە بەرپرسیارێتی هۆشیاری ئاسایشی، ئەوەش بەهۆی ئامرازەکانی راگەیاندنی بینراو و بیستراو و نووسراو، کە بەئەمانەتەوە راستیان پێشکەش بە جەماوەر دەکەن، هەروەها راگەیاندنی ئاسایشی نەتەوەیی بە ئەرکی نزیککردنەوەی مەودای نێوان زانینی زانستی ئاسایشی و هۆشیاری و رۆشنبیری گشتی هەڵدەستێت و بەرچاو روونی تاکەکانی کۆمەڵگە دەکات بۆ هەر کارێک و رووداوێک و هەواڵێکی نوێ و پێشکەشکردنی هەموو جۆرە زانیارییەک. ئەرکی راگەیاندنی ئاسایشی نەتەوەیی زۆرن دەکرێ پۆلێن بکرێن لەسەر بنەمای بواری جوگرافی یاخود لەرووی جۆرییەوە وەکو (بینراو و بیستراو و نووسراو)، یانیش پۆلێن بکرێن لەرووی ئەرک گشتی و تایبەتی.

لەگەڵ جیاوازی پلەی وڵاتان و رێژەی پێشکەوتنیان، نزیک لە رێکەوتنێکی هاوبەشی هەیە لەسەر گرنگی راگەیاندن لە ژیانی رۆژانەی گەلان، وای لێهاتووە گرنگی و بایەخی بەتایبەتی راگەیاندنی ئاسایشی نەتەوەیی گفتوگۆ هەڵناگرێت، ئەوەش نییە کە بڵێین ئامرازەکانی راگەیاندن کارەکانی خۆیان فەرامۆش کردبێت، بەڵکو کاری خۆیان دەکەن و ئەمجا کاری راگەیاندنی ئاسایشی نەتەوەیی دەگێرن بۆ پێشکەشکردن و گەیاندنی بابەتی وردی دەزگا ئەمنیەکان، کە پێشکەشی هاووڵاتیانی دەکەن بە ئامانجی بەرزکردنەوەی هۆشیاری ئاسایشی کۆمەڵگەکان، بەتایبەتی بۆ ئەو کۆمەڵگایانەی، کە تازە پێگەیشتوون و پێویستیان بە باشترکردنی ژیانیانە بەرەو باشتر، تاکو بزانن گرفتە سەرەکی و بنەرەتییەکانی بواری ئاسایشی چین، هەروەها راگەیاندنی ئاسایشی نەتەوەیی هەڵدەستێت بە وزە و هێزی ەشداربووانی جەماوەر بۆ خزمەتی پرسەکانی ۆمەڵگەی ئاسایشی و لەو رووەوە، کە راگەیاندن وبۆچوونەکانی نزیک دەکاتەوە و رایەکی گشتی یمچە یەکتایی دروست دەکات لەبەرامبەر هەر پرس و دۆزێکی ئاسایشی و پاڵپشتی هەوڵە فەرمییەکانی پشتگیری ئەو رووبەروو بوونەوە دەکات.

**کاری راگەیاندنی ئاسایشی نەتەوەیی سێ لایەنی سەرەکی لەخۆ دەگرێت: (هۆشیارکردنەوەی جەماوەر، هاندانی جەماوەر، دەرخستنی لایەنی ئەرێنی پیاوانی پۆلیس)...**



# کارامەییەکانی ڕازیکردن



پ.ی.د. ئازاد ڕەمەزان
مامۆستا لە بەشی تەکنیکی میدیا

**لە کۆنەوە بابەتی ڕازیکردن و ڕازیبوون بابەتێکی گرنگ بووە و جێگای بایەخی زانایان بووە. هۆکارێک بووە بۆ بەرگریکردن لە خود و لە کۆمەڵ...**

## چەمک و پێناسە :

هەبوونی زانیاری دەربارەی شێواز و ڕێگاکانی ڕازیکردن لە بواری ڕاگەیاندن، سیاسەت، کۆمەڵایەتی، بازارگەری...هتد، زۆر پێویستە. پرۆسەی ڕازیکردن پرۆسەیەکی هەمەچەشنە، کە زۆربەی کایەکانی ژیان دەگرێتەوە، واتا تەنیا تاک ناگرێتەوە، بەڵکو ڕازیکردن کۆمەڵە و دەزگا و پێکهاتە و....هتد، دەگرێتەوە.

لە کۆنەوە بابەتی ڕازیکردن و ڕازیبوون بابەتێکی گرنگ بووە و جێگای بایەخی زانایان بووە. لە سەردەمی کۆندا هۆکارێک بووە بۆ بەرگریکردن لە خود و لە کۆمەڵ، لەم سەردەمەشدا ڕازیکردن بووەتە بناغەی بانگەشەی ڕیکلامکردن بۆ بازرگانی و سیاسەت و ئایین....هتد، لەگەڵ هەبوونی پێوەندییەکی بەهێزی بە هۆکارەکانی ڕاگەیاندنەوە، کە ئەمڕۆ بۆ کاریگەری و ڕازیکردن بەکاردێت.

زاراوەی ڕازیکردن لە زمانی ئینگلیزیدا بە (persuasion) هاتووە، کە ڕەچەڵەکەکەی لاتینییە لە دوو بڕگە پێکهاتووە، ( per ) واتا سۆز، یان هەڵچوون و وشەی ( suadere ) واتا هاندان، واتا وا لە کەسێک بکەیت شتێک بکات، یان کارێک ئەنجام بدات لە ڕێگای هاندانی سۆز، یان هزری ئەو کەسە. لە زمانی کوردیشدا زاراوەی ڕازیکردن، یان قایلکردن بەکاردێت.

لە پێش سەرهەڵدانی هۆکار، یان ئامرازەکانی ڕاگەیاندن، زاراوەی ڕوونبێژی کە ئاماژەیە بۆ هونەری بەکارهێنانی زمان بە مەبەستی کاریگەری کردنەسەر بڕیار و ئاکاری کەسانی تر و لەوسەردەمەوە، کە دەنگی مرۆڤ تاکە هۆکار بووە بۆ پێوەندیکردن و بەکارهێنانی بۆ ڕازیکردنی کەسانی تر، ئەم کارامەییە زۆر گرنگ بووە بۆ ئەو سەردەمە لە کاتێکدا، کە کۆمەڵگاکان بەرەو فراوانبوون و زیادبوون ڕۆیشتوون، هونەری ڕازیکردنی زارەکی بە زمانی پاراو پەرەیسەندووە، بە تایبەتی لە یۆنان و ڕۆما، ئەم هونەرە کارامەییەکی گرنگ بوو بۆ بردنەوەی مژار لە دادگاکاندا، هەروەها پێشکەشکردنی ڕاوسەرنج لە یانە سیاسییەکاندا، کە هەتاکو ئەمڕۆش ڕازیکردن لەم ڕێگایەوە گرنگە.

ڕازیکردن لە ڕێگای هەوڵ و ماندووبوونێکی بەردەوام دەستەبەر دەبێت، ئامانجی ڕاکێشانی مەیل و ئارەزووی هزر و سۆزە، یان تەنیا یەکێکیانی کەسێک بە ڕێگای ڕاستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆ، کە پێویستە لە پێشدا ئامادەکاری و پلانی بۆ داڕێژرابێت، تاکو نێرەر بتوانێت بەسەر ئەو بەربەستانەدا زاڵبێت، کە دێنە ڕێگای جێبەجێبوونی ئامانجەکانی پرۆسەی ڕازیکردن.

## ئەم پرۆسەیە دوو لایەنی سەرەکی هەیە:

**یەکەم:** پشت بەو ستراتیژییە ڕەمزییانە دەبەستێت، کە سۆز کە سۆز لەلای تاکی بە ئامانجگیراو دەورووژێنن.

**دووەم:** پشت بەو ستراتیژییە ڕەمزییانە دەبەستێت، کە مەیل و سەرنجڕاکێشانی هزر و مەنتیق لەلای تاکی بە ئامانجگیراو دەورووژێنێ.

جۆری سێیەمیش ئەوەیە، کە لە یەک کاتدا هەردووکیان بە یەکەوە دەبەستێتەوە. ( القدرە

الاقناعیه لوسائل الاعلام الدولی )، بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی ئەم زاراوەیە، زانایان و شارەزایان پێناسەی زۆریان بۆ کردووە، هەندێکیان دەخەینە بەرچاو:

- ڕازیکردن بریتییە لە پڕۆسەیێکی هزری، کە لایەنێک هەوڵدەدات لایەنێکی تر بخاتە ژێر کاریگەری خۆی بە مەبەستی ڕازیکردنی بۆ ملکەچ بوونی بۆ بیرۆکەیەک.
- ملکەچ بوونی بیروڕای لایەنێک بۆ بیروڕایەکی ئامانجداری کەسی بەرانبەر، کەواتە ڕازیکردن پڕۆسەیەکی ئامانجدارە و ئامادەکاری و پلانی بۆ دادەڕێژرێت، لەوانەیە ڕازیکردنەکە بە دانیشتنێک، یان زیاتر جێبەجێ ببێت، یانیش ماوەیەکی زۆری بوێ بە تایبەتی لە مژارە گەورەکانی نێوان وڵاتان.

**لە بواری ڕاگەیاندندا بەم شێوەیە پێناسەی ڕازیکردن کراوە:**

- ڕازیکردن بریتییە لە پێوەندیکردنێکی نووسراو، یان زارەکی، یان بیستراو، یان بینراو، بە شێوەیەکی دیاریکراو، ئامانجی کاریگەریکردنە بۆ سەر ئاراستە و بیروبۆچوون و ئاکار، هەروەها هێزێکی بەکارهاتووە بۆ ئەوەی کەسێک، یان کۆمەڵە کەسێک...هتد ئاراستە بکرێن بۆ ئەنجامدانی کارێک لە ڕێگای ئامۆژگاری و ئەرگۆمێنت و مەنتقەوە.
- ولبەر شرام و دۆنالد ڕۆبرت، لە پێناسەی ڕازیکردندا دەڵێن: بریتییە لەو هەوڵە ڕێکخراوە پلان بۆ دارێژراوەی، کە هۆکاری جیاجیای تێدا بەکاردێت بۆ کاریگەریکردنەسەر بیرڕاو بۆچوونی کەسانی تر، بە جۆرێک کە ڕازیبکرێن بە قبوڵکردنی بیرۆکەی نێرەر دەربارەی بابەتێکی دیارکراو.

**گرنگی ڕازیکردن :**

بابەتی ڕازیکردن و ڕازیبوون لە ڕووی هزر و پیادەکردندا، لە کۆنەوە بابەتێکی گرنگ و جێگای سەرنج و تێڕوانینی توێژەران بووە و هەوڵیان داوە تێیبگەن و کۆنترۆڵی میکانیزمەکانی بکەن. ئەمە ڕاستییەکە ناکرێت پشتگوێ بخرێت، کە لە ژێر سایەی ئەو هەموو زانیارییانەی ڕۆژانە هەموو تاکێکی کۆمەڵ لە سەرچاوە و بوارە جیاجیاکاندا وەریاندەگرێت، هەروەها لە ژێر سایەی ململانێی بێ کۆتایی بۆ دەستەبەرکردنی ڕازیکردن و پشتگیری لەم سەردەمەدا، بۆ ئەمڕۆ فێربوون و ئاشنا بوون بە هونەری ڕازیکردن و پشتگیری بۆتە بابەتێکی گرنگ، بە تایبەتی ئێستا هەموو چالاکییەکانی مرۆڤ لەخۆ دەگرێت و جێگای بایەخ و گرنگییەتی بەپێی ئەو ئەنجامانەی، کە توێژەری کۆمەڵایەتی (کاتلین ریدۆن) لەو توێژینەوەیەی دەربارەی گرنگی ڕازیکردن ئەنجامی داوە، وای دەبینێت کە مرۆڤ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە و پێویستی بەوەیە، کە هاودەمی کەسانی دەوروبەری

**ڕازیکردن پڕۆسەیێکی هزرییە لایەنێک هەوڵدەدات لایەنێکی تر بخاتە ژێر کاریگەری خۆی بە مەبەستی ڕازیکردنی بۆ ملکەچ بوونی بۆ بیرۆکەیەک...**



خۆی بێت و لە لایان کەسێکی قبوڵکراو بێت، ئەم پێویستییەش هەستی پێناکات و جێبەجێ نابێت ئەگەر هاتوو ڕەوشت و هەڵسوکەوتی پێچەوانەی ئامانجەکانی ئەوانی تر بێت، لێرەدا ڕازیکردن ڕۆڵ دەبینێت، کە مرۆڤ لە ڕێگایەوە هەوڵدەدات ڕەوشت و ئاکارەکانی ئەوانی تر بگۆڕێت.

هەروەها گرنگی ڕازیکردن لە گەلێک بابەتی تردا دەردەکەوێت وەکو، گوتاردان و بانگەشەی هەڵبژاردن و سیاسەت و کێشە و بۆنە کۆمەڵایەتییەکان....هتد، لە بواری پەروەردە و فێرکردندا ئاڵۆزترە، گەلێک شێوازی پەروەدە وفێرکردنی مادی و مەعنەوی دێنە ناو پڕۆسەکە لە پێناو ڕازیکردن و ڕازیبوون لە ڕێگای هزر و مەنتقەوە بە مەبەستی ئامادەکردنی مرۆڤ بۆ بەکارهێنانی هزر و بیروهۆشی بەرانبەر هەربیرۆکەیێک کە دەخرێنەڕوو، ئەگینا دەبێتە بابەتێکی تێنەگەیشتوو و بێ بایەخ ، کەواتا ڕازیکردن یەکێکە لە کارامەییە گرنگەکان و پێویستە شارەزای بین، تاکو بە هۆیەوە مامەڵە لەگەڵ زۆربەی بوارەکانی ژیاندا بکەین، هەروەها هۆکارێکی گرنگە بۆ پێوەندیکردن و لێکتێگەیشتن و دوورخستنەوە و خۆپاراستن لە گەلێک گیروگرفت و ململانێ و بۆ برەودان بە توانستی مرۆڤ لە پێناو گونجان لەگەڵ دەوروبەری خۆی لە زۆربەی کایەکانی ژیاندا.

## فاکتەرەکانی سەرکەوتنی ڕازیکردن:

هەندێک فاکتەری گرنگ هەن پێویستن بۆ سەرخستنی پڕۆسەی ڕازیکردن، گرنگترینیان:

١ — **ئامادەکاری باش:** سەرکەوتن لە ئامادەکاریدا، ئامادەکارییە بۆ سەرکەوتن، سەرنەکەوتنیش بە پێچەوانەوەیە. کارکردن بۆ ئامادەکاری بە شێوەیەکی باش، وا دەکات کات وماندووبوون بە فیڕۆ نەڕوات، بۆیە پێویستە نێرەر بەپێی توانست هەوڵبدات لە پێویستییەکانی وەرگر بگات، هەروەها لە فاکتەرەکانی سەرنجڕاکێشان و هەموو زانیارییەک دەربارەی.

٢ — **ڕێکخستنی سیناریۆ و گفتوگۆ:** پێویستە نێرەر بەشێوەیێکی باش ڕێکبخات و پەیامەکەی ڕوون و ڕیزبەندبێت و بە گرنگترین بیرۆکەکان دەستپێبکات.

٣ — **توانست لە بەڕێوبردنی گفتوگۆی کاریگەر:** پێویستە نێرەر پەرە بە توانستەکانی بدات لە بواری گفتوگۆ و چۆنیەتی ڕێکخستنی بیرۆکەکانی لە ڕووی هزر و سۆز و جەستەوە، کە ئەمانە دەبنە مایەی دروستبوونی کاریزمایەکی تایبەت بۆ نێرەر لە لای وەگر و پڕۆسەی ڕازیکردن ئاسان دەکەن.

٤ — **ڕامێنان و مەشقکردن لەسەر ستراتیژەکانی ڕازیکردن:** پێویستە نێرەر مەشق لە نێوان خۆی و وەرگر لەسەر بەکارهێنانی ستراتیژەکانی ڕازیکردن بکات، بەپێی ئەو بارودۆخەی گفتوگۆکردن، کە وەرگر دەریدەخات لە ڕازیبوون، یان ڕازینەبوون، وێڕای هەڵبژاردنی کات و شوێنی گونجاو، تاکو ئەو کاتەی نێرەر دەگاتە ئامانجی خۆی.

٥ — دروستکردنی کارلێکی ئەرێنی لە نێوان نێرەرو وەرگر لە کاتی پڕۆسەی ڕازیکردندا.

٦ — جەختکردن لەسەر مەنتق لەکاتی هێنانەوەی بەڵگە بۆ ڕاستی و دروستی بیرۆکەکان و ڕیزبەندکردن و ڕێخستنی بیرۆکەکان لە گرنگتر بۆ گرنگترین.

٧ — کاراکردنی پێوەندی سۆزداری لەگەڵ وەرگردا، لە چوارچێوەی بەکارهێنانی وشەی سۆزئامێز تێکەڵاو بە زمانی جەستە و دەنگێکی لەسەرخۆ و نەغمەئامێز شیرین.

## بەربەستەکانی پڕۆسەی ڕازیکردن:

پڕۆسەی ڕازیکردن کارێکی ئاسان نییە، لە پێناو جێبەجێکردنی پێویستە ڕەچاوی ئەو بەربەستانە بکرێت، کە دەبنە ڕێگر و بەربەست بۆ گەیشتنی نێرەر بەو ئامانجەی مەبەستییەتی لە دەستەبەرکردنی ڕەزامەندی وەگر، هەروەها سەرنەکەوتنی پڕۆسەکە، گرنگترینیان ئەمانەن:

١ — **بەکارهێنانی فشار و چەوساندنەوە:** فشارکردن لە لایەن نێرەرەوە لە ڕێگای بەکارهێنانی هێز و دەسەڵات، دەبنە هۆی دروستکردنی بەربەست بۆ ڕازیکردنی وەرگر، ئەگەر ڕازیش بێت ڕازیبوونەکەی زۆر سادە و ساکار و سەرپێی دەبێت، لەگەڵ نەمانی فشار و چەوساندنەوە، ڕازیبوونەکەش نامێنێ.

٢ — **ئاراستەکردنی بیرۆکە و بابەتێکی زۆر لە لایەن نێرەرەوە بۆ وەرگر:** خستنەڕووی بابەتی زۆر و باسکردنیان بە خێرایی بۆ وەگر، بیر و هۆشی وەرگر دەشێوێنێ و ناتوانێت بە ڕوونی تێیانبگات و وەرگر دووچاری بێزاربوون بێت و بە دەم داواکارییەکانی نێرەرەوە نەچێت و بەربەست بۆ ڕازبوونی دروست بێت.

٣ – **ترسان لە ڕازینەبوون:** یەکێکە لە بەربەستە باوەکان، زۆربەی خەڵک هەست بە ناڕەحەتی و هەناسەساردی دەکەن، کاتێک ڕووبەڕووی ناڕازیبوون دەبنەوە و بە سووکایەتی پێکردنی دەزانن، بەڵام پێویستە ئەم دیاردەیە بە کارێکی ئاسایی بزانین، کە لە ژیانی ڕۆژانەماندا

**گرنگی ڕازیکردن لە گەلێک بابەتی تردا دەردەکەوێت وەکو، گوتاردان و بانگەشەی هەڵبژاردن و سیاسەت و کێشە و بۆنە کۆمەڵایەتییەکان ....هتد....**

ڕوودەدات.

٤ — **خۆئامادەنەکردنی پێشوەخت :** خەڵک وا دەزانن، کە ڕازیکردن کارێکی ئاسانە، نازانن، کە پێویستی بە ئامادەکردنی پێشوەختی ئەرگۆمێنتی بەهێز هەیە بۆ پاڵپشتیکردنی قسەکان بۆ زیاتر ئاسانکردنی پرۆسەی ڕازیکردن.

٥ — **لێڵی و ناڕوونی :** لێڵی لە ئاخاوتن نەبوونی زمانێکی پاراو وروون، وا لە وەرگر دەکات وەک پێویست لە پەیامەکە نەگات و پرۆسەی ڕازیکردن بەربەستی بێتەپێش.

٦— **هەڵکشان و داکشانی ئاستی بڕوای نێرەر بە پەیامەکەی:** دەرکەوتنی نیشانەی لاوازی بڕوای نێرەر بە پەیامەکەی، یان لاوازی توانستی پێشکەشکردنی پەیامەکەی، هەموو ئەمانە دەبنە بەربەست بۆ ڕازیکردنی وەرگر و دروستبوونی گومان لە لای دەربارەی ناوەڕۆکی پەیامەکە.

٧ — **تاکلایەنە لە خستنەڕووی بیروبۆچوونەکان:** یەکێک لە لایەنەکان نێرەر، یان وەرگر تاکلایەنانە پابەندی بیروڕای خۆی دەبێت و وای دەبینێ، کە تەنیا بیروبۆچوونی خۆی ڕاستن، ئەمەش بە هۆی توندڕەوی و لاوازی نەرمونیانی، وێڕای نەبوونی ڕۆشنبیری ئاماژەدان بە ڕاستی و دروستی یەکێک لە لایەنەکان.

٨ — **جۆری کەسایەتی وەرگر :** ڕازیکردنی کەسی پابەندبوو بە بیروڕای خۆی زۆر ئەستەمە، بەتایبەتی ئەگەر هاتوو ئەو کەسە کەسێکی نەزان بێت، واتا نەزانی کە هەڵەیە، بۆ نموونە، کەسی لەخۆبایی و نێرگزی و خۆبەزلزان.....تد.

٩ — **بیروبۆچوونی هەڵە دەربارەی ئەستەمی گۆڕانکاری :** پێویستە نێرەر زوو بڕیار لەسەر وەرگر نەدات، بە هۆی بۆچوونی نەرێنی، یان ئەزموونی سەرنەکەوتوو، چونکە ئەمە ئەنجامێکی پێشوەختە دروست دەکات و هەموو هەوڵەکان لە پێش ئەنجامدان لە ناو دەبات.

١٠ — **قسەکردن بەبێ گوێگرتن بۆ لایەنی بەرانبەر :** هەندێکجار نێرەر بۆ ڕازیکردنی وەرگر ماوەیەکی دوورودرێژ قسە دەکات، بەبێ ئەوەی گوێ بداتە وەرگر و بزانێت بیروبۆچوونی ئەو چییە.

### کارامەییەکانی ڕازیکردن :

وێڕای مەشق و ڕاهێنان و هەبوونی پاشخانی ڕۆشنبیری، هەندێک بەهرە و کارامەیی وەرگیراو هەن، ئەگەر مرۆڤ توانی سوودیان لێببینێت، دەشێ ببێتە ئاخێوەرێکی کارامە و ڕازیکەرێکی باش، گرنگترینیان ئەمانەی خوارەوەن :

١ — **بەهرە دروستبووەکان (الخلقیە) :** ئەو بەهرانەن، کە تاک لە سروشتی کەسایەتییەوە دەستەبەری دەکات، واتا بە خۆرسکی لەگەڵ خوڵقانیدا دروست دەبێت، چونکە مرۆڤەکان لە ڕووی ئاکار و خەسڵەتەوە بەپێی بۆماوەیی جیناتی بەجیاوازی دایک و باوک و خێزانەکانیان جیاوازن، ئەمەش دەبێتە هۆی جیاوازی لە توانستییان.

٢ — **کارامەییە وەرگیراوەکان :** ئەمانە بریتی نین لە خەسڵەتی بۆماوەیی، بەڵکو مرۆڤ لە ڕێگای ئەزموون و فێربوون و بەدواداچوون فێریان دەبێت، وەکو: زانست، مەشقکردن، ڕاهێنان، گەشت وگەڕان، مامەڵەکردن لەگەڵ خەڵک.....تد. گرنگترین کارامەیی وەگیراو بۆ ڕازیکردن، کە پێویستە نێرەر هەیبێت بریتیین لە : کارامەیی هزری، کارامەیی دەروونی، کارامەیی دەروونجەستەیی).

٣ — **کارامەیی هزری :** گرنگە نێرەر پرۆگرامێکی دروستی هەبێت تاکو باشترین ستراتیژییەتی لەسەر بنیات بنێت، لە پێناو سەرخستنی پرۆسەی ڕازیکردن. هەروەها توانستی نێرەر لە تێگەیشتن و پێکهێنان و شرۆڤە و دەرئەنجام و جێبەجێکردنی زانیارییەکان و بەکارهێنانیان بە شێوەیەک، کە پرۆسەی ڕازیکردن سەربخات و توانستی لە هەڵسوکەوت کردن لەگەڵ گۆڕاوەکان بە شێوەیەکی پیشەیی و ستراتیژی، کاتێک دێنە ڕێگای پرۆسەی ڕازیکردن.

٤ — **کارامەیی دەروونی :** مەبەست لە کارامەیی دەروونی بریتییە لە:

- توانستی نێرەر لە دەستەبەرکردنی ئامرازە دەروونییەکان بە مەبەستی هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ ئەو فشارە دەروونییانەی، کە لەگەڵ پرۆسەی ئامادەکاری و ناردنی پەیامدا سەرهەڵدەدەن.
- توانستی نێرەر بۆ خوێندنەوەی دۆخی هەست و هزری وەرگر، تاکو بتوانێت پەیامە ڕازیکەرەکەی لەسەر بنیات بنێت.

٥ — **کارامەیی دەروونجەستەیی :** (بریان تریسی)، شارەزای بواری ڕازیکردن دەڵێت: ئەو کەسانەی ناتوانن بیروبۆچوونی خۆیان بە شێوەیەکی باش پێشکەش بکەن، کاریگەرییان لەسەر بەرانبەریاندا نابێت، پێچەوانەی ئەمە ئەگەر هاتوو مرۆڤ بە شێوەییەکی باش نمایشی بیروبۆچوونەکانی کرد، ئەو کاتە کاریگەری بەسەر کەسانی بەرانبەری دەبێت بۆ ڕازیکردنیان. لێرەدا ڕۆڵی کارامەیی دەروونجەستەیی دەردەکەوێت، کە بریتییە لە توانستی بەکارهێنانی کارامەیی دەروونی و جوولەی جەستە و هێز و ئاوازی دەنگ بۆ ڕازیکردن.

**وێڕای مەشق و ڕاهێنان و هەبوونی پاشخانی ڕۆشنبیری، هەندێک بەهرە و کارامەیی وەرگیراو هەن، ئەگەر مرۆڤ توانی سوودیان لێببینێت دەشێ ببێتە ڕازیکەرێکی باش...**

# سەربەخۆبوون
# گرنگترین بنەمای ئاکاری میدیایی



م.رحمت الله امین (هەژار هەورامی)
مامۆستا لە بەشی تەکنیکی میدیا

**ئەو زانیاریانەی، کە لە ڕێگەی میدیاوە بڵاو دەکرێنەوە، فام و تێگەیشتنی خەڵک لە ڕاستی دەخولقێنێت...**

متمانە ڕاستەوخۆ گرێدراوە بە سەربەخۆبوونی دامەزراوەیەکی میدیاییەوە، کە ڕاستگۆییانە و بێلایەن ڕووداوەکان ڕوومال دەکات. لە ڕوانگەی ئەنتۆنی گیدنزەوە لە کۆمەڵگەی مودێرن تاکەکان پشت دەبەستن بە دامەزراوەی تایبەتمەند. یەکێک لەو دامەزراوە تایبەتمەندانە، دامەزراوەی میدیایە، کە پێویستە لە کاریگەری و ڕۆڵی سەربەخۆبوونی میدیا وردبینەوە.

ئەو زانیاریانەی، کە لە ڕێگەی میدیاوە بڵاو دەکرێنەوە، فام و تێگەیشتنی خەڵک لە ڕاستی دەخولقێنێت. لە سەردەمی ئێستادا، کە ژمارەیەکی زۆر لە میدیای جۆراوجۆر کۆمەڵگەی داتەنیوە، کام دامەزراوەی میدیایی لە بەدەست هێنان، داڕشتن و بڵاوکردنەوەی زانیاری و هەواڵەکاندا ڕاستگۆتر بێت خەڵک زیاتر متمانەی پێدەکات، بێگومان ڕاستگۆیی ڕەگی لەناو جەستەی بێلایەنی و بێلایەنیش ڕیشەی لەناو دڵی سەربەخۆبوونی میدیادایە.

هەموو دامەزراوەیەکی میدیایی بە گوێرەی بەرنامە و ستراتیژی خۆی هەوڵ دەدات بێ ڕکابەر بێت لە بڵاوکردنەوەی زانیاری و ڕێکخستنی ڕای گشتیدا. یەکەم هەنگاو بۆ بەدەستهێنانی متمانەی وەرگران و ڕێکخستنی ڕای گشتی، سەربەخۆبوونی دامەزراوەی میدیایە.

هەموو میدیاکارێک لە دامەزراوەیەکی میدیایی بە داڕشتن و وەڵامدانەوەی چەند پرسیارێک دەتوانێت ڕێژەی سەربەخۆبوونی خۆی دیاری بکات:

١- ئایا من لە ئامادەکردنی ڕاپۆرتەکەمدا لایەنگری لە حکومەت یان حزب یان دامەزراوەیەکی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی یان کلتووری دیاریکراو دەکەم؟

٢- ئایا من بە مەبەست و بە ئەنقەست یان بە مەبەست و نەخوازراو، ئاشکرا یان بە نهێنی پشتیوانی لە هیچ کەس، شتێک، چالاکییەک یان بیرو بۆچوونی دامەزراوەیەکی دیاریکراو دەکەم؟

٣- ئایا لە کار و چالاکیەکانمدا بە ئەنقەست بابەتێک بچووک یان گەورە دەکەم لە بەرژەوەندی لایەنێکی دیاریکراودا؟

٤- ئایا کار و چالاکییەکانی دەرەوەی کاری میدیاییەکەم کاریگەریان لەسەر وەرگرتن، داڕشتن و بڵاوکردنەوەی زانیاری و ڕووماڵکردنی هەواڵ و ڕووداوەکان هەیە؟

ئەمانە و چەندین پرسیاری دیکە دەتوانن ویژدانی میدیاکار ڕاهەژێنن و ناچاری بکەن بۆ وەڵامدانەوەی ڕاستگۆیانە و ڕێژەی سەربەخۆبوون یان وابەستەبوون و گرێدراوی بە حکومەت، حزب، لایەنێک یان دامەزراوەیەکی دیاریکراو دەستنیشان بکات.

سەربەخۆیی میدیا، نەبوونی هەستی هاوسۆزی



و خۆشەویستی نییە بۆ ئایدۆلۆژیایەک یان کەس و لایەن و ڕێکخراوێکی سیاسی، بەڵکو مەبەست لێی سەربەخۆبوونییەتی لە هەر جۆرە کاریگەرییەکی ماددی و مەعنەوی لەسەر ناوەڕۆکی بەرهەمە ڕۆژنامەوانییەکانی، چونکە زۆربەی ڕۆژنامەوانان ڕووبەڕوی فریودانی جۆربەجۆر دەبنەوە، لەپێش هەمووشیانەوە ئەو دیارییانەیە، کە پێشکەشیان دەکرێن. لە پێناو دڵدانەوە و بنیاتنانی پەیوەندییەکی تایبەتی لەگەڵیاندا، کە ئەوەش وا دەکات ڕۆژنامەوان سەربەخۆیی خۆی لەدەست بدات و لەبەرژەوەندی ئەو کەس و لایەنانەدا بیشکێنێتەوە، کە دەیلاوێننەوە. ڕۆژنامەوان پێویستە هەرجۆرە دیارییەک ڕەتبکاتەوە، کە بە بۆنە و بەبێ بۆنە پێشکەشی دەکرێت یاخود هەر جۆرە پۆست و ئیمتیازاتێک ڕەتبکاتەوە، کە لەسەر حسابی لەدەستدانی سەربەخۆیی پیشەکەی، بۆی پێشنیار بکرێت.

بەرامبەر بە کاریگەری بەرتیل و دیاری لەسەر سەربەخۆیی ڕۆژنامەوان، دەبێ ئەو پرسیارە بخرێتە ڕوو، کە ئەم دیارییە تا چەند کاریگەریی لەسەر بەرهەمە ڕۆژنامەگەرییەکان بەجێدەهێڵێت؟ تا چەند بەرژەوەندی گشتی دەکاتە قوربانی بەرژەوەندییە تایبەتەکان یان ویستە کەسیی و خودییەکان؟

هەڵبەت سەربەخۆبوونی پەیامنێر تەنها ئەوە نییە بەرامبەر گوشارە سیاسی و ئابوورییەکان بوەستێتەوە و تەماع وەبەرنان ڕەتبکاتەوە. لەڕاستیدا سەربەخۆبوونی میدیاکار بەگشتی و بەتایبەت پەیامنێران بریتییە لەو شێوە بیرکردنەوە و هەڵسوکەوتە دەتوانێ متمانەی وەرگران مسۆگەر بکات و بە بێلایەن ڕوماڵی ڕووداوەکان بکەن.

دیارترین نموونە بۆ لە دەستدانی سەربەخۆیی ڕۆژنامەگەریی لە پێشێلکردنی مافی ژیانی تایبەتی کەسەکان، وەرگرتنی پارە و ئیمتیازاتە لە کەس و لایەنێک بۆ هێرشکردنە سەر کەس و لایەنێکی دیکە، لە ڕێگەی هەڵدانەوەی پەیوەندییە سۆزدارییەکان یاخود ئاشکراکردنی ناوەڕۆکی نامە نهێنییەکان و بڵاوکردنەوەی وێنە کەسییەکانی، بەتایبەت لەسەروبەری بانگەشەی هەڵبژاردنەکاندا، کە هەموو پالێوراو و لیستە بەشداربووەکان، لە هەڵپەی ڕاکێشانی ڕۆژنامەوان و دەزگا میدیاییەکانن بە مەبەستی بەکارهێنانیان لە پێناو سەرکەوتن و دەستخستنی دەنگی زیاتری دەنگدەران.

لە پرۆسەی سەربەخۆبوون نابێ ڕۆژنامەوان و دامەزراوەی ڕۆژنامەوانی فەرمان لە کەس وەربگرێت. دەبێت سەبارەت بە دیاریکردنی چەندو چۆنی هەواڵ و جۆری ڕوماڵکردن و پۆلینکردنی بابەتەکان بە گوێرەی ڕا و بۆچوونی سەربەخۆی خۆیان بڕیار بدەن و کار بکەن .

سەربەخۆبوون پەیوەندی نەپچڕاو و ڕاستەوخۆی هەیە لەگەڵ دوو بنەمای ئەخلاقی دیکەی کاری ڕۆژنامەگەری، واتا بێلایەنی و ڕاستگۆیی. ڕۆژنامەوانی سەربەخۆ دەبێت لە ڕوماڵکردنی هەواڵدا لە کەس نەترسێت و لە بەرژەوەندی کەسدا کار نەکات .

ئەوەی، کە ڕۆژنامەوان یان دامەزراوەیەکی ڕۆژنامەوانی وابیربکاتەوە و هەست بکات سەربەخۆیە یان ئامانجی سەربەخۆبوونە، گەرەنتی ناکرێت و بەس نییە. بەڵکو ئەم بیر و هەستە دەبێ لە لایەن وەرگران و چاودێرانەوە پشت ڕاست بکرێتەوە.

**سەربەخۆبوونی میدیاکاران ئەو شێوە بیرکردنەوە و هەڵسوکەوتەیە کە بتوانێ متمانەی وەرگر مسۆگەر بکات و بە بێلایەن ڕوماڵی ڕووداوەکان بکەن...**



# ڕۆڵی میدیا
# لە هۆشیاری کۆمەڵگەدا



ئا: هێمن حەساری
بەڕێوەبەری نووسین

**میدیا ڕۆڵ دەگێڕێت لە پرسە کۆمەڵایەتییەکانی وەک مافی مرۆڤ، مافەکانی ژنان و ژینگە، ئەمەش توانای تاکەکان بۆ بەشداری چالاکانە لە بنیاتنانی هۆشیاری...**

میدیا بە یەکێک لە بەهێزترین ئامرازەکانی کۆمەڵگە مۆدێرنەکان دادەنرێت، کە کاریگەریی هەیە لەسەر هۆشیاری گشتی و داڕشتن و بەرجەستەکردنی واقیع. میدیا تەنیا ئامرازێک نییە بۆ گواستنەوەی هەواڵ و زانیاری، بەڵکو ئامرازێکی کاریگەرە بۆ داڕشتنی بیرۆکە و بیروباوەڕ و ڕەوتی گشتی تاک و کۆمەڵگا. میدیا لە چەندین ڕێگەی جۆراوجۆری وەک تەلەفزیۆن، ڕادیۆ، ڕۆژنامە، ماڵپەڕ و سۆشیال میدیا، بەشدارییەکی بەرچاو دەکات لە بونیاتنانی هۆشیاری گشتی و ئاراستەکردنی ڕای گشتی بەرەو پرسە تایبەتەکان و کاریگەری قووڵی لەسەر تێڕوانینی تاکەکان هەیە بۆ واقیع.

### ڕۆڵی میدیا لە ڕای گشتی و بونیاتنانی هۆشیاری

میدیا لە هاتنەکایەی ڕای گشتی بە پێشکەشکردنی هەواڵ، زانیاری، شیکاری و شرۆڤە ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێڕێت، کە یارمەتی تاکەکان دەدات لە ڕووداو و هەلومەرج و پرسە هەمەچەشنەکان تێبگەن. بێگومان جەماوەریش پشت بە میدیا دەبەستێت بۆ وەرگرتنی زانیاری ڕاست و دروست، ئەمەش وا دەکات میدیا بەرپرسیار بێت لە دابینکردنی ناوەڕۆکێکی باوەڕپێکراو و دادپەروەرانە. جگە لەوەش میدیا بەشدارە لە ئاراستەکردنی جەماوەر بەرەو پرسە گرنگەکان و بەشداریکردنیان لە پێکهاتنی هەڵوێست و بۆچوونەکان لەبەرامبەریان، جا پرسی سیاسی، ئابووری یان کۆمەڵایەتی بێت.



## ڕۆڵی میدیا لە بەرەوپێشبردنی هۆشیاری کۆمەڵایەتی

میدیا بە ئامرازێکی سەرەکی دادەنرێت بۆ بڵاوکردنەوەی داتاو زانیاری و هەواڵ و زانست لە کۆمەڵگەدا. میدیاکان بە پێشکەشکردنی بەرنامەی دۆکیۆمێنتاری و راپۆرت لەسەر داب و نەریت و فێستیڤاڵە کولتووری و هونەرییەکان بەشداری دەکەن لە بەرزکردنەوەی هۆشیاری کولتووری تاکەکان و بەرزکردنەوەی لێکتێگەیشتن لە نێوان کولتووره جیاوازەکاندا. هەروەها ڕۆڵی هەیە لە پەروەردەکردنی کۆمەڵگە سەبارەت بە پرسە کۆمەڵایەتییەکان، وەک مافی مرۆڤ، جەختکردن لە مافەکانی ژنان و پاراستنی ژینگە، ئەمەش توانای تاکەکان بۆ بەشداری چالاکانە لە بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی هۆشیار و ڕۆشنبیردا بەرز دەکاتەوە.

## بەرجەستەکردنی واقیع لە ڕێگەی چوارچێوەی میدیاوە

میدیا ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێڕێت لە بەرجەستەکردنی واقیع لە ڕێگەی ئەو چوارچێوە میدیاییەی، کە بۆ پێدانی هەواڵ و زانیاری بەکاری دەهێنێت. میدیا پشت بە بەکارهێنانی تەکنیکەکانی دەبەستێت وەک هەڵبژاردنی مانشێتەکان، ڕێکخستنی هەواڵەکان و شیکردنەوەی ڕووداوەکان بە شێوەی دیاریکراو بۆ ئاراستەکردنی تێڕوانینی گشتی بەرەو گۆشەیەکی دیاریکراو. بەم شێوەیە میدیا دەتوانێت بەشداری بکات لە دروستکردنی واقیعێک، بە شێوەیەکی ئەرێنی بێت بە تیشک خستنە سەر پرسە زەقەکان، یان بە شێوەیەکی نەرێنی بێت بە خستنەڕووی وێنەیەکی شێواو یان لایەنگری.

## میدیا وەک ئامرازێک بۆ گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی و سیاسی

میدیا ڕۆڵێکی گەورەی هەیە لە هێنانەدی گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی و سیاسی لە جیهاندا. میدیا لە ڕێگەی ڕوماڵی میدیایی ڕووداوەکان، وەک شۆڕش و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان، بەشداری دەکات لە پاڵنانی جەماوەر بۆ بەشداریکردن و کارلێککردن لەگەڵ ڕووداوەکان. میدیا دەتوانێت ئامرازێکی کاریگەر بێت بۆ هاندانی گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی و سیاسی، لەڕێگەی بەرزکردنەوەی هۆشیاری لەبارەی ئەو پرسانەی، کە جێگەی نیگەرانی خەڵکن.

## ئاڵنگارییەکانی بەردەم میدیا لە بونیاتنانی هۆشیاریدا

سەرەڕای ڕۆڵی سەرەکی میدیا لە بونیاتنانی هۆشیاری گشتیدا، بەڵام ڕووبەڕووی چەندین ئاستەنگ و ئاڵنگاری دەبێتەوە. دیارترینیان، بەدەستهێنانی متمانە و بێلایەنییە لە گواستنەوەی زانیارییە، بەتایبەتی لەبەر ڕۆشنایی بڵاوبوونەوەی هەواڵی ناڕاست و چەواشەکارانە. هەروەها میدیا ڕووبەڕووی ئاستەنگەکانی پەیوەست بە کاریگەرییە سیاسی و ئابوورییەکان دەبێتەوە، کە ڕەنگە هەوڵی کۆنترۆڵکردن و ئاراستەکردنی بدات بۆ خزمەتکردنی بەرژەوەندییە تایبەتەکان.

واتا دەتوانین بڵێین میدیا ڕۆڵێکی گرنگ لە بونیاتنانی هۆشیاری گشتی دەگێڕێت، جا چ لە ڕێگەی گواستنەوەی زانیاری باوەڕپێکراوەوە بێت یان لە ڕێگەی پێشخستنی گفتوگۆی کولتووری و کۆمەڵایەتی و سیاسییەوە، بەڵام ئەم ڕۆڵە پێویستی بەوەیە، کە میدیا هەمیشە پابەند بێت بە متمانەپێکراوی و بێلایەنییەوە، هەروەها بە بوێرانە و شەففافانە ڕووبەڕووی ئەو بەربەستانە ببێتەوە، کە لە ڕێگایدا وەستاون، بۆ ئەوەی ڕۆڵی کاریگەری خۆی لە بونیاتنانی کۆمەڵگەیەکی هۆشیار و ڕۆشنبیردا مسۆگەر بکات.

- سوود لە ئینتەرنێت وەرگیراوە.

**مەرجە میدیا بوێرانە ڕووبەڕووی بەربەستەکان ببێتەوە، کە لە ڕێگایدایە، تا ڕۆڵی خۆی لە بونیاتنانی کۆمەڵگەیەکی هۆشیار و ڕۆشنبیریدا ببینێت....**



# کاریگەری تەکنەلۆژیای نوێ
# لەسەر کۆمەڵگە




**د. ئاواز حسن**

**مامۆستا لە بەشی تەکنیکی میدیا**


**دانیشتن زۆر لەبەردەم شاشەکاندا دەبێتە هۆی کێشەی بینین و ئازاری پشت و مل، و کەمی چالاکیی جەستەیی لەوانەیە ئەگەری تووشبوون بە قەڵەوی زیاد بکات...**

تەکنەلۆژیای نوێ تادێت کاریگەری زیاتر دەبێت لەسەر کۆمەڵگە، کاریگەرییەکی زۆری لەسەر زۆر لایەنی ژیانی ڕۆژانەماندا هەیە، بەشدارییەکی بەرچاوی هەیە لە پەرەپێدانی شێوازەکانی پەروەردەدا، لە ڕێگەی ئەپڵیکەیشنی پەروەردەیی و پلاتفۆرمە ئەلیکترۆنیەکانەوە، بەتایبەتی منداڵان و هەرزەکاران دەتوانن دەستیان بە سەرچاوەی پەروەردەیی جۆراوجۆر بگات و بە شێوەیەکی کارلێککارانە لە وانەکان تێبگەن.

سۆشیال میدیا بووەتە بەشێکی سەرەکی ژیانی ڕۆژانەمان، ئەم پلاتفۆرمانە دەرفەتمان بۆ دەڕەخسێنن بۆ پەیوەندیکردن لەگەڵ هاوڕێیان و هاوبەشکردنی بیرۆکە و کارلێککردن لەگەڵ کۆمەڵگە ئۆنلاینەکان، بەڵام لە هەمان کاتدا دەتوانێت بمانخاتە بەردەم کۆمەڵێک مەترسی وەکو هێرشی ئەلیکترۆنی یاخود هاککردن یان هەستکردن بە گۆشەگیری.

یاری ئەلیکترۆنی و ڤیدیۆیی لەسەر پلاتفۆرمەکانی وەک یوتیوب و ئەپڵیکەیشنە جۆراوجۆرەکانی کات بەسەربردن لەو چالاکییانەن، کە وایکردووە تاکەکانی کۆمەڵگە زۆرترین کاتەکانیان تێدا بەسەر دەبەن. ئەم چالاکییانە دەتوانن توانای جوڵە و توانا دەروونییەکانیان بەرز بکەنەوە، بەڵام لەوانەیە ببنە هۆی ئالوودەبوون بە یاریکردن یان زیادەڕەوی لە بەکارهێنانی تەکنەلۆژیادا.

زیاد لە پێویست بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا کاریگەری نەرێنی لەسەر تەندروستی تاک هەیە. دانیشتن بۆ ماوەیەکی زۆر لەبەردەم شاشەکاندا دەبێتە هۆی کێشەی بینین و ئازاری پشت و مل، هەروەها کەمی چالاکیی جەستەیی لەوانەیە ئەگەری تووشبوون بە قەڵەوی زیاد بکات، بێگومان ئەمە لە ڕووی تەندروستییەوە زیانی زۆرە.

لەگەڵ ئەوەی زیاد بەکارهێنانی تەکنۆلۆژیا کۆمەڵێک زیانی هەیە بەڵام کۆمەڵێک سوودیشی هەیە لەوانە: تەکنەلۆژیا توانای چارەسەرکردنی کێشە و داهێنانی قوتابیان بەرز دەکاتەوە. فێربوونی بەرنامەسازی و بەکارهێنانی بەرنامە جیاوازەکان بە کارامەییەکی پێویست دادەنرێت بۆ داهاتوو، یاخود فێربوونی زمانیتر لەڕێگەی پەیداکردنی هاوڕێ لە وڵاتی تر، یاخود لەڕێگەی ئەو لاپەڕانەی کەوا خولی ئۆنلاین دەکەنەوە بەخۆڕایی، ئەمەش وایان لێدەکات زیاتر ئامادەبن بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئاستەنگەکانی ژیانی پراکتیکی و سوود وەرگرتن لێی بۆ ئامادەبوونیان بۆ دامەزراندن و دۆزینەوەی هەلی کار.



تەکنەلۆژیا کاریگەری لەسەر شێوازی پێکهێنانی ناسنامەی کەسی تاک هەیە، چونکە دەرفەتیان پێدەدات خۆیان بدۆزنەوە و ئارەزوو و خولیاکانیان دەرببڕن، بەڵام لە هەمان کاتدا لەوانەیە فشاری کۆمەڵایەتی دروست بکات بەهۆی ئەو چاوەڕوانییە ناواقیعیانەی، کە لەلایەن سۆشیال میدیاوە بڵاودەکرێنەوە.

لەگەڵ زیادبوونی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا، تاکەکانی کۆمەڵگە ڕووبەڕووی مەترسییەکانی ئاسایشی دیجیتاڵی دەبنەوە، وەک دەستڕاگەیشتن بە ناوەڕۆکی نەگونجاو یان پێشێلکردنی نهێنی، بۆیە گرنگە ڕێنماییان بکرێت بۆ بەکارهێنانی ئینتەرنێت بە شێوەیەکی تەندروست و چاودێری چالاکییەکانیان لە تۆڕەکەدا.

تەکنەلۆژیای نویٚ ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە ژیانی قوتابیانی زانکۆدا بە تایبەتی، چونکە کاریگەرییەکی زۆری لەسەر چۆنیەتی فێربوون و کارلێککردنیان هەیە لە ڕووی ئەکادیمی و کەسییەوە، بۆ نموونە ئاسانکاری دەستڕاگەیشتن بە زانیاری تەکنەلۆجیا ڕێگە بە فێرخوازان دەدات، کە دەستیان بگات بە سەرچاوەی جۆراوجۆری زانیاری وەک کتێبی ئەلیکترۆنی و بابەتی زانستی و وانە تۆمارکراوەکان، ئەمەش ئاسانکاری دەکات بۆ لێکۆڵینەوە و خوێندن، هەروەها کەرەستەی توێژینەوەی نویٚ و متمانەپێکراویان بۆ دابین دەکەن.

زانکۆکان لە بواری پەروەردەدا وابەستەی پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان بوون، وەک موودڵ، سوودییان لەم پلاتفۆرمە وەرگرتووە، ئەم پلاتفۆرمانە ڕێگە بە قوتابیان دەدەن لە دوورەوە وانە وەربگرن و ئەرکەکان جێبەجێ بکەن، جگە لەمەش یارمەتیان دەدات بۆ پەرەپێدانی توانا ئەکادیمی و پیشەییەکانیان لە ڕێگەی خولی ئۆنلاینەوە ئەمەش دەرفەتیان پێدەدات فێری کارامەیی نویٚ ببن یان کارامەیی ئێستایان باشتر بکەن.

کاریگەرییەکی تری تەکنۆلۆژیای نویٚ لەسەر کۆمەڵگە بە گشتی و قوتابیان بەتایبەتی، تەکنەلۆژیای نویٚ بەربەستە جوگرافییەکان کەمدەکاتەوە و دەرفەت دەدات بە قوتابیان، کە لە زانکۆ نێودەوڵەتییەکان فێرببن و بخوێنن بەبیٚ ئەوەی پێویستیان بە گەشتکردن بێت بۆ ئەو وولاتە. هەروەها ڕێگە بە قوتابیان دەدات لە ڕێگەی پلاتفۆرمی وەک (لینکیدین) پەیوەندی بە بازاڕی کارەوە بکەن، کە پەیوەندییان بە کەسانی پیشەیی و کۆمپانیاکانەوە دەکات. دەتوانن تۆڕێکی پیشەیی دروست بکەن، بەدوای ڕاهێنان یان هەلی کاردا بگەڕێن و پەرە بە پرۆفایلی کەسی خۆیان بدەن، کە لەگەڵ پێداویستییەکانی بازاڕی کاردا بگونجێت.

هەرچەندە تەکنۆلۆژیای نویٚ گۆڕانکارییەکی ڕیشەیی لە ژیانی قوتابیان بە گشتی و قوتابیانی زانکۆ بەتایبەتی هێناوەتە ئاراوە، دەرفەتی پەروەردەیی و پیشەیی هەمەچەشنتر و نەرمتریان بۆ ڕەخساندووە. بە بەکارهێنانی ئەم تەکنەلۆژیایە بە شێوەیەکی کاریگەر، قوتابیان دەتوانن زۆرترین سوود لە گەشتە پەروەردەیی و پیشەییەکانی خۆیان وەربگرن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا چەندین مەترسی هەیە بۆسەر ژیانی هەر تاکێک لە کۆمەڵگەدا، بۆیە پێویستە ئاراستەیان بکرێت بۆ بەکارهێنانی بە شێوەیەکی هاوسەنگ و بەدەستهێنانی زۆرترین سوود لێی، لە هەمان کاتدا کەمکردنەوەی کاریگەرییە نەرێنییەکانی.

**زیادبوونی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا، تاکەکانی کۆمەڵگە ڕووبەڕووی مەترسییەکانی ئاسایشی دیجیتاڵی دەبنەوە، وەک دەستڕاگەیشتن بە ناوەڕۆکی نەگونجاو یان پێشێلکردنی نهێنی...**



# سۆشیال میدیا
# لە کەرستەیەکی بنیادنانەوە بۆ مەترسییەکی ڕوخێنەر



**شیلان عصمت قادر**
**مامۆستای یاریدەدەر**
**بەشی تەکنیکی میدیا**

> **بەپێی داتاکانی ئامار، عێراق لە مانگی یەکی ساڵی (٢٠٢٤) دا (٣١,٠٩٥,٠٠٠) بەکارهێنەری سۆشیال میدیای تێدابووە، کە ڕێژەکەی دەگاتە (٪٦٩,٤) ی کۆی دانیشتوانی عێراق...**

لەکۆمەڵگەی هاوچەرخدا گۆڕانکاری گەورە هاتۆتە ئاراوە لە بواری ڕاگەیاندن و پەیوەندیکردندا؛ ئەمەش گۆڕانکاری گەورەی لە شێوازەکانی بەرهەمهێنان و دابەشکردن و وەرگرتنی زانیاری لێکەوتۆتەوە. بەدیارکەوتنی تەکنەلۆژیای نوێ و شێوازی نوێی پەیوەندیکردن بوون بە مایەی بەدیارکەوتنی تایبەتمەندی و ئەرکی نوێ لە پەیوەندیکردندا، گرنگترینیان؛ گواستنەوە بوو لە ئامرازی پەیوەندیکردنی جەماوەری یەک ئاراستە و ناوەڕۆکی هارمۆنییەوە، بۆ تەکنەلۆژیای پەیوەندیکردنی کارلێککەرانەی دوو ئاراستە و فرە ناوەڕۆک، دەستەواژەی میدیای نوێ بەدەرکەوت بۆ گوزارشتکردن لەم دیاردە نوێیانە.

بەگوێرەی داتاکانی دەزگا جیهانییە تایبەتمەندەکانی ئامار، عێراق لە مانگی یەکی ساڵی (2024) دا (31.095.000) بەکارهێنەری سۆشیال میدیای تێدابووە، کە ڕێژەکەی دەگاتە (69.4%) ی کۆی دانیشتوانی عێراق و لە سەرەتای ساڵی (2024) بەکارهێنەرانی ئینتەرنێت لە عێراقدا ژمارەیان (36,000,000) ملیۆن بووە و ڕێژەی چوونە ناو ئینتەرنێت گەیشتۆتە (78.7%)، هەروەها (46,000,000) ملیۆن مۆبایل لە سەرەتای ساڵی (2024) لە عێراق چالاک بوون، ئەم ژمارەیەش دەکاتە هێندەی (100%) لە کۆی دانیشتوانی عێراق.

سۆشیال میدیا بریتییە لەو پێگانەی لەسەر تۆڕی وێب پێکدێن و ڕێگە بە تاکەکان دەدەن داتای کەسییان دەربارەی ژیانی گشتی یان نیمچە گشتیان، بونیاد بنێن و هەلی پەیوەندیکردنیان دەبێت لەگەڵ لیستی تۆمارکراوانیان و گوزارشت لە دیدی تاکەکان یان کۆمەڵەکان دەکەن لە میانی پرۆسەی پەیوەندیکردندا. سروشتی پەیوەندیکردنەکەش لە پێگەیەکەوە بۆ یەکێکی دیکە دەگۆڕێت. ئەمەش وای کردووە گفتوگۆی زۆر و فراوان دەربارەی ڕۆڵ و کاریگەرییە ئەرێنی و نەرێنییەکانی میدیای نوێ بە گشتی و سۆشیال میدیا بە تایبەتی



لەسەر کۆمەڵگە باسی لێوە بکرێت و لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت.

سۆشیال میدیا لە لایەنی کاریگەرییە باشەکانییەوە، دەرفەتی ئازادی ڕادەربڕین و پەیوەندیگرتنی خێرا و راستەوخۆی فەراهەمکردووە و بووە بە سەکۆیەک بۆ داهێنان و ئەفراندن و بڵاوکردنەوەی هۆشیاری کۆمەڵایەتی، هەلی بە کۆمەڵگە پەراوێزخراوەکان بەخشیوە بۆ گەیاندنی دەنگ و ڕەنگ و داواکارییەکانیان و پتەوکردنی پەیوەندیی مرۆییانەیان لەگەڵ دونیای دەرەوە، وێڕای ئەوەی سۆشیال میدیا دەروازەیەکە بۆ فێربوونی دیجیتاڵی و ئاڵوگۆڕی زانیاری، بە جۆرێک بووە بە ئامرازێکی بەهێز و بەشدار لە گۆڕانکارییە سیاسییەکانی وەک "بەهاری عەرەبی" بە نموونە.

لە بەرامبەریشدا سۆشیال میدیا لە لایەنی کاریگەرییە خراپەکانییەوە، بووە بە ئامرازی کۆنترۆلکردنی داتا کەسییەکانی بەکارهێنەرەکان و دووبارە بەکارهێنانەوەیان و ئاراستەکردنەوەیان لەلایەن کۆمپانیا بەهێزەکانەوە بە گوێرەی بەرژەوەندییەکانیان، یان بڵاوکردنەوەی هەواڵی ساختە و ناڕاست و کۆنترۆلکردنی بەکارهێنەر، وێڕای بەدیارکەوتنی کاریگەرییە خراپەکانی ئاڵودەبوون بە بەکارهێنانی سۆشیال میدیا؛ لەسەر تەندروستی دەروونی و کۆمەڵایەتی بەکارهێنەر.

بۆ پاراستنی بەکارهێنەر و ڕووبەڕوو بوونەوەی ئاڵنگارییە یاسایی و ڕێکخستنییەکان و خۆپاراستن لە خراپییەکانی سۆشیال میدیا، پێویست دەکات هاوسەنگییەک لە نێوان لایەنە باش و خراپەکانی بکرێت، بە جۆرێک وا پێویست دەکات؛ بەکارهێنەر بزانێت چۆن بە شێوەیەکی دروست و ڕاست ئەو کەرەستانە بەکاربهێنێت و خۆی لە مەترسییەکان و زانیارییە نادروست و چەواشەکارییەکان بپارێزێت. بۆ ئەم مەبەستەش بوونی ڕێکخستنێک و چوارچێوەیەکی یاسایی ڕێکخەری ئەم بوارە پێویستە، بۆ پاراستنی زانیاری و داتا کەسییەکان و تایبەتمەندییەکانی بەکارهێنەر، بۆ ئەوەی بە خراپی بەکارنەهێندرێت لە ڕووی سیاسی و بازرگانییەوە و دیاریکردنی بەرپرسیارییەتی کۆمپانیا تەکنەلۆژی و بازرگانییەکان و قەوارەی کاریگەرییان لەسەر کۆمەڵگە، هەروەها پێویست دەکات تاکەکان و کۆمەڵگە تەیار بکرێن بە هۆشیاری دیجیتاڵی و بەکارهێنانی دروست، ئەم ڕێکارانە هاوکار دەبن لە پاراستنی تاکەکان و دوورخستنەوەیان لە بەکارهێنانی بەدەر لە ویست و خواستی خۆیان.

تۆڕەکانی سۆشیال میدیا کاریگەرییان دوولایەنەیە، لە ڕوویەکەوە دەبنە هێز بۆ تاک و کۆمەڵگە و لە ڕوویەکی دیکەوە دەبن مایەی بێهێزکردنی تاک و کۆمەڵگە، کاتێک دەکەونە ژێر کاریگەری کۆنترۆلکردنی دیجیتاڵییانەی کۆمپانیا گەورەکانی تەکنەلۆژیا، لە ڕێگەی کۆنترۆڵکردنی ڕەوتی زانیاری و ئیستیغلالکردنی داتا کەسییەکانەوە.

بۆ ئەوەی تاک و کۆمەڵگە لە سوودەکانی سۆشیال میدیا بەهرەمەند بێ و دوور بێت لە خراپییەکانی، لەو کاتەی چۆنییەتی بەکارهێنانەکە و ئاست و شارەزایی تاکەکانی کۆمەڵگە تا ڕادەیەکی زۆر ڕەنگدانەوە باش و خراپەکان دیار دەکات، ئەمە واپێویست دەکات بەکارهێنەر شارەزا و ئاگاداربێت لە مەترسی و ئەگەرەکانی بەکارهێنانی نا دروستی سۆشیال میدیا، پێدانی ئەو زانیاری و زانینانە و دروستکردنی شارەزایی لەلای تاک و ئاگادارکردنەوەی کۆمەڵ، ئەرکێکی فرەلایەنانەیە، لە خێزانەوە دەستپێدەکات تاکو دەگاتە دەزگاکانی پەروەدە و فێرکردن و لایەنەکانی چالاکی کۆمەڵگەیی و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی، لەسەر بنەمای بوونی یاسای تایبەتمەند و سیاسەتی دروست و دەزگای تایبەتمەند بە چاودێریکردنەوە دەبێت.

**تۆڕەکانی سۆشیال میدیا کاریگەرییان دوولایەنەیە، لە ڕوویەکەوە دەبنە هێز بۆ تاک و کۆمەڵگە و لە ڕوویەکی دیکەوە دەبن مایەی بێهێزکردنی تاک و کۆمەڵگە...**



# تایبەتمەندی و ڕۆڵی بەرپرسی پەیوەندییە گشتییەکانی گەشتیاری لە دامودەزگا گەشتیارییەکان



م. بهزاد حلمی ئاکرەیی
مامۆستای زانکۆ

**کەسی پەیوەندی گشتی دەبێت توانای هەبێت لە ڕووی ڕاگەیاندنەوە، ئەو بیرۆکەی، کە هەیەتی بۆ هەموو لایەک شیبکاتەوە...**

**یەکەم//"تایبەتمەندییەکانی کەسی پەیوەندی گشتی گەشتیاری لە دام و دەزگا گەشتیارییەکان"**

ڕۆڵی پەیوەندی گشتی لەناو گشت دام و دەزگاکان گرنگی زۆری هەیە، چونکە پەیوەندی گشتی هۆکاری سەرەکییە بۆ ناسینی دەزگاکە بە هاوشێوەکانی، هەر بۆیە ناکرێت هەموو کەسێک ئەم ڕۆڵە ببینێت، کەسی پەیوەندی گشتی گەشتیاری چەند تایبەتمەندییەکی تایبەت جیای دەکاتەوە لە پسپۆرییەکانی تر، کە دەبێت ئەو کەسەی دەستنیشان دەکرێت وەک کەسی پەیوەندی گشتی گەشتیاری ئەم تایبەتمەندییانەی لەکەسایەتی هەبێت، بۆ ئاشنا بوون گرنگترین ئەو تایبەتمەندییانەی، کە پێویستە لە کەسی پەیوەندی گشتی گەشتیاری هەبێت بریتین لە:-

١/ توانای پەیوەندیکردن: دەتوانین بڵێین بوونی توانای پەیوەندیکردن یەکێکە لە تایبەتمەندییە هەرە گرنگەکان، کە دەبێت لە کەسی پەیوەندی گشتی گەشتیاری هەبێت، کە دەڵێین توانای پەیوەندیکردن مەبەستمان لە دوو لایەنەوەیە، ئەوانیش بریتین لە :-

ا: توانای پەیوەندیکردن بە کەسان و خەڵک بە شێوەیەکی گشتی.

ب: توانای پەیوەندیکردن بە دەزگاکانی ڕاگەیاندن.

سەبارەت بەم دوو لایەنە، کە ئاماژەمان پێکرد، دەبێت لە کەسایەتی کەسی پەیوەندی گشتی بوونی هەبێت، واتا ئەم کەسە دەبێت بتوانێت تێکەڵ ببێت لەگەڵ هەموو خەڵک بە مەبەستی زانینی گرفتەکانیان، ئینجا دۆزینەوەی چارەسەری پێویست بۆیان.

هەروەها ئەم کەسە دەبێت توانای هەبێت لە ڕووی ڕاگەیاندنەوە، ئەو بیرۆکەی، کە هەیەتی بۆ هەموو لایەک شیبکاتەوە.

٢/ بوونی کەسایەتییەکی گونجاو و خۆشەویست لەگەڵ فەرمانبەران و خەڵک بە شێوەیەکی گشتی:

پێویستە کەسی پەیوەندی گشتی گەشتیاری کەسایەتیەکی هەبێت، کە گونجاو بێت و بگونجێت لەگەڵ ئەو ستافەی یاخود ئەو تیمەی، کە لەگەڵی کاردەکات و دەبێت ئەو کەسە هەوڵ بدات خۆی خۆشەویست بکات لەگەڵ تیمەکەی بە مەبەستی جێبەجێکردنی ئەو بڕیارانەی، کە کارگێڕی دەزگاکە بە هەماهەنگی لەگەڵ کەسی پەیوەندی گشتی دەزگا دەریدەکات، هەر بۆیەش دەبێت بەردەوام کار بکات لەسەر دروستکردنی ئەم کەسایەتییە بە ڕەچاوکردنی لایەنەکانی کارەکەی خۆی.

٣/ هەندێک تایبەتمەندی کەسی، وەک بڕوانامە و کارێزمایی و زانینی چەندین زمان



و جۆری ڕەفتار کردن و ئەتەکێت و ...هتد، ئەم تایبەتمەندییانە زۆر گرنگن بۆ کەسی پەیوەندی گشتی گەشتیاری، چونکە ئەمە وا دەکات کەسایەتیەکەی بەهێز بێت و بتوانێت مامەڵە لەگەڵ هەموو کەس بکات و باشتر بچێتە ناو کۆمەڵگە.

## دووەم// "ڕۆڵی پەیوەندی گشتی لە کەرتی گەشتیاری"

کەسی پەیوەندی گشتی ڕۆڵێکی بەرچاوی هەیە لەناو دام و دەزگا گەشتیارییەکان، کە دەتوانین ئەم ڕۆڵە دەستنیشان بکەین لەم چەند خاڵانەی خوارەوە:

١. میوانداری و ئاسانکاریکردن بۆ هەندێک کەسایەتی، کە وا ڕۆڵێکی هەیە لەناو کۆمەڵگەدا لەبواری گەشتیاری، مەبەست لەم خاڵە ئەوەیە، کە لە کاتی بوونی گیروگرفت ئەمە وادەکات، کە زۆر بە ئاسانی و زۆر بە خێرایی چارەسەر بکرێت ئەمەش بە پێی ئەو پەیوەندییە باشەی، کە لەنێوان کۆمپانیاکە و ئەو کەسایەتیانە هەن، جا لیرەدا کەسی پەیوەندی گشتی گەشتیاری و کۆمپانیا هەوڵ دەدات بە بەردەوام سەردانی ئەو کەسایەتیانە بکەن یاخود ئەوان بانگهێشت بکەن بۆ کۆمپانیا بە مەبەستی دروستکردنی پەیوەندییەکە.

٢. چاپکردنی چەندین کتێب و नامیلکە و گۆڤار، کە کاریگەری هەیە لەسەر نیشاندانی چالاکی کۆمپانیا بۆ ڕای بەرامبەر لەناو کۆمەڵگەدا.

٣. هەوڵدان بۆ دروستکردنی باشترین پەیوەندی لەگەڵ کۆمپانیاکانی هاوشێوە بەشێوەیەکی نایاب و لەگەڵ پیاوانی خاوەن کار، بەشێوەیەکی گشتی گرنگی ئەم خاڵە لەوە دایە، کە لە کاتی دروستبونی کێشە و گرفت کۆمپانیا دەتوانێت پەنا بۆ کۆمپانیایتر ببات بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، هەروەها زۆرجار کۆمپانیای هاوشێوە ڕاوێژ بە یەکتری دەکەن لەکاتی چارەسەرکردنی کێشەکان، هەروەها زۆرجار هەوڵدەدرێت هەماهەنگی و کاری پێکەوەیی ئەنجام بدەن بۆ دروستکردنی سەردانی گەشتیاری بۆ ناوچە گەشتیارییەکان.

٤. هەوڵدان بۆ دروستکردنی باشترین پەیوەندی لەگەڵ هەموو کۆمەڵگە بەشێوەیەکی گشتی، چونکە گرنگی ئەم خاڵە لەوە دایە، کە ئەوانەی گەشت دەکەن هەر ئەوانەن، کە خەڵکی سادەی ناو کۆمەڵگەن، بۆیە دەبێت کاریان بۆ بکرێت و پەیوەندیەکی باشیان لەگەڵ دروست بکرێت بۆ ئەوەی زۆرترین گەشتیار بۆ کۆمپانیای خۆی دابین بکات.

٥. هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی ڕێگا چارەی گونجاو بۆ هەموو گرفتەکانی گەشتیاران، لەبەر ئەوەی گەشتیار حەز دەکات گەشت بکات بۆ شوێنێک، کە کێشەی نەبێت لە هەموو ڕوویەکەوە بە تایبەتی لە ڕووی ئابوری و کۆمەڵایەتی و شارستانی و ڕۆشنبیری، هەر بۆیە دەبێت کەسی پەیوەندی گشتی گەشتیاری ڕۆڵی خۆی ببینێت لە چارەسەرکردنی کێشەکانی گەشتیاران لە شوێنە گەشتیارییەکان لە حاڵەتێک ئەگەر هاتوو گەشتیارێک تووشی گرفت بوو.

**کەسی پەیوەندی گشتی گەشتیاری کەسایەتیەکی هەبێت، کە گونجاو بێت و بگونجێت لەگەڵ ئەو ستافەی یاخود ئەو تیمەی، کە لەگەڵی کاردەکات...**



# چۆنیەتی فێربوونی زمانی دووەم



ئامادەکردنی: پرۆفیسۆری یاریدەدەر
دکتۆر سەنگەر علی مامە
مامۆستای زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر

**فێربوونی زمانی دووەم پێویستی بە تێکەڵەیەک لە پراکتیزەکردن و نوقمبوون و خۆبەخشی هەیە...**

زمان سیستەمێکە لە هێمای دەنگی یان نووسراوی ڕێککەوتوو، کە مرۆڤ بۆ پەیوەندیکردن و ئالوگۆڕی بیرۆکە و هەست و زانیاری بەکاریدەهێنێت. زمان پێکدێت لە کۆمەڵێک دەنگ (یان هێما لە حاڵەتی نووسیندا)، کە پەیوەستن بە هەندێک مانا و بە چەند تایبەتمەندییەک تایبەتمەندە، لەوانە:

١. **ئەبستراکشن:** زمان پشت بە بەکارهێنانی هێماکان (وشە یان دەنگ) دەبەستێت بۆ نوێنەرایەتیکردنی شتە ئەبستراکتەکان یان بیرۆکەکان.

٢. **بەرهەمهێنان:** زمانێک دەتوانێت ژمارەیەکی بێسنوور لە ڕستە و مانای بەرهەم بهێنێت بە بەکارهێنانی کۆمەڵە یاسا و وشەسازییەکی سنووردار.

٣. **نەریتی:** زمان لە نێوان نەوەکاندا دەگوازرێتەوە و لە ڕێگەی نەریتە کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکانەوە بە پارێزراوی دەمێنێتەوە.

٤. **ڕێزمان:** زمان بە هەندێک ڕێسا (ڕێزمان، مۆرفۆلۆژی و پێکهاتە) بەڕێوەدەچێت، کە یارمەتی بنیاتنانی ڕستە و پەیوەندی کاریگەر دەدەن.

٥. **پەیوەندی:** مەبەستی سەرەکی زمان پەیوەندیکردنە لەنێوان تاکەکان و ئالوگۆڕی زانیاری، جا چ لە ڕێگەی قسەکردن، یان نووسین، یان ئامرازەکانی ترەوە.

فێربوونی زمانی دووەم پێویستی بە تێکەڵەیەک لە پراکتیزەکردن و نوقمبوون و خۆبەخشی هەیە. لێرەدا چەند هەنگاوێکی کاریگەر دەخەینە ڕوو بۆ یارمەتیدان لە فێربوونی زمانێکی نوێ:

١- **ئامانجەکەت پێناسە بکە:** بۆچی دەتەوێت فێری ئەم زمانە بیت؟ دانانی ئامانجێک یارمەتیت دەدات، کە پاڵنەرەکەت بمێنێتەوە.

٢- **سەرەتا لە بنەڕەتەوە دەست پێبکە:** فێری پیت و ژمارە و وشەی بنەڕەتی و دەربڕینی باو ببە.

٣- **دووبارەکردنەوە و مەشقکردنی ڕۆژانە:**



ڕۆژانە کاتێک بۆ پێداچوونەوە و فێربوون تەرخان بکە. دووبارە کردنەوە یارمەتی چەسپاندنی وشەسازی و ڕێزمان دەدات.

٤- **نوقمبوونی زمان:** هەوڵ بدە بە چەندین شێوە خۆت بە زمانەکان دەورە بدەیت:

- گوێ لە پۆدکاست، یان فیلم بگرە بە زمانی ئامانج.
- خوێندنەوەی کتێب یان بابەتی سادە بەم زمانە.

٥- **قسەکردن و گفتوگۆ:** قسەکردن باشترین ڕێگایە بۆ فێربوون. ئەگەر هەڵەیشت کرد هەوڵ بدە بە زمانە نوێیەکە گفتوگۆ لەگەڵ کەسانیتردا بکەیت.

٦- **خولی زمان:** ئەگەر دەرفەتت بۆ ڕەخسا، وەرگرتنی کۆرسێک یان بە شێوەی ئۆنلاین یان لە سەنتەری فێربوون سوودی دەبێت، چونکە ڕێنمایی ستراکتۆرکراو دەدات.

٧- **زمانەکە لە ژیانی ڕۆژانەتدا بەکاربهێنە:** هەوڵ بدە تێبینیەکانت یان لیستە ڕۆژانەکانت بەو زمانە بنوسیت، کە فێری دەبیت و بیری لێبکەرەوە تا زیاتر خوی پێدەگریت.

ئەوەش لەبیر مەکە، کە سەبر و خۆڕاگری کلیلی سەرکەوتنە لە فێربوونی هەر زمانێکی نوێدا.

بۆ زمانی عەرەبی فێرببین؟ گرنگییەکەی لە چییە؟

**زمانی عەرەبە لەبەر زۆر هۆکار گرنگە، لەوانە:-**

١- **زمانی ئاینی:** زمانی عەرەبی زمانی قورئانی پیرۆز و فەرموودەی پێغەمبەرە (د.خ)، ئەمەش وایکردووە گرنگییەکی تایبەتی هەبێت بۆ موسڵمانانی جیهان. موسڵمانان بۆ تێگەیشتن و لێکدانەوەی دەقە ئاینییەکان فێری دەبن.

٢- **میراتی کولتووری:** زمانی عەرەبی مێژوویەکی دوور و دەوڵەمەندی هەیە، بەو پێیەی لە سەردەمی زێڕینی ئیسلامدا زمانی زانست و فەلسەفە و ئەدەب بووە. کاریگەری لەسەر زۆر زمان و کولتووری دیکە هەبووە.

٣- **بڵاوبوونەوەی جوگرافی:** زمانی عەرەبی زمانی فەرمی زیاتر لە 20 وڵاتی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقیایە، ئەمەش وایکردووە زمانێکی گرنگی پەیوەندیکردن بێت لە جیهانی عەرەبیدا.

٤- **زمانێکی نێودەوڵەتیە:** زمانی عەرەبی یەکێکە لە زمانە فەرمییەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و پێگەی گرنگی نێودەوڵەتی لە پەیوەندییە دیپلۆماسی و سیاسی و ئابوورییەکاندا هەیە.

٥- **ئابووری و بازرگانی:** وڵاتانی عەرەبی زمان خاوەنی سەرچاوەی ئابووری گرنگن، بە تایبەتی لە بواری نەوت و گازدا، ئەمەش وایکردووە زمانی عەرەبی لە بواری بازرگاني و ئابووریدا گرنگ بێت.

٦- **شوناس و میرات:** زمانی عەرەبی بۆ قسەکەرانی تەنیا ئامرازێکی پەیوەندی نییە، بەڵکو ڕەنگدانەوەی شوناس و میراتی کولتوورییە، کە درێژ دەبێتەوە بە هەزاران ساڵ پێش ئێستا.

٧- **ئەدەب و هونەر:** زمانی عەرەبی میراتێکی دەوڵەمەندی ئەدەبی لەخۆدەگرێت، لەوانە: شیعری کلاسیک و مۆدێرن، ڕۆمان و شانۆگەری و ئەم ئەدەبەش کاریگەرییەکی جیهانیی هەیە.

هەموو ئەم هۆکارانە وایکردووە زمانی عەرەبی ببێتە زمانێک خاوەن بەهایەکی زۆر لە ئاستی ئاینی و کولتووری و ئابووری و نێودەوڵەتیدا.

ڕەنگە فێربوونی زمانی عەرەبی لە سەرەتادا بەهۆی ئاڵۆزییەکەیەوە چالاک بێت، بەڵام بە پەیڕەوکردنی هەنگاوە دروستەکان، دەتوانرێت پێشکەوتنی بەرچاو بەدەست بهێنرێت.

لێرەدا چەند ئامۆژگارییەک بۆ فێربوونی زمانی عەرەبی دەخەینە ڕوو:-

١- **دەستپێکردنی فێربوونی پیت و دەنگەکان:**

**نابێ ئەوە لەیاد بکرێت کە سەبر و خۆڕاگری کلیلی سەرکەوتنە لە فێربوونی هەر زمانێکی نوێدا....**



- سەرەتا ئەلفوبێی عەرەبی فێربە. شێوەی هەر پیتێک و چۆنیەتی بێژەکردنی لەبیر بکە.

- فێربوونی دەنگە جیاوازەکان، وەک چۆن هەندێک دەنگ لە زمانی عەرەبیدا هەیە و لە زمانەکانیتردا بوونیان نییە.

**٢- بەکارهێنانی کتێب و سەرچاوەی پەروەردەیی:**

- بەکارهێنانی کتێبی زمانی عەرەبی بۆ کەسانی سەرەتایی، کە بە ڕێزمان و وشەسازی بنەڕەتی دەست پێدەکات.

**٣- گوێگرتن و سەیرکردن:**

- گوێ لە بەرنامە عەرەبییەکان بگرە، وەک هەواڵ، فیلم، یان زنجیرە، بۆ ئەوەی لەگەڵ بێژەکردن و پێکهاتەی زمانەوانیدا ڕابێیت.

- دەتوانیت سەیری فیلم و ئەنیمەیشنی سادە بکەیت، کە یارمەتیت دەدات لە دیالۆگ تێبگەیت و بە شێوەیەکی کاریگەر گوێبگریت.

**٤- مەشقی ڕۆژانە:**

- ڕۆژانە کاتێکی دیاریکراو بۆ فێربوونی وشەسازی و پێداچوونەوە بە بەردەوامی. دەتوانیت وشەکان دابەش بکەیت بۆ گروپی بچووک و وردە وردە فێری بیت.

- هەوڵ بدە ڕستەی سادە بنووسیت و ڕێزمانی بنەڕەتی وەک جێگرەوە و کردار فێربە.

**٥- قسەکردن لەگەڵ ئەو کەسانەی، کە زمانی عەرەبی دەزانن:**

- بەشداریکردن لە وانەکانی زمان یان بەشداری کۆمەڵگەکانی فێربوونی ئۆنلاین بکە بۆ جێبەجێکردنی ئەوەی فێری دەبیت.

**٦- زمانەکە لە ژیانی ڕۆژانەتدا بەکار بهێنە:**

- هەوڵ بدە تێبینیي ڕۆژانەت بە زمانی عەرەبی بنووسیت، یان بەو ڕستانەی فیری دەبیت لەگەڵ خۆت قسە بکەیت.

- بەکارهێنانی وشەسازی نوێ لە باروودۆخی ڕۆژانەدا.

**٧- ناونووسین لە خولی پەروەردەیی:**

- ئەگەر بەردەست بوو، دەتوانیت ناوت تۆمار بکەیت لە خولی ئۆنلاین یان لە ناوەندەکانی خوێندن بۆ فێربوونی زمانی عەرەبی.

**٨- ئارام بگرە:**

- فێربوونی زمانی عەرەبی ڕەنگە کاتێکی زۆر بخایەنێت، بەتایبەتی ئەگەر ئاشنای سیستەمی نووسین و بێژەکردن نەبێت. کلیلەکە مەشق و ئارامگرتن و ئارامگرتنی ڕۆژانەیە.

بە جێبەجێکردنی ئەم ئامۆژگاریانە و خۆڕاگریانە، دەتوانیت وردە وردە شارەزا بیت لە زمانی عەرەبی.

**فێربوونی زمانی عەرەبی ڕەنگە کاتێکی زۆر بخایەنێت، بەتایبەتی ئەگەر ئاشنای سیستەمی نووسین و بێژەکردن نەبێت...**

# دەسپێکی ئایندە



د. ناز فەلەکەدین کاکەیی
بەڕێوەبەری گشتی کتێبخانەکان

کاتی خۆچەقاندن بەو ڕووداوانەی، کە لە ڕابردوو تا ئەمڕۆ یەخەی بیر و دەروونی ئێمە بەر نادات، هەموو لەخۆ قەتیس کردن لەنێو چوار ستونی کات سەرچاوەی گرتووە. ئێمە هەموو کات لە چاوەڕوانی ڕووداو، مەرگ، ترس، لەبەردەم کاتدا دادەنیشین،



وا دەزانین دەتوانین پشت بە کات ببەستین لەسەر ئەو هەموو دڵە ڕاوکێ و ناخۆشییاهنە زاڵ بین، بەڵام کات فریومان دەدات، چونکە چالێنجی مرۆڤ دابەشی کردوە بەسەر ئێستا و ڕابردوو و داهاتوو، ئەمە دەبێتە هۆکاری ئاژاوە و ململانێ لە دەریای دەرونیی مرۆڤدا.

ئایا وانە وەرگرتن، پەیوەندە بە کاتە؟ مرۆڤ هەزاران ساڵ خەریکی کوشت و کوشتارە، ئەگەر بمانەوێت (سەرکەوتن بەسەر پلیکانەکان) ڕێگا چارە بدۆزینەوە، کە خودی مرۆڤ خولقاندوویەتی، پێویستە لەئاریشەکانی کات تێبگەین، لێرەدا مەبەستم کاژمێر و میلی چەرخانی کاژمێر نییە، بەڵکو مەبەستم خۆشاردنەوەیە لە گێژاو و ناخۆشییەکانی ژیان، کە لەکاتە جیاوازەکان دێنە سەر ڕێگای مرۆڤ، کاتێک لەناو دارستانی ژیان بەهۆی گرفت ون دەبین، دەخولێینەوە و پرسیار دەکەین و سەر لێشێواوین، بەڵام دەبێت لەم کاتە بەشێوەی سایکۆلۆژی بوەستین، ئەو کات دەتوانی ئارام وەک دەریایەک، کە بەیانیان شەپۆلەکانی هێور دەبێت دان بەخۆتا بگریت، کات وا دەکات هەردەم بیر لەتەمەن و مردن و ترس لەمردن بکەیتەوە، لێرەدا هەمیشە ئەو جۆرە بیرکردنەوانە بۆشاییە بۆ نێوکات و خۆت، چونکە هەردەم چاوەڕێیت و لەململانێی ترس و دڵەڕاوکێیت، با چاوەڕێ نەکەین کەی کاتەکان چارەنوسمان دیاری دەکەن، بەڵکو هەموو ترس و ستریس و دڵەڕاوکێ و نەهامەتی با دوور بخەینەوە لەخۆمان و باوەڕمان بەوە بێت، کە هەموو کات مردن بەبێ چاوەڕوانی لە چوارچێوەی کات ڕوو لە مرۆڤە دەکات، ئەگەر ڕاشکاوانە و بە بیری فەلسەفی هەنگاو بنێین، هیچکات تەسلیمی بۆشایی نێوان خۆمان و کات نابین و هەردەم ڕووداوەکان بێ ترس و گومان قبوڵ دەکەین.

**سەرکەوتن بەسەر پلیکانەکان، ڕێگا چارە بدۆزینەوە، کە خودی مرۆڤ خولقاندوویەتی، پێویستە لەئاریشەکانی کات تێبگەین..**



# فەیس تایم!

## کورتە سەرنجی جۆراوجۆر




**ئیبراهیم حاجی سالّح**

**مامۆستای زانکۆ لە زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر**


### هەشت بە دوو !

برتراند ڕاسڵ دەڵێ: "کە درۆیەکی سادە دەکەی، لەوانەیە دە کەس چەپڵەت بۆ لێدەن. بەڵام، کە ڕاستییەک دەڵێی، هەشت کەس تاوانبارت دەکەن، دوو کەسیش دەچن و بیر لە قسەکانت دەکەنەوە".

سەرنج: ڕەنگە بۆ جاری دووەم ببنە چوار کەس و بۆ جاری سێیەم شەش کەس و بەم شێوەیە .

### ئاسودەیی...

پیاوێکی بە تەمەن و هاوسەرەکەی، سالأنێکە هەموو بەیانییەکی زوو، بە پیکابەکەیان لە شەقامێکی سەرەکی گەڕەکی ئێمە دەوەستن و ماست و پەنیر و شیرەمەنییەکانی تر دەفرۆشن، بەردەوامیش خەڵکێکی زۆر بەرهەمەکانیان دەکڕن.

هەر بەیانییەکی زووش، کە بەوێدا تێپەڕ ببم و بیانبینم، هەست بە ئاسودەییەکی زۆر دەکەم و ناشزانم بۆ!.

### سبەی ...

(سبەی) بۆ هەندێکمان، پڕۆژە و هیوایەکی نوێیە. بۆ هەندێکی تریش، کارێکی ئەمڕۆیە و بێ پاساو دەخرێتە سبەی!.

### تراژیدیا

بیرمەندی عێراقی حوسێن سەعدون دەڵێ: بۆ ئەوەی بەختەوەر بین، دەبێ بە چاوی منداڵ سەیری ژیان بکەین.

منداڵ لە کاتی یاریکردن، لە کەلاوە بێت یان کۆشک، هەر دڵخۆشە. گرفتی ئێمە ئەو کاتە دەست پێدەکات، کە گەورە دەبین، چونکە هەست دەکەین و تێدەگەین. کە هەستیشمان کرد، ژیان وەک کۆمیدیا دێتە بەرچاومان، تراژیدیاش ئەو کاتە دەست پێدەکات، کە تێدەگەین!.

### بووژانەوەی داهاتوو

کشتوکاڵ و گەشتیاری سەرچاوەی بووژانەوەی داهاتووە، سەرچاوەکانی ئاو و ووزەش دەبێ هاوتەریب بێ، چونکە هەر چوار کەرت یەکتری تەواو دەکەن.

### نان ...

ئەو پارچە نانە بچووکانەی لەسەر سفرەکان دەمێنێتەوە، فرێی مەدەن. دەکرێ کۆ بکرێتەوە و بخرێتە سەر دەرگای ماڵەکان، خەڵکێک هەیە بۆ باڵندە و پەلەوەرانی دەبات.

لەوانەشە ئەمە کلتووری زۆر خەڵک بێت، بەڵام گرنگە ببێتە کلتوورێکی (دەستە جەمعی) و هەر تەنها بۆ ماڵەکانیش نەبێت.

### نهێنی !

من پسپۆڕی سەربازی نیم، بەڵام کە وڵاتێک چەکت پێشکەش دەکات، بۆ دەبێ وێنەی چەکەکان لە میدیا بڵاوبکرێتەوە و دوژمنەکانت بزانن چیت هەیە و چیت نییە ؟!.

سەرنج: دەکرێ ئاماژە بە هاتنی چەک بکرێ، بێ ئەوەی جۆرەکەی نیشان بدرێ.

فەیس تایم!

لە بیرتانە لە کاتی (کۆرۆنا)دا، باڵندەکان چەند عەوداڵی، پارچەیەک نان و چەند دەنکە دانەوێڵەیەک بوون؟

### کاری باش

کە تۆ کارێکی باش دەکەی، بۆ دەبێ من دژی بوەستمەوە تەنها لەبەر ئەوەی، کە رقم لە تۆیە ؟!. یان دەبێ من دەستپێشخەرییەکی باشتر لە تۆ بکەم، یانیش، کە کارێک باش بوو بڵێم باش و کە خراپیش بوو بڵێم خراپ.
مەرجی سەرەکی نێوان من و تۆش ئەوەیە، کارە خراپەکان نەفرۆشینەوە خەڵک وەک کارێکی باش!.

### جیاوازی ...

پێم سەیرە کەسێک لێگزس یان رانج یان لاندکرۆزەرێکی 2024 لێخوڕێ و بە مۆبایلەکەی دەستییەوە سەرقاڵی قسە کردن بێ و ئاگای لە شەقام نەمێنێ و گرفت بۆ شوفێرانی تر دروست بکا. ئەمە لە کاتێکدا، کە زۆربەی ئۆتۆمبێلە تازەکان (Carplay) تێدایە، ئیتر خەڵکی وا خاوەن پارە بێت یان نا، چ جیاوازییەکی هەیە؟!.

### POS !

بۆ سەرکەوتنی پرۆسەی بەبانکی کردنی مووچە، پێویستە یەکەمجار متمانەی تەواو بۆ بانکەکان بگەڕێتەوە و دواتر جگە لە (ATM)یش، ئامێرەکانی (POS) لە زۆربەی شوێنە گشتییەکان و دوکان و بازاڕەکاندا هەبن و کاری پێبکرێ.

### پووچگەرایی

لەبەر ئەوەی، کە سەردەمی پووچگەراییە، بۆیە هیچ دڵی خۆت تونگ مەکە، کاتێک کە پووچێک لەسەر کورسییەکی بەرز دەبینی و زانایەکیش لەسەر زەوی!.

### قەیران

بەهێزیی یان لاوازیی هەر دەوڵەتێک، ئەو کات دەردەکەوێ، کە چۆن هەڵسوکەوت لەگەڵ قەیران و رووداوە کتوپڕەکان دەکات.

### مێگەل

نیتشە دەڵێ : کاتێک کە شەڕ دەکەی بۆ دەرچوون لە مێگەلێک، ئاگاداربە نەوەک بەبێ ئەوەی هەستی پێبکەی، بکەویتە نێو مێگەلێکی تر.

### جیاوازی ...

جیاوازییەکی زۆر هەیە لە نێوان لەخۆباییبوون و بروا بەخۆبوون.لە خۆباییبوون ئەوەیە، کە توانایەکت نییە و دەتەوێ بەسەر ئەوانی تردا بسەپێنی، کە هەتە .
بڕوا بەخۆبوونیش ئەوەیە، کە توانایەکت هەیە و دەتەوێ بیسەلمێنی، کە هەتە .

### هەڵە

هەڵەی بنەڕەتی لە شێوازی بیرکردنەوە ئەوەیە،کە خوێندنەوەی دروستت بۆ داهاتوو و ئەگەرەکانی نەبێ و تەنها لە دوای رووداوەکان کاردانەوەت هەبێ.

### بێمنەتی...

ئەو بێمنەتییەی، کە بەشێک لە بەرپرسانی حزب و حکومەت بەرامبەر بە ئەندام و هاووڵاتییانی نیشان دەدەن، دیاردەیەکی نامۆ و ناشیرینە و دواتریش خودی حزبەکان دەبێ لە جیاتی ئەوان باجەکەی بدەن. بێگومان ئەو جۆرە کەسانەش هیچ دڵسۆزییەکیان بۆ حزبەکانیان نییە و (بۆ وڵاتیش هەر هیچ) و تەنها وەک ئامرازێکی خۆ دروست کردن بەکاری دێنن!.
بۆیە چاودێری و سزای ئەمانە کارێکی پێویستە و خۆ بە فریشتە نیشاندانی مانگێک پێش هەڵبژاردنیش، یارییەکی سواوی ماوە بەسەرچووە و هیچ سوودی نییە!.

### درۆ و راستی

درۆ ئەگەر گەیەنەرێکی زۆڵی هەبێت، (بەداخەوە) دەبێتە راستی!. بەڵام راستی ئەگەر گەیەنەرێکی کارامەی نەبێت، ناتوانێ بمێنێ وەک راستی.

### گوڵە کەنم ...

گوڵە گەنمە بەتاڵەکان قیت دەوەستن و گوڵە پڕەکانیش بەلادا دەکەون، مەرج نییە هەر شتێکی قیتت بینی واتا پڕە و هەر شتێکی بەلا کەوتووشدا بینی واتا بەتاڵ!.

### یەزدان ...

لەگەڵ هەموو ئایین و فەلسەفە و فیکر و پێناسە و کلتووری جیاوازی بەباوەڕ و بێ باوەڕیدا، لە کۆتاییدا هەر (تۆ)ی کە لە سەرەتا و ناوەند و کۆتاییشدا، پرسیارە گەورەکەی هەموومانی.

# هێزی کەسایەتی



سەوزە سەعدی سەعید
مامۆستا لە کۆلێژی تەکنیکی
تەندروستی و پزیشکی هەولێر

**کاتێک لە ناوەوەی خودی خۆت هەست بە هێزێک دەکەیت، کە تۆ گەیشتیتە ئاستێکی دیاریکراو، زۆربەیجار دەبێتە هێزێکی ئەرێنی کەسایەتیەکە...**

**تایبەتمەندیەکانی هێزی کەسایەتی بریتییە لە هێـز و ئیرادەی خودی کەســەکە، بۆیە پێویســتە هەوڵ بدەین، کە :-**

١- ئەرێنی بە.
٢- ووردبین بە.
٣- ڕێک و لەسەرخۆ بە.
٤- ئامادەبە بۆ هەر کارێکی باش.
٥- کرداری بە.
٦- قایلکەر و لەسەرخۆبە.

جێبەجێکردنــی ئــەم خاڵانــە و دواتــر بەدەســتهێنانی هێزی کەسایەتی ئەوا بنچینەیەکی ســەرەکی دەبێت بۆ دەستەبەرکردنی سەرکەوتنی کەســەکە، کاتێک لە ناوەوەی خودی خۆت هەست بــە هێزێک دەکەیت، کە تۆ گەیشــتیتە ئاســتێکی دیاریکــراو، زۆربەیجــار دەبێتــە هێزێکــی ئەرێنی کەســایەتیەکە، باشــترین ڕێگا بۆ بەردەوام بوون لەسەر ئەم هێزە ئەرێنییە پێویستە بە بەردەوامی وەرزش بکەیــت هــەروەک چۆن وەرزشــوانێک بە بەردەوامــی وەرزش دەکات تاوەکو ماســولکەکانی بەهێــز بێــت. لــەم کاتــەدا دەبێتــە ئەنجامێــک بــۆ بەدەســتهێنانی هێــزی ئەرێنــی و دەتوانیــت تواناکانت بەکاربهێنیت ووردبین بیت تاکو بتوانیت ئەو ئامانجەی مەبەستتە بەدەستی بهێنیت و دڵنیا بیت لەو کارەی، کە داوای دەکەیت بە شێوەیەکی تەندروســت. لە چوارچێوەی ئەم کارەدا پێویســتە سەرەتا لە کاری بچووکەوە دەست پێبکەیت دوای ماوەیەکیتر، کە ئەنجامێکی باشــت هەبوو ئەوکات هەنگاو بە هەنگاو کاری گەورەتر و ئاواتی گەورەتر دەســت پێبکە، هەر کاتێک هەر بەربەســتێک یان ڕێگرییەک هاتە بەردەمت پێویستە بەردەوام بیت.

هەرچەندە ئەنجامدان و ســەرکەوتن لە کارەکان لە کەســێکەوە بۆ کەسێکیتر جیاوازە، بۆیە پێویستە هــەر تاکێــک پابەندی چەند بنەمایــەک بێت تاکو بتوانێــت لــە کارەکانیدا ســەرکەوتوو بێت، لێرەدا من باسی پێنج بنەمای سەرەکی دەکەم بۆ ئەوەی تاکەکە سەرکەوتوو بێت:-

١- پێویســتە هەر تاکێــک کاریگەرییەکانی ڕابردوو لەگەڵ خۆیدا بپچڕێنێت.
٢- تیشــک بخاتــە ســەر پێویســتیەکانی ڕۆژانــەی ژیــان و بتوانێــت بیرکردنەوەکانی لەلای خودی خۆی بێت.
٣- بزانیت، کە خۆت کێیت، پێویستە چی بکەیت تاکو بوونت هەبێت، ئەو سەرکەوتنە چیە، کە شایەنی خۆتە.
٤- بیرکردنــەوەی فراوانــت هەبێــت تاکــو ئامانجەکانت فراوان بێت.
٥- ســەیری وێنای نــاوەوەی خودی خۆت بکە بە ڕوونی، بەلایەنی کەم ڕۆژانە حەوت جار.

هەمــوو مرۆڤێــک کاتێــک لــە ئامانجەکەی نزیــک دەبێتەوە هەســت دەکات ســەرکەوتوو بــووە، ئەو کاتە بیر لــەوە دەکاتەوە چــۆن بگاتــە خاڵی لوتکــە. زیج زیجلــەر دەڵێت: (هەمــوو تایبەتمەندیــەکان پێویســتە بــۆ ئەوەی ســەرکەوتن بەدەست بهێنێت و هەست بکەیت، کە بەرەو پێشکەوتن بڕۆیت).

**چەنــد ئامۆژگارییــەک بــۆ ئــەوەی بگەیتــە لوتکە:-**

١- بــە بەردەوامی کار لەگەڵ ئەو کەســانە بکە، کە سەرکەوتوون.
٢- بــە بەردەوامی کار لەگەڵ ئەو کۆمەڵانە



بکە، کە پێشکەوتوون.

٣- پێشبینی فراوانت هەبێت تاکو لە ئامانجەکەت نزیک ببیتەوە.

٤- هاوکاری کەسانیتر بکە لە چوارچێوەی تواناکانیان.

٥- دڵخۆش بە کاتێک ئەو کەسانەی هاوکاریت کردون سەرکەوتوو بوون.

٦- کۆمەڵەی بچووک و چالاک لە دەوری خۆت کۆبکەرەوە.

بۆ دیاریکردنی خاڵی بەهێزی کەسایەتی زۆربەی خەڵک دەبینن، کە سەرکەوتن واتا ئازادی. دەستەبەرکردنی ئازادی بۆ ئەو کەسانەی، کە ئارەزویان هەیە هەڵسن بۆ دەستەبەرکردنی ئازادی لەو کاتەی، کە مەبەستیانە و دەیانەوێت، پێویستە ئەو کردارە فەراهەم بکەیت، کە دەتەوێت و مەبەستتە، ئەگەر خۆمان بوونی خۆمان نەچەسپێنین و ئەو کارەی دەمانەوێت بۆ خۆمان ئەنجامی نەدەین و توانای خۆمان بە ڕاستگۆیی فەراهەم نەکەین، ئەوا تەنها دەبێتە خەونێک و هیچیتر. هەموو مرۆڤێک پێویستی بەوەیە، کە بەختەوەر بێت و بتوانێت هەست بە دڵخۆشی بکات کاتێک بەختەوەرە، هیچ کاتیک چاوەڕێ مەبە بەختەوەری لە دەرگای ماڵەکەت بدات. بەڵکو پێویستە خۆت بەدوایدا هەنگاو بنێیت، وا هەست بکەیت، کە بەختەوەری و هەموو کەسانی دەوروبەرت بەشدار بکەیت لەو بەختەوەریەی، کە بە دەستت هێناوە. ئایا مافی ئەوەت نییە ئەو کەسانەی، کە خۆشت دەوێن و لە دەوروبەرت بیان بینیت، کە بەختەوەرن و هەست بە متمانە بەخۆبوون بکەن؟ خۆت لەناو کەشتی بەختەوەریدا نوقم بکە، وابکە لە بەختەوەری ڕاستەقینەدایت، بە ڕوخسارێکی پێکەنیناوی لەگەڵ هەموو کەسێک هەڵسوکەوت بکە، بیر لەو ئەنجامە بکەوە، کە هیوای بۆ دەخوازیت. هەوڵ بدە و کار بکە لە پێناو ئەو ئامانجەی، کە دەتەوێت بەدەستی بهێنیت، تەنانەت ئەگەر بتوانیت یەک هەنگاو بەرەو پێشەوە بڕۆیت. هەر سەرکەوتنێک هەوڵی بۆ بدەیت پێویستە لە خەیاڵی خۆتدا وێنەی بۆ بکێشیت. پێویستە خاڵی بەهێزی تایبەتی خۆت بزانیت، چونکە گرنگترین کاریگەریی هەیە بۆ ئەوەی سەرکەوتوو بیت. سەرکەوتن لە ژیاندا پابەندە لەسەر دیزاین کردنی ئەو دەرفەتانەی، کە لە ژیاندا دێتە پێشەوە و ژینگەیەکی گونجاوی بۆ فەراهەم دەکرێت و تێیدا سەرکەوتوو دەبین و ئەم سەرکەوتنە کاریگەریی ئەرێنی دەبێت لەسەر ژیانی کەسانی دەوروبەرمان.

کۆمەڵە هەنگاوێک هەیە، کە هەر تاکێک دەتوانێت هێز و توانای خۆی تێدا بەکاربهێنێت تاکو بتوانێت سەرکەوتن بەدەست بهێنێت.

١- دەرفەتی زێڕین و باش و گونجاو دەڕەخسێت لە هەر شوێنێک بێت.

٢- هەر کارێک هەنگاوی بۆ بنێیت وایدابنێ، کە سەرکەوتنە.

٣- هەر کارێک بتەوێت ئەنجامی بدەیت پێشبینیەکی باشی بۆ دابنێ.

٤- هێزێکی ئەرێنی و تەواو بۆ ژیانت فەراهەم بکە.

**سەرکەوتن لە ژیاندا پابەندە لەسەر دیزاین کردنی ئەو دەرفەتانەی، کە لە ژیاندا دێتە پێشەوە و ژینگەیەکی گونجاوی بۆ فەراهەم دەکرێت و تێیدا سەرکەوتوو دەبین...**



ديمانەی ئەكاديمی و زاناكانی زانكۆی پۆلیتەكنیكی هەولێر

# ”هۆكاری ئابووری، سیاسی و كۆمەڵایەتی رێگرن لەبەردەم خوێندنی قوتابیان“




توێژینەوەی زانستی بڵاوكراوەم هەیە و سەرۆك بەشم وەرگرتووە و بەشداربوویمە لە لێژنەی كۆنفرانسی زانكۆی پۆلیتەكنیك و زانكۆی تر...

پرۆفیسـۆر د.پەرژین شـێخ محەمەد عەزیـز لەدایك بووی شاری هەولێرە و خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی و زانكۆی هەر لەشاری هەولێر تەواو كردووە .

دیدار و ئامادەكردنی: شاخەوان ڕەزا ئەحمەد

**پ: بەڕێزتان دەرچووی چ زانکۆیەکن و باسێکی بەدەستهێنانی بڕوانامەکانت بکە بۆ خوێنەران ؟**

و: بەخوشحاڵییەوە دەرچووی زانکۆی سەلاحەدین کۆلێژی کارگێری و ئابووری بەشی ژمێریاریم بە پلەی زۆرباشەی باڵا و بەپلەی یەکەم دەرچووم لەسەر ئاستی بەش و کۆلێژ .

لە ساڵی 1993 بڕوانامەی ماستەرم بەدەستهێناوە لەزانکۆی بەغداد لە کۆلێژی کارگێری و ئابووری بەشی ژمێریاری بەپلە زۆرباشەی باڵا. لە ساڵی 2007 بڕوانامەی دکتۆرام بەدەستهێناوە لە زانکۆی سەلاحەددین.

**پ: بۆ ئەوکات، کە زهحمەت بوو خوێندن بۆ خانمان ؟ تاچەند خێزانەکەت کاریگەری داب و نەریتی کۆمەڵگە کاری تێکردن ؟ لەکاتێکدا دەیانگووت شەرمە کچان بچن بۆ قوتابخانە ؟**

و: بەپێچەوانەوە من خێزانەکەم (دایک و باوکم) زۆر هانیان دەدام بۆ خوێندن و بۆ پێشکەوتن لەهەموو قۆناغەکانی خوێندن. ئەوەش بەهۆی ئەوەی سوپاس بۆ خوا خێزانێکی تێگەیشتووم هەبوو، کە ئەو جۆرە داب و نەریتە زاڵ نەبوو بەسەریان .

**پ: قوتابیانی ئێستا بۆچی وەک جاران حەز و ئارەزووی خوێندنیان نەماوە ؟**

و: بەڕای من گرنگترین هۆکارەکان هۆکاری ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتین، کە دەبنە ڕێگر لە بەردەم قوتابیان و دووریان دەخەنەوە لە حەز و ئارەزووی سەرکەوتن. هەندێکیان پێیان باشە کار بکەن لەبەر هۆکاری ئابووری، بۆ نموونە دەیانەوێت خۆیان تەرخان بکەن بۆ بەخێوکردنی خێزانەکانیان، بۆیە ئەو بابەتە ڕەنگدانەوەی هەیە لە ئێستادا لە ڕەفتاری قوتابیان لەنێو ژینگەی زانکۆدا بەتایبەتی بۆتە هۆی کەم بوونی گوڕ و تین بۆ خوێندن و پابەند نەبوونیان بە بنەما سەرەکیەکانی ژینگەی ئەکادیمی، لەوانەش ڕێزنەگرتن لەکاتی وانە ووتنەوەدا.

**پ: سەرەتای کاری بڕیاردەریت، کە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی1995 تاچەند بووە ئەزموون و پاڵپشت بۆ بەڕێزتان ؟**

و: ئەکید لەسەرەتای کارکردنم لەبەشەکەمدا لەو کاتیەوە ئەزمونێکی زۆرباشم بەدەستهێا لەچۆنیەتی بەرێوەبردنی بەشی زانستی و چۆنیەتی بەرێوەبردنی لیژنە زانستیەکان و لیژنەی تاقیکردنەوەکانی بەش .

**پ: بەڕێزتان شان بەشانی چەند خانمێکی تر، کە بە پەنچەکانی دەست دەژمێردرێن و جێگاتان دیارە لەبواری زانستی لەکاتێکدا خوێندوتانە و بڕوانامەی بەرزتان بەدەستهێناوە، کە خوێندن زۆر زەحمەت بوو. ئایا لەو کاتەدا جیاوازیتان لەنێوان دەکرا لەگەڵ ڕەگەزی بەرامبەر یا هەر لەلایەن ئەو ڕەگەزەوە ؟**

و: بەڵێ بۆ ئەوکات بڕوانامەی ماستەر و دکتۆرا لەبەشەکەی خۆم زۆر کەم بوو یاخود هەر نەبوو. بۆیە ئەوکاتی، کە بڕوانامەی ماستەرم بەدەستهێنا و لە زانکۆی بەغداد هاتمەوە ڕێزگرتنێکی زۆرم دیت لەلایەن ڕاگرایەتی کۆلێژ و بەشەکەم، چونکە بەشی ژمێریاری زۆر پێویستی بە کەوادیری تەدریسی هەبوو و جیاوازی نەبوو بەپێی ڕەگەزی نێر و مێ.

**پ: چەندین توێژینەوەی زانستیت ئەنجامداوە تاگەیشتوی بەم کاتەی ئێستات و چەندینجار وەک سەرۆک بەش و لیژنەی کۆنفرانس و ئەندامی لیژنەی بەرزکردنەوەی پلەی زانست و لیژنەی خوێندنی باڵای بەش و لیژنەی بەدواداچوون و هەڵسەنگاندنی توێژینەوە و پرۆژەی دەرچوو بوویتە ئایا ماندوو نەبوویتە لەکارەکانت یا هیوای خوێندن و خۆ پێگەیاندنی زیاترت ماوە؟**

و: تا ئێستا ژمارە یەک لە توێژینەوەی زانستی بڵاوکراوەم هەیە و پۆستی سەرۆک بەشم وەرگرتووە و بەشداربوویمە لە ژمارەیەک لە لیژنەی کۆنفرانسی زانکۆی پۆلیتەکنیک و زانکۆی تر و ئەندام بوویمە لە لیژنەی ناوەندی بەرزکردنەوەی پلەی زانستی کارگێریەکان لەساڵانی 2017 و 2018 و 2019 و 2020 و 2022 و 2023 و 2024، بۆ چەند ساڵێکیش سەرۆک لیژنەی استلال بوویمە لەسەر ئاستی زانکۆ بۆ بەشە کارگێرییەکان و هەروەها زۆر لیژنەی تریشم هەبووە . سەرپەرشتی 20 قوتابی ماستەر و دکتۆرام کردووە لەزانکۆی جیا جیا، هەروەها سەرپەرشتی ژمارەیەک قوتابیانی کۆلێژم کردووە، 50 گفتوگۆی نامەی ماستەر و تێزی دکتۆرام کردووە تا ئێستا لە زانکۆکانی بغداد، هەولێر، سلێمانی، دهۆک، زانکۆی پۆلیتەکنیک و زانکۆی سەلاحەدین.

بەڵێ بێگومان زۆر ماندوبوویمە تا گەیشتوومەتە ئێرە، ئەگەر خوێندنی زیاتر هەبایە پاش دکتۆرا سەرکەوتوانە ئەویشم دەخوێند و بەردەوامیش دەبم لەخۆ پێگەیاندن بۆ گەیشتن بە سەرکەوتنی زیاتر.

> **سەرپەرشتی ٢٠ قوتابی ماستەر و دکتۆرام کردووە لەزانکۆی جیا جیا، هەروەها سەرپەرشتی ژمارەیەک قوتابیانی کۆلێژم کردووە، ٥٠ گفتوگۆی نامەی ماستەر و تێزی دکتۆرام کردووە...**

# پانۆرامای چالاکی و هەواڵەکانی زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر



* بەمەبەستی گرنگیدان بەبواری خوێندنی زانستی و پیشەیی و تەکنیکی، ڕێککەوتننامەیەکی زانستی لەسەر ئالوگۆڕی قوتابی و پرۆگرامەکانی خوێندن و خول و ڕاهێنانی تەکنیکی و پیشەیی لەنێوان زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێرو زانکۆی نینگبۆی چینی لە وڵاتی چین واژۆ کرا..



* وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی پشتیوانی بۆ زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر دووپات دەکاتەوە لە کۆبوونەوەی نێوان وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی لەگەڵ پ.د.ئیدریس محەمەد تاهیر هەرکی، سەرۆکی زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر.



* 24ی نیسانی 2024، لە مەراسیمێکدا خەڵاتی ڕێزلێنان بەخشرایە ژمارەیەک قوتابی خۆبەخش، کە لەچالاکییەکانی زانکۆ بەتایبەت بە هەردوو پێشانگای هەلی کار، کە لە ساڵی ڕابردوو ئەنجامدرا هاوکاری بەڕێوبەرایەتییەکانی سەرۆکایەتی زانکۆیان کردبوو.




* ڕۆژی یەکشەممە 28ی نیسانی 2024، بە ئامادەبوونی پ.د.ئیدریس محەمەد تاهیر هەرکی سەرۆکی زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر و پ.د.فواز احمد الزغول بەڕێوەبەری ئەنجومەنی عەرەبی، 29هەمین دیداری زانکۆ عەرەبییەکان بۆ ئالوگۆری دەرفەتی مەشق و ڕاهێنانی قوتابیان بە بەشداری زیاتر لە 70 سەرۆک و یاریدەدەرانی سەرۆکی زانکۆکانی وڵاتانی عەرەبی، لە هۆڵی سەنتەری ڕۆشنبیری زانکۆمان، دەستی بەکارەکانی کرد کە بۆ ماوەی دوو ڕۆژ بەردەوام بوو.



* ڕۆژی پێنج شەممە 25ی نیسانی 2024، کۆلێژی تەکنیکی تەندروستی و پزیشکی هەولێر پێشانگای هەلی کار ڕێکخست.

پێشەنگاکە بەئامانجی ڕەخساندنی هەلی کار بۆ دەرچووان لە ناو کەمپی کۆلیژی تەکنیکی تەندروستی و پزیشکی هەولێر ڕێکخرابوو، چەندین کۆمپانیا و نەخۆشخانە و بەشێک لە تاقیگە تایبەتەکان بەشداربوون تێیدا.



* ڕۆژی یەک شەممە2024/4/28، راگری پەیمانگەی تەکنیکی مێرگەسۆر سەردانی ئەنجوومەنی باڵای خانمان و گەشەپێدان کرد ، لەلایەن (د.خانزاد احمد) ئەمینداری گشتی باڵای خانمان و گەشەپێدان پێشوازی لێکرا. لەکۆبونەوەیەکدا باس لەهەماهەنگی نێوان هەردوو لا کرا.



* یەکشەممە ٢٦/ ئایار/ ٢٠٢٤ سەرۆکی زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر و یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆ بۆ کاروباری دارایی و کارگێری سەردانی پەیمانگەی تەکنیکی پزیشکی هەولێریان کرد. لەلایەن بەڕێز ڕاگری پەیمانگەی تەکنیکی پزیشکی هەولێر پێشوازییان لێکرا. لەو سەردانەدا لێژنەی تاقیکردنەوەکان و هۆڵەکانی تاقیکردنەوەی بەسەر کردەوە بۆ زانینی چۆنیەتی بەڕێوەچوونی ئەزموونەکان لە پەیمانگە. داوای کرد تاقیکردنەوەکان لە کەشێکی ئارام بەڕێوەبچن.

* ڕۆژی پێنج شەممە 23/5/2024 سەرۆکی زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر و بەڕێز یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆ سەردانی کۆلێژی تەکنیکی ئەندازیاری هەولێریان کردو لەلایەن بەڕێز ڕاگری کۆلێژی تەکنیکی ئەندازیاری هەولێر تاقیکردنەوەکانی کۆلێژەکەیان بەسەرکردەوە بۆ زیاتر لەنزیکەوە ئاگادار بوون لەچۆنییەتی بەڕێوەچوونی تاقیکردنەوەکانی کۆتایی سمیستەری بەهارەی کۆلێژەکە..



* شاندێکی زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر بەسەرۆکایەتی پ.د.ئیدریس محەمەد تاهیر هەرکی سەرۆکی زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر لە ژووری بازرگانی و پیشەسازی هەولێر، بەشداری دیدارێکی تایبەت بە خستنەرووی بیرۆکە و داهێنانەکان کرد، کە لە لایەن ژووری بازرگانی و پیشەسازی هەولێرەوە ڕێکخرابوو.

لەدیدارەکەدا سیمینارێک لە لایەن د.عیماد بالەک سەبارەت بە یەکەم کارگەی کۆکردنەوەی ئۆتۆمبێلی کارەبایی لەعێراق و هەرێمی کوردستان پێشکەش کرا.





* ڕۆژی شەممە 25ی ئایاری 2024، یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆ بۆ کاروباری زانستی، بە یاوەریی بەڕێز ڕاگری کۆلێژی تەکنیکی شەقڵاوە سەردانی کۆلێژی تەکنیکی سۆرانیان کرد بەمەبەستی زیاتر ئاگادار بوون لە بەڕێوەچوونی تاقیکردنەوەکانی کۆتایی سمستەری دووەم و چوارەمی قوتابییانی کۆلێژەکە.

* ڕۆژانی شەممە و یەک شەممە 18/19ی ئایاری 2024 ، بە ئامادەبوونی بەڕێز ڕاگری کۆلێژی تەکنیکی سۆران، قوتابییانی بەشی کارگێری کار لە کۆلێژی تەکنیکی سۆران چەندین پرۆژەیان سەبارەت بە بابەتی دەستپێشخەری کار و پرۆژە بچووکەکان پێشکەش کرد، بۆ ئەوەی لە داهاتوو پرۆژەکانیان بەردەوام بێت و پشت بە تواناکانی خۆیان ببەستن.






* ئێوارەی چوارشەممە 22ی ئایاری 2024، ڕاگری پەیمانگەی تەکنیکی مێرگەسۆر سەردانی کۆمپانیای (زۆم)ی کرد و لەلایەن سەرپەرشتیاری گشتی کۆمپانیاکەوە پێشوازی لێکرا. لەدیدارێکدا هەردوولا کۆک بوون لەسەر دروستکردن و پەرەپێدانی پەیوەندی لەنێوان پەیمانگەی تەکنیکی مێرگەسۆر و کۆمپانیای زۆم.

* ڕۆژی سێشەممە ٢١/ ئایار/ ٢٠٢٤ بەڕێز ڕاگری پەیمانگەی تەکنیکی پزیشکی هەولێر. پێشوازی کرد لەبەڕێزان (شاخەوان سلیم) سەرۆکی لقی هەولێری سەندیکای کارمەندانی تەندروستی و بەڕێز (محمد عبدالقادر) جێگری سەرۆک و کارگێری لق و نوێنەری سەندیکا .



* ڕۆژی چوارشـــەممە 26ی حوزەیرانـــی 2024، پ.د. ئیدریـــس محەمەد تاهیر هەرکی ســـەرۆکی زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر پێشـــوازی کرد لەماتســـوموتو هوتوشـــی باڵیۆزی یابان لەعێراق و شاندی یاوەری.



لەدیدارێکدا کەشـــاندێکی زانکۆ بەشـــداربوون تێیدا سەرۆکی زانکـــۆ خۆشـــحاڵی خۆی دەربڕی بەســـەردانی باڵیـــۆزی یابان و شـــاندی یـــاوەری و کورتەیەکی دەربارەی مێـــژووی زانکۆ و دید و ســـتراتیژییەتی کارکردنـــی زانکـــۆی پۆلیتەکنیکی هەولێری بۆ شـــاندی میوان خستەڕوو، هەروەها باســـی لەو پسپۆڕییانە کرد کە لە زانکۆمان بوونی هەیە. .



* شاندێکی زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر بەسەرۆکایەتی پ.د. ئیدریس محەمەد تاهیر هەرکی سەرۆکی زانکۆ، بەشدارییان کرد لەڕێوڕەسمی ڕۆژی نەتەوەی وڵاتی ڕووسـیای فیدرال کەلەلایەن کۆنسوڵخانەی وڵاتی ڕووسیا لە هەولێر ڕێکخرابوو.

ســـەرۆکی زانکۆو شـــاندی یـــاوەری لەلایەن کۆنســـوڵخانەی ئەو وڵاتە بانگهێشـــت کرابوون . بەشـــداری کردن لەو ڕێوڕەســـمەدا لە چوارچێوەی ئەو پەیوەندییە بەهێزەی نێوان زانکۆمان و کۆنســـوڵخانە و خودی بەڕێز (RUBIN Maxim Olegovich) کۆنســـوڵی ڕووســـیادا هەیە و چەند جارێکیش سەردانی سەرۆکایەتی زانکۆی کردووە..



* ڕۆژی ســـێ شـــەمە 11ی حوزەیرانـــی 2024، لەهۆڵی کۆنفرانسەکانی سەرۆکایەتی زانکۆ بەسەرپەرشتی پ.د.ئیدریـــس محەمـــەد تاهیر هەرکی ســـەرۆکی زانکۆی پۆلیتەکنیکـــی هەولێر و بە هەماهەنگـــی نێوان وەزارەتی خوێندنـــی باڵاو توێژینەوەی زانســـتی و وەزارەتی ناوخۆ، مەراســـیمی یەکەمین خولی دەرچوونی قوتابیانی بەشـــی بەڵگەکانی تاوان لەپەیمانگەی تەکنیکی پزیشکی هەولێر بەڕێوەچوو.



* ڕۆژی یەکشەممە 2ی حوزەیرانی 2024، سەرۆکی زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر پێشوازی لەبەڕێز سنچۆل لیم، کونسولی گشـــتی کۆریای باشوور لە هەرێمی کوردستان و شاندی یاوەری کرد.

لەدیدارێکـــدا، کە شـــاندی هەردوولا ئامـــادەی بـــوون گفتوگۆکـــرا دەربـــارەی پتەوکردنـــی پەیوەندییەکانـــی زانکۆمـــان لەگـــەڵ زانکۆکانـــی وڵاتـــی کۆریـــا لەرێـــی کۆنوسلخانەی ناوبراوەوە. .

* ڕۆژی یەک شەممە ٢/ حوزەیران / ٢٠٢٤ بەنوێنەرایەتی بەڕێز سەرۆکی زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر. هەردوو بەڕێزان ڕاگری پەیمانگەی تەکنیکی پزیشکی هەولێر و بەڕێز ڕاگری کۆلێژی تەکنیکی تەندروستی هەولێر. بەشدارییان کرد لەفیستیڤاڵی بەهارە لەکۆلێژی زانستە تەندروستیەکان لە زانکۆی هەولێری پزیشکی، کە تایبەت بوو بە هونەری کاری دەستی.



*ڕۆژی سێ شەممە 30ی تەمووزی 2024، بە نوێنەرایەتی سەرۆکی زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر، پ.ی.د. عەبدوڵا عومەر یاسین بەڕێوەبەری ئۆفیسی پەیوەندییە نێودەوڵەتەکانی زانکۆ بەشداری کرد لەچوارەمین کۆنفرانسی زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان، کە لەلایەن زانکۆی تەکنیکی فوراتی ناوەڕاست و بەهاوبەشی لەگەڵ یەکێتی نێودەوڵەتی مێژوونووسان لە شاری هەولێر بەڕێوەچوو. لەم کۆنفرانسەدا 61 توێژینەوە لە لایەن 73 توێژەرەوە پێشکەشکرابوون.



* لەژێر چاودێری پ.د. ئیدریس محەمەد تاهیر هەرکی سەرۆکی زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر و بە ئامادەبوونی بەڕێزان یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆ بۆ کاروباری کارگێڕی و دارایی و یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆ بۆ کاروباری قوتابییان و ژمارەیەک ئەندامی ئەنجومەنی زانکۆ و بەڕێوبەرانی سەرۆکایەتی زانکۆ مەراسیمی کۆتایی هاتنی مەشقی هاوینەی قوتابییانی زانکۆکانی فەڵەستین و سەڵتەنەی عومان بەڕێوەچوو .

هەریەکە لە قوتابییانی زانکۆکان سیمناری تایبەت بە مەشقەکەیان و لە ڕووی زانستی و کەلتورییەوە پێشکەش کرد، هەروەها سوپاسی سەرۆکایەتی زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر و گشت کۆلێژ و پەیمانگەکان و ستافی زانکۆیان کرد بۆ ئەو پێشوازی و خزمەتەی کە پێشکەشیان کرا.



* ئێوارەی ڕۆژی چوارشەممە 24ی تەمووزی 2024، بەڕێز ڕاگری پەیمانگەی تەکنیکی مێرگەسۆر، بەئامادەبوونی بەرێز هەڵگۆرد شێخ نەجیب سەرپەرشتیاری ئیدارەی سەبەخۆی سۆران و ژمارەیەک لەبەرپرسانی حیزبی و حکومی و وەرزش دۆستان بەشداریکرد لەیاری کۆتایی پاڵەوانێتی هەڵبژاردەی شارەکان بۆ تۆپی پێ لەیاریگای د.فرسەت سۆفی لە شاری سۆران.



*ڕۆژی پێنج شەممە 29ی ئابی 2024 سەرۆکی زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر کۆبوونەوەیەکی ئۆنلاینی لەگەڵ کونسوڵی گشتی هیندستان لەهەولێر و سەرۆکی زانکۆی (National Forensic Sciences University in India) ئەنجامدا.

لەکۆبوونەوەکەدا کە بەڕێز ڕاگری کۆلێژی تەکنەلۆجی هەولێر بەشدار بوو، گفتوگۆکرا لە بارەی پتەوکردنی پەیوەندی نێوان هەردوو زانکۆکە بە هاوکاری کوسوڵخانەی هیندستان لە هەولێر بەمەبەستی سوود وەرگرتن لە ئەزموونی یەکتر لە بواری زانستی و ئەکادیمی.





* ڕۆژی سێشەممە 6ی ئابی 2024، بە ئامادەبوونی د.ئارام محەمەد قادر وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی و (مارک سترۆ) کونسڵی گشتی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا لە هەرێمی کوردستان و پ.د. ئیدریس محەمەد تاهیر هەرکی سەرۆکی زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر و سەرۆکی هەریەک لە زانکۆکانی پۆلیتەکنیکی سلێمانی و دهۆک و ژمارەیەک لەئەندامانی ئەنجومەنی زانکۆ، مامۆستایان و میوانان، لە ڕێورەسمێکدا تاقیگەکانی ئەکادیمیای سیسکۆ بۆ پەرەپێدانی تەکنەلۆجیای ئەمریکی لە کەمپی یەکی زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر کرایەوە.

سەرەتا وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی وتەیەکی پێشکەشکرد و ڕایگەیاند: خۆشحاڵم ئەمرۆ لە ڕێورەسمی ڕاگەیاندنی تەواوبونی پرۆژەی (پەرەپێدانی تەنکۆلۆجیای ئەمەریکی) لە هەرسێ زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر و سلێمانی دهۆک لەگەڵتان بەشدارم، وتیشی: ئەم پرۆژەیە تایبەتە بە دەستەبەرکردنی تەکنەلۆجیای ئەمەریکی سیسکۆ لە بواری نێتۆرکینگ و سایبەر سکیوریتی بۆ تاقیگەکانی کۆمپیوتەر لە هەر سێ زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر و سلێمانی و دهۆک.

تاقیگەکانی ئەکادیمیای سیسکۆ بۆ پەرەپێدانی تەکنەلۆجیای ئەمریکی لە هەرێمی کوردستان (Promoting American Technology in Iraqi Kurdistan Region) بە پاڵپشتی دارایی حکومەتی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا بە بڕی یەک ملیۆن و چوار سەد هەزار دۆلار لەلایەن ڕێکخراوی (USAID) ئەمریکی لە هەر سێ (زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر، پۆلیتەکنیکی سلێمانی و پۆلیتەکنیکی دهۆک) جێبەجێ کراوە، کە پێکهاتووە لە دروستکردنی (٩) نۆ تاقیگەی زانستی بەنوێترین ئامێری زانستی سەردەمیانە لە بواری گەیاندن (Communication) بۆ هەرسێ زانکۆ پۆلیتەکنیکیەکەی هەرێمی کوردستان، هاوکات بۆ هەریەک لەم تاقیگانە ڕاهێنانی تایبەت بەستافی نێوخۆیی و مامۆستایانی زانکۆکان لە بواری (تێلیکۆمیونیکەیشن) و (ئای تی) و (نێتۆرکینگ) کراوە بۆ ئەوەی بتوانن بەشێوەیەکی زانستی تاقیگەکان بۆ مەبەستی فێرکاری بەکاربهێنن.

---



*ڕۆژی 5ی ئابی 2024، لەژێر چاودێری سەرۆکی زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر. بە ئامادەبوونی یاریدەدەرانی و ژمارەیەک لە ئەندامانی ئەنجومەنی زانکۆ و بەڕێوبەرانی سەرۆکایەتی، لە سەرۆکایەتی زانکۆ مەراسیمی کۆتایی هاتنی مەشقی هاوینەی قوتابیانی میسری بەڕێوەچوو.
لەمەراسیمەکەدا قوتابییانی میوان سیمینارێکی تایبەتیان پێشکەش کرد و تیایدا بەسوپاسەوە باسی ئەو سوودە زانستی و کەلتوورییەیان کرد، کە لەماوەی مەشقەکەیان بینیویانە و سوپاسی سەرۆکایەتی زانکۆ و کۆلێژ و پەیمانگەکان و ستافی زانکۆیان کرد، دواتر بەراپۆرتێکی وێنەیی سەردانی کردنیان بۆ شوێنەکان خستەڕوو و زۆر دڵخۆش بوون لەو ماوەیەی لەکوردستان مانەوە و مەشقەکەیان بە سەرکەوتوویی تەواو کرد.

---




* ڕۆژی شەممە 14ی ئەیلوولی 2024، لە کامپسی پەیمانگەی تەکنیکی مێرگەسۆر، ڕێکخراوی ئاسک ئیجوکەیتەر دوو پانێڵی لەبارەی شێواز و چۆنیەتی خوێندن سەرکەوتنی قوتابییانی پۆلی دوانزە بەبەشداری کەسانی پسپۆڕ ڕێکخست..



* ڕۆژی سێ شەممە 10ی ئەیلوولی 2024، لەژێر چاودێری بەڕێز سەرۆکی زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر و بە سەرپەرشتی ڕاگری کۆلێژی تەکنیکی تەندروستی و پزیشکی هەولێر، بەڕێوەبەرایەتی سەنتەری پەرەپێدانی کار (CDC) و بەڕێوەبەرایەتی پەرەپێدانی پرۆگرامەکانی خوێندن (DCD) پێشانگەی هەلی کاری لەکۆلێژی ناوبراو کردەوە.



* لە ساڵیادی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستان، پەیمانگەی تەکنیکی کارگێڕی هەولێر هەڵمەتی نەمام چاندن بەڕێوە دەبات.

ڕۆژی چوارشەممە ٢٥ی ئەیلوولی ٢٠٢٤، بەسەرپەرشتی بەڕێز پ.ی.د.سەرسام خەلیل شوانی ڕاگری پەیمانگە و بە ئامادەبوونی بەڕێز مامۆستا کۆڤان عمر بارزانی بەرپرسی ڕێکخراوی مامۆستایانی زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر و گشت ئەندامانی ئەنجوومەنی پەیمانگە و مامۆستایان و قوتابیانی پەیمانگە لە ساڵیادی پڕ شکۆی ٧ ساڵەی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستان هەڵمەتێکی نەمام چاندن لە پەیمانگە بەڕێوەچوو.



*بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی و سەلامەتی زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر بە هاوکاری بەڕێوەبەرایەتی بەرگری شارستانی هەولێر خولی بەرگری شارستانی بەشێوەی تیۆری و پراکتیکی لە ماوەی سێ ڕۆژ بۆ فەرمانبەرانی زانکۆ کردەوە.



* ڕۆژی سێ شەممە 24ی ئەیلوولی 2024، بەڕێز سەرۆکی زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر بە ئامادەبوونی ژمارەیەک لە ئەندامانی ئەنجومەنی زانکۆ کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانی لەبارەی کردنەوەی چەندین بەشی زانستی نوێ لە زانکۆمان ڕێکخست.

لە کۆنگرە ڕۆژنامەوانییەکەدا پ.د.ئیدریس محەمەد تاهیر هەرکی، کردنەوەی کۆلێژی تەکنیکی ئەندازیاری زانستەکانی کۆمپیوتەر و (11) بەشی زانستی نوێ لە کۆلێژ و پەیمانگەکانی سەر بە زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر ڕاگەیاند، ئەوانیش پێک هاتوون لە بەشەکانی: زیرەکی دەستکرد (AI) لە کۆلێژی ئەندازیاری بۆ زانستەکانی کۆمپیوتەر، تەکنیکی وەرگێڕان لە کۆلێژی تەکنیکی کارگێڕی هەولێر، تەکنیکی پرۆتۆکۆڵ و شیاندنی دبلۆماسی لە کۆلێژی تەکنیکی شەقڵاوە، سەرچاوە مرۆییەکان، کارگێڕی ڕێبەری گەشتیاری لە پەیمانگەی تەکنیکی کارگێڕی هەولێر، بەرهەمهێنان و پەروەردەکردنی ماسی، تەندروستی کۆمەڵ لە پەیمانگەی تەکنیکی خەبات، تەکنیکی تەلارسازی لە پەیمانگەی تەکنیکی چۆمان، پەروەردەکردنی مێش هەنگوین، ڕووەکە پزیشکییەکان لە پەیمانگەی تەکنیکی مێرگەسۆر.

* ڕۆژی یەکشەممە 22 ئەیلولی 2024، لەژێر چاودێری بەڕێز سەرۆکی زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر و بەئامادەبوونی یاریدەدەرانی سەرۆک زانکۆ و ژمارەیەک لە ئەندامانی ئەنجومەنی زانکۆمان، نوێنەرانی زانکۆی سەلاحەدین و زانکۆی تیشک، لەهۆڵی سەرۆکایەتی زانکۆ ڕێوڕەسمی ئاهەنگی چوونە نێو ڕانکی جیهانی قوتابییانی زانکۆمان– ACI Kurdistan chapter ACI Students Chapter Epu student بەڕێوەچوو.

لەئاهەنگەکەدا بڕوانامەی نێودەوڵەتی بەخشرایە قوتابیانی هەرسێ زانکۆکە، کە لەنێویشیاندا قوتابییانی زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر بەشدارییی کارایان هەبوو لە چەندین چالاکی تایبەت بە ACI Students Chapte

* 18ی ئەیلوولی 2024، سەرۆکی زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر بەیاوەری یاریدەدەرانی بۆ کاروباری کارگێڕی و دارایی، کاروباری زانستی و خوێندنی باڵا، کاروباری قوتابیان و بەشەناوخۆییەکان، بەشێک لە ئەندامانی ئەنجومەنی زانکۆ و بەڕێوەبەری نووسینگە بەشداری کرد لەمەراسیمی بەنێودەوڵەتی کردنی بڕوانامەی بەشی پەلی دەستکرد و پاڵپشتیەکان لەکۆلێژی تەکنیکی تەندروستی و پزیشکی هەولێر.



* ڕێکەوتی ٩-٩-٢٠٢٤ بەئامادەبوونی سەرۆکی ئەنجومەنی کۆلێژی تەکنیکی شەقڵاوەو بڕیاردەرو گشت ئەندامانی ئەنجوومەن و نوێنەری یەکێتی قوتابیان دانیشتنی یەکەم بۆ ساڵی نوێی خوێندنی (٢٠٢٤-٢٠٢٥) ئەنجامدراو تیایدا سەرەتا بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن پیرۆزبایی ساڵی نوێی خوێندنی لەگشت مامۆستاو قوتابیان کرد و دواتر چەندین بڕیار سەبارەت بە خوێندنی بەیانیان و ئێواران و هۆڵەکانی خوێندن و بواری کارگێڕی و چەندان لایەنی زانستی گفتوگۆو خرایە بەر باس و بڕیاری لەبارەوە درا.

* ڕۆژی پێنج شەممە، ٥ی ٩ی ٢٠٢٤، بە سەرپەرشتی پ.ی.د. کاوە خلیل میران ڕاگری پەیمانگەی تەکنیکی خەبات، ئەنجوومەنی پەیمانگە کۆبوونەوەی ژمارە یەکی بۆ ساڵی خوێندنی ٢٠٢٤-٢٠٢٥ ئەنجامدا، بۆ پێشوازی کردن لە وەرزی نوێی خوێندن و تیایدا چەندین بابەتی کارگێڕی و زانستی تاوتوێ کرا.



* ڕۆژی چوارشەممە 16ی تشرینی یەکەمی 2024، پ.د.ئیدریس محەمەد تاهیرهەرکی سەرۆکی زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر بەیاوەری یاریدەدەرانی سەرۆکی زانکۆ و بەشێک لە ئەندامانی ئەنجومەن و بەڕێوەبەری نووسینگەی سەرۆکی زانکۆ و بە ئامادەبوونی سەرۆک بەشەکانی (ICTE و AITE) و ژمارەیەکی بەرچاو لە مامۆستا و قوتابی، چەندین تاقیگە و هۆڵی خوێندنیان لە کۆلێژی تەکنەلۆجی هەولێر کردەوە.

لە ڕێورەسمێکدا سەرۆکی زانکۆ و ڕاگری کۆلێژی تەکنەلۆجی هەولێر، هەڵسان بە کردنەوەی نەۆمی تازەی بەشی (ICTE) کە پێکهاتووە لە (3) تاقیگە، (2) هۆڵی خوێندن و (2) ژووری مامۆستایان. هاوکات لە بەشی (AITE) بە هەمان شێوە، (4) تاقیگە، (3) هۆڵی خوێندن، (4) ژووری مامۆستایان و چەند ژوورێکی دیکەی خزمەتگوزاری، دوای نۆژەنکردنەوەیان کرانەوە.



# ڕۆڵی زیرەکیی دەستکرد لە خوێندنی زانکۆیی و گرنگی بۆ قوتابیان



ئامادەکردنی/ م. سوران ذنون یاسین
مامۆستا لە کۆلێژی تەکنەلۆجی هەولێر

**زیرەکی دەستکرد (AI) لە سەردەمی ئێستادا بووەتە بەشێکی دانەبڕاو لە ژیانی ڕۆژانەمان بە تایبەت لە بواری پەروەردە و فێرکردندا، ئەم تەکنەلۆژیایە گۆڕانکارییەکی گەورەی بەدواوە هێناوە و دەرفەتی نوێی بۆ باشترکردنی پرۆسەی فێربوون خوڵقاندووە، بەتایبەتی لە ئاستی خوێندنی زانکۆیی، زیرەکی دەستکرد ڕۆڵێکی بەرچاوی هەیە لە گۆڕینی شێوازی وانەوتنەوە، توێژینەوە و فێربوون.**

لەم وتارەدا هەوڵ دەدەین تیشک بخەینە سەر گرنگی و کاریگەرییەکانی بەکارهێنانی زیرەکی دەستکرد لە خوێندنی زانکۆیی، لێرەدا ئێمە چەند پرسیارێکی سەرەکی دەخەینە بەر باس:

١- چۆن زیرەکی دەستکرد دەتوانێت پرۆسەی فێربوون باشتر بکات؟
٢- چ دەرفەت و ئاستەنگێک لە بەکارهێنانی ئەم تەکنەلۆژیایە لە ژینگەی ئەکادیمیدا هەیە؟
٣- چۆن دەتوانین هاوسەنگی لەنێوان تەکنەلۆژیا و شێوازە نەریتییەکانی فێرکردن ڕابگرین؟
٤- کاریگەرییەکانی زیرەکی دەستکرد لەسەر پێشکەوتنی قوتابیان چین؟

هەوڵ دەدەین وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەینەوە لە



رێگەی شیکردنەوەی زانیارییە بەردەستەکان، نموونەی پراکتیکی و لێکۆڵینەوە لە ئەزموونی زانکۆکان و قوتابیان لە سەرتاسەری جیهان. هەروەها، تیشک دەخەینە سەر گرنگی ئامادەکردنی قوتابیان بۆ بەکارهێنانی بەرپرسیارانەی ئەم تەکنەلۆژیایە لە ژیانی ئەکادیمی و پیشەیی داهاتوویاندا. هەرچەندە، گرنگە ئاگادار بین، کە زیرەکی دەستکرد نابێت جێگەی پەیوەندی مرۆیی و ڕۆڵی مامۆستایان بگرێتەوە، بەڵکو دەبێت وەک ئامرازێکی یارمەتیدەر بەکار بهێنرێت.

**کاریگەرییەکانی زیرەکی دەستکرد لەسەر پێشکەوتنی قوتابیان چین؟**

زیرەکی دەستکرد ڕۆڵێکی گرنگ و بەرچاوی هەیە لە خوێندنی زانکۆییدا، دەتوانێت سوودێکی زۆر بە قوتابیان بگەیەنێت:

**زیرەکی دەستکرد ڕۆڵێکی گرنگ و بەرچاوی هەیە لە خوێندنی زانکۆییدا، دەتوانێت سوودێکی زۆر بە قوتابیان بگەیەنێت...**

**کاریگەرییە ئەرێنییەکان:**

١- باشترکردنی فێربوون: سیستەمەکانی زیرەکی دەستکرد دەتوانن ڕێگای فێربوونی تاکەکەسی بۆ قوتابیان دابین بکەن، کە لەگەڵ شێوازی فێربوون و خێرایی تایبەتی هەر قوتابییەک دەگونجێت.

٢- یارمەتیدانی مامۆستایان: دەتوانێت یارمەتی مامۆستایان بدات لە نمرە پێدان، دۆزینەوەی ناڕاستی ئەکادیمی و دروستکردنی پلانی وانە.

٣- گەیشتن بە زانیاری: دەتوانێت یارمەتی قوتابیان بدات بۆ دۆزینەوەی زانیاری پەیوەندیدار لە سەرچاوە جیاوازەکان بە خێرایی.

٤- ڕاهێنان و پراکتیک: دەتوانێت ڕاهێنان و پرسیاری تایبەت بۆ هەر قوتابییەک دروست بکات بۆ باشترکردنی تێگەیشتنیان.

٥- شیکردنەوەی داتا: لە بوارەکانی وەک توێژینەوە و ئامار، دەتوانێت یارمەتی قوتابیان بدات بۆ شیکردنەوەی داتای ئاڵۆز.

٦- پشتیوانی چاتبۆت: سیستەمەکانی چاتبۆت دەتوانن وەڵامی پرسیارەکانی قوتابیان بدەنەوە لە هەر کاتێکدا.

٧- فێرکردنی زمان: دەتوانێت یارمەتی قوتابیان بدات لە فێربوونی زمانی نوێ لە ڕێگەی ڕاهێنان و گفتوگۆی ڕاستەوخۆ.

٨- ئامادەکاری بۆ کاری داهاتوو: ئاشنابوون لەگەڵ تەکنەلۆژیای زیرەکی دەستکرد قوتابیان ئامادە دەکات بۆ بازاڕی کاری داهاتوو.

٩- ئەزموونی فێربوونی هاوکات: زیرەکی دەستکرد دەتوانێت یارمەتی دابینکردنی ئەزموونی فێربوونی هاوکات بدات، کە تیایدا قوتابیان لە شوێنە جیاوازەکانەوە پێکەوە کار دەکەن. ئەمە بەتایبەتی بۆ خوێندنی دوور و فێربوونی ئۆنلاین گرنگە.

١٠- هاوکاری لە نووسینی ئەکادیمی: ئامرازەکانی زیرەکی دەستکرد، دەتوانن یارمەتی قوتابیان بدەن لە پێداچوونەوە و باشترکردنی نووسینەکانیان، وەک وتار و ڕاپۆرتەکان.

١١- بیناسازی و مۆدێلکردن: لە بوارە زانستییەکاندا، زیرەکی دەستکرد دەتوانێت یارمەتی دروستکردنی بیناسازی ئاڵۆز و مۆدێلە کۆمپیوتەرییەکان بدات.

١٢- پشتیوانی بۆ قوتابیانی خاوەن پێداویستی تایبەت: دەتوانێت ئامرازی تایبەت دابین بکات بۆ یارمەتیدانی قوتابیانی خاوەن پێداویستی تایبەت، وەک گۆڕینی دەق بۆ دەنگ یان بە پێچەوانەوە.

١٣- بەڕێوەبردنی پرۆژە: لە کاری گرووپی و پرۆژەکاندا، سیستەمەکانی زیرەکی دەستکرد دەتوانن یارمەتی بەڕێوەبردن و هەماهەنگی نێوان ئەندامانی تیم بدەن.

١٤- ئامادەکاری بۆ تاقیکردنەوە: دەتوانێت پرسیاری تاقیکردنەوەی نموونەیی دروست بکات و فیدباکی خێرا لەسەر وەڵامەکانی قوتابیان بدات.

١٥- پێشنیارکردنی سەرچاوەی زیاتر: بە شیکردنەوەی بابەتەکانی خوێندنی قوتابی، دەتوانێت سەرچاوەی زیاتر و بابەتی پەیوەندیدار پێشنیار بکات.

١٦- چاودێریکردنی پێشکەوتن: سیستەمەکانی زیرەکی دەستکرد دەتوانن یارمەتی قوتابیان و مامۆستایان بدەن بۆ چاودێریکردن و شیکردنەوەی پێشکەوتنی ئەکادیمی بە درێژایی کات.

١٧- دروستکردنی ناوەڕۆکی فێرکاری: دەتوانێت یارمەتی مامۆستایان بدات لە دروستکردنی ناوەڕۆکی فێرکاری وەک ڤیدیۆ، پۆدکاست، یان کۆرسی ئۆنلاین.

١٨- پاراستنی دروستکاری ئەکادیمی: سیستەمەکانی دۆزینەوەی ساختەکاری، کە پشت بە زیرەکی دەستکرد دەبەستن دەتوانن یارمەتی پاراستنی ستاندارده ئەکادیمییەکان بدەن.

**کاریگەرییە نەرێنییەکان:**

١- کەمبوونەوەی کارامەیی سۆشیال: پشتبەستنی زۆر بە تەکنەلۆژیا دەکرێت ببێتە هۆی کەمبوونەوەی کارلێکی کۆمەڵایەتی و پەیوەندی ڕووبەڕوو.

٢- لاوازبوونی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە: ئەگەر قوتابیان زۆر پشت بە وەڵامە ئامادەکان ببەستن، دەکرێت توانای بیرکردنەوەی سەربەخۆیان لاواز بێت.

٣- کێشەی یەکسانی: هەموو قوتابیان دەستیان بە هەمان تەکنەلۆژیا ناگات، کە دەکرێت

ببێتە هۆی نایەکسانی لە دەرفەتەکانی فێربوون.

٤- پشتبەستن بە تەکنەلۆژیا: قوتابیان دەکرێت زۆر پشت بە تەکنەلۆژیا ببەستن و کەمتر پشت بە توانا سروشتییەکانی خۆیان ببەستن.

٥- کێشەی تایبەتێتی و ئاسایش: کۆکردنەوە و بەکارهێنانی داتای قوتابیان دەکرێت کێشەی ئەخلاقی و یاسایی دروست بکات.

٦- کاریگەری لەسەر تەندروستی: بەکارهێنانی زۆری ئامێرە دیجیتاڵییەکان دەکرێت کاریگەری نەرێنی لەسەر تەندروستی جەستەیی و دەروونی هەبێت.

٧- گۆڕانی ڕۆڵی مامۆستا: پێویستە مامۆستایان خۆیان لەگەڵ تەکنەلۆژیای نوێ بگونجێنن، کە دەکرێت ببێتە هۆی گۆڕانکاری لە شێوازی وانەوتنەوە.

## ئایا زیرەکی دەستکرد جێگای مامۆستا و پەیوەندی مرۆییەکان دەگرێتەوە؟

زۆر گرنگە تێبگەین، کە زیرەکی دەستکرد نابێت و ناتوانێت بە تەواوی جێگەی مامۆستا و پەیوەندی مرۆیی بگرێتەوە. با چەند خاڵێکی گرنگ لەم بارەیەوە ڕوون بکەینەوە:

١- گرنگی پەیوەندی مرۆیی:

- مرۆڤەکان بوونەوەری کۆمەڵایەتین و پێویستیان بە کارلێک و پەیوەندی ڕاستەوخۆ هەیە بۆ گەشەی تەواو.
- مامۆستایان ڕۆڵێکی گرنگیان هەیە لە پێدانی هاندان، پشتگیری عاتیفی و نموونەی کەسێتی بۆ قوتابیان.

٢- توانای هەڵسەنگاندنی وردی مرۆیی:

- مامۆستایان دەتوانن هەڵسەنگاندنی ورد بۆ پێشکەوتنی قوتابیان بکەن، نەک تەنها لە ڕووی ئەکادیمییەوە، بەڵکو لە ڕووی کەسایەتی و کۆمەڵایەتیشەوە.
- ئەوان دەتوانن بە شێوەیەکی نەرم و گونجاو مامەڵە لەگەڵ کێشە تایبەتەکانی قوتابیان بکەن.

٣- داهێنان و گونجاندنی بەردەوام:

- مامۆستایان دەتوانن بە خێرایی خۆیان لەگەڵ پێداویستییە گۆڕاوەکانی پۆل و قوتابیان بگونجێنن.
- ئەوان دەتوانن شێوازی وانە وتنەوە و ناوەڕۆک بگۆڕن بەپێی کاردانەوەی قوتابیان.

٤- پەرەپێدانی کارامەییە کۆمەڵایەتییەکان:

- کارلێکی ڕاستەوخۆ لەگەڵ مامۆستا و هاوپۆلەکان یارمەتی پەرەپێدانی کارامەییە کۆمەڵایەتییەکان دەدات.
- ئەم کارامەییانە بۆ سەرکەوتن لە ژیانی پیشەیی و کەسی زۆر گرنگن.

٥- فێرکردنی بەها و ئەخلاق:

- مامۆستایان ڕۆڵێکی گرنگیان هەیە لە فێرکردنی بەها و ئەخلاق، کە زیرەکی دەستکرد ناتوانێت بە تەواوی ئەم ڕۆڵە ببینێت.
- ئەوان دەتوانن نموونەی ژیانی ڕاستەقینە و ئەزموونی کەسی بەکاربهێنن بۆ فێرکردنی وانە گرنگەکانی ژیان.

٦- هاندانی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە:

- مامۆستایان دەتوانن پرسیاری کراوە و چالاکی بەرەمهێنن دابین بکەن، کە یارمەتی پەرەپێدانی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە دەدەن.
- ئەوان دەتوانن گفتوگۆ و دەمەتەقێی بەسوود لە پۆلدا بەڕێوە ببەن.

٧- دابینکردنی پشتگیری تایبەت:

- مامۆستایان دەتوانن پشتگیری تایبەت بۆ قوتابیانی خاوەن پێداویستی تایبەت یان ئەوانەی ڕووبەڕووی کێشەی تایبەت دەبنەوە دابین بکەن.
- ئەوان دەتوانن هەست بە گۆڕانکارییە وردەکان لە ڕەفتار یان کارایی قوتابیان بکەن و بە گونجاوی کاردانەوەیان هەبێت.

٨- پەرەپێدانی خۆڕێکخستن و بەرپرسیارێتی:

- مامۆستایان دەتوانن یارمەتی قوتابیان بدەن بۆ فێربوونی خۆڕێکخستن و وەرگرتنی بەرپرسیارێتی بۆ فێربوونی خۆیان.
- ئەوان دەتوانن ستراتیژی فێربوونی کاریگەر فێری قوتابیان بکەن.

گرنگە تێبینی بکەین، کە بەکارهێنانی زیرەکی دەستکرد لە خوێندندا پێویستی بە ڕێنمایی و چاودێری هەیە بۆ دڵنیابوون لەوەی، کە بەشێوەیەکی دروست و بەرپرسیارانە بەکار دەهێنرێت. هەروەها، پێویستە هاوسەنگییەک هەبێت لەنێوان بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا و پاراستنی بەها گرنگەکانی فێرکردن وەک بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە و داهێنان. بۆ بەدەستهێنانی باشترین ئەنجام، گرنگە هاوسەنگییەک لەنێوان بەکارهێنانی زیرەکی دەستکرد و شێوازە نەریتییەکانی فێرکردن هەبێت. هەروەها، پێویستە پەروەردەکاران و دامەزراوە ئەکادیمییەکان ستراتیژی گونجاو دابنێن بۆ کەمکردنەوەی کاریگەرییە نەرێنییەکان و زۆرکردنی سوودەکانی زیرەکی دەستکرد لە پرۆسەی فێربووندا.

لە کۆتاییدا، باشترین ڕێگە بۆ بەکارهێنانی زیرەکی دەستکرد لە بواری پەروەردەدا ئەوەیە، کە وەک ئامرازێکی یارمەتیدەر بەکاربهێنرێت، نەک وەک جێگرەوەیەک بۆ مامۆستا. زیرەکی دەستکرد دەتوانێت کاری مامۆستایان ئاسانتر بکات و دەرفەتی زیاتر بۆ کارلێکی کەسی و پەرەپێدانی کارامەییە گرنگەکان بڕەخسێنێت. هاوسەنگی نێوان تەکنەلۆژیا و پەیوەندی مرۆیی کلیلی سەرکەوتنە لە سیستەمی پەروەردەی مۆدێرندا.

**زۆر گرنگە تێبگەین، کە زیرەکی دەستکرد نابێت و ناتوانێت بە تەواوی جێگەی مامۆستا و پەیوەندی مرۆیی بگرێتەوە...**



# زیرەکیی دەستکرد

ئامادەکردنی و وەرگێڕانی: فاطمە خالد محمد
قوتابی قۆناغی دووەم / بەشی تەکنیکی میدیا

**ڕۆژنامەنووسان لە زیرەکی دەستکرد کەڵک وەردەگرن بۆ کۆکردنەوەی زانیاری لە سەرچاوە جیاوازەکانەوە بە خێرایی و کاریگەر....**

زیرەکـی دەسـتکرد (AI)، کـە کورتکراوەی "Artificial intelligence" لقێکی زانسـتی کۆمپیوتەرییە، گرنگی بە پەرەپێدانی ئەو سیستەم و بەرنامانـە دەدات، کـە توانـای ئەنجامدانی ئەو ئەرکانەیـان هەیـە، کـە بـە شـێوەیەکی گشـتی پێویسـتیان بە زیرەکی مرۆڤ هەیە. ئەم ئەرکانە بریتیـن لـە فێربـوون لـە داتاکان، ناسـینەوەی نەخشەکان، چارەسەرکردنی کێشەکان، تێگەیشتن لە زمانی سروشتی و بڕیاردان.

**بە تایبەتیتر، AI دەتوانێت چەندین بوار لەخۆبگرێت وەک:-**

١. **فێربوونـی ئامێـر:** کـە ئامێرەکـە فێـر دەکرێـت چۆن لە داتاکان فێربێت و نەخشـەکانی لـێ دەربهێنێـت بەبێ ئـەوەی بە ڕوونـی بۆ هەر بارودۆخێک بەرنامەی بۆ دابنرێت.

٢. **فێربوونـی قووڵ:** بەشـێکە لـە فێربوونی ئامێر، کە پشـت بە تۆڕە دەمارییە دەستکردەکان دەبەستێت، کە چەندین چینیان هەیە بۆ فێرکردنی ئامێرەکان چۆن لە داتا ئاڵۆزەکان تێبگەن.

٣. **پرۆسێسـی زمانی سروشـتی:** کە مامەڵە لەگەڵ تێگەیشتن و دروستکردنی دەق و قسەکردنی مرۆڤ دەکات.

٤. **دیـدگای کۆمپیوتەر:** کە تیشـک دەخاتە سـەر کاراکردنـی ئامێـرەکان بـۆ تێگەیشـتن و شیکردنەوەی وێنە و ڤیدیۆ.

٥. **ڕۆبۆتیک:** کە ئامێرگەلێک پەرەپێدەدرێت، توانـای ئەنجامدانـی ئەرکـی فیزیکییـان هەیە لە جیهانی ڕاسـتەقینەدا، وەک جوڵـە و کارلێککردن لەگەڵ ژینگەدا.

زیرەکی دەسـتکرد لە زۆرێک لـە بەرنامەکانی وەک ئۆتۆمبێلـی خـۆ لێخوڕیـن، یاریـدەدەری دەنگی وەک سـیری و ئەلێکسا، پێشنیاری کەسی لەسـەر پلاتفۆرمی سـتریمینگ و زۆر شـتی تـر بەکاردەهێنرێت.

**پۆلێنبەندییـە بنەڕەتییەکانـی زیرەکـی دەستکرد:-**

١. **زیرەکـی دیاریکراو (تەسـکی) دەسـتکرد (ANI) (Artificial narrow intelligence):**

ئەم جۆرە لە زیرەکی دەستکرد تایبەتمەندە لە بوارێکی دیاریکراودا، وەک ناسـینەوەی دەموچاو، وەرگێڕانـی زمـان، یان شـەترەنج. ئـەم جۆرە لە بەرنامەکانـی ئێسـتادا باوترینـە. هـەروەک چۆن لـە یاریدەدەری دەنگ یان سیسـتەمی پێشـنیاردا دەیبینین.

٢. **زیرەکی گشتی دەستکرد (AGI) (Artificial general intelligence):**

ئاماژەیـە بۆ جۆرێـک لە زیرەکی دەسـتکرد، کـە دەتوانێـت هـەر ئەرکێکـی مەعریفـی ئەنجام بـدات، کە مـرۆڤ بتوانێـت ئەنجامی بـدات. ئەم جـۆرە لە زیرەکی دەسـتکرد هێشـتا لـە قۆناغی لێکۆڵینەوەدایە، و هێشـتا بـە قەبارەیەکی گەورە بەدەست نەهاتووە.

٣. **سوپەر زیرەکی دەستکرد (ASI) (Artificial super intelligence):**

ئەمـەش زیرەکی دەسـتکردە، کە لـە هەموو بوارەکانـدا لە زیرەکی مـرۆڤ تێدەپەڕێت. زانایان پێشـبینی دەکـەن، کە بتوانێت کێشـە ئاڵۆزەکان بە شـێوەیەک چارەسـەر بکات، کە لـە دەرەوەی تێگەیشـتنی مـرۆڤ بێـت. ئـەم چەمکە هێشـتا تیۆرییە و چەندین مشتومڕی ئەخلاقی و فەلسەفی دەوروژێنێت.

**بەکارهێنانەکانی زیرەکی دەستکرد:-**

١- **ئۆتۆمبێلـی خـۆ لێخوڕین:** وەک ئۆتۆمبێلی تێسلا، کە پشت بە زیرەکی دەستکرد دەبەسـتێت بۆ پرۆسێسـکردنی داتاکانی کامێرا و هەستەوەرەکان بۆ دیاریکردنی ڕێگاکە و بڕیاردانی لێخوڕین.

٢- **چاودێری تەندروستی:** زیرەکی دەستکرد بەکاردێـت بـۆ شـیکردنەوەی وێنەی پزیشـکی و پێشـبینیکردنی نەخۆشـییەکان و پەرەپێدانی دەرمانی نوێ.

٣- **بازرگانی ئەلیکترۆنی:** بە پێشکەشکردنی پێشـنیاری کەسـی بۆ کڕیاران بە پشتبەسـتن بە مێژووی کڕین و هەڵسوکەوتی گەڕانیان.

٤- **خزمەتگوزارییـە داراییـەکان:** وەک دۆزینەوەی سـاختەکاری لـە مامەڵە داراییەکان بە شیکردنەوەی شێوازە نائاساییەکان لە داتاکان.



## پەیوەندی (AI) بە میدیا

زیرەکی دەستکرد (AI) کاریگەرییەکی بەرچاو و گەشەسەندوی لەسەر پیشەسازی میدیا هەیە بە باشترکردنی کارایی، کەسایەتیکردنی ناوەڕۆک و گۆڕینی چۆنیەتی بەکارهێنانی زانیاری. لێرەدا چەند خاڵێکی سەرەکی سەبارەت بە کاریگەرییەکانی AI لەسەر میدیا دەخەینەڕوو:

**١. باشترکردنی پرۆسەی کۆکردنەوەی هەواڵ:**

ڕۆژنامەنووسان لە زیرەکی دەستکرد کەڵک وەردەگرن بۆ کۆکردنەوەی زانیاری لە سەرچاوە جیاوازەکانەوە بە خێرایی و کاریگەر. سیستەمی زیرەک دەتوانێت چاودێری سایتەکانی سۆشیال میدیا و بلۆگ و سایتەکانی هەواڵ بکات بۆ دەستنیشانکردنی هەواڵی سەرەکی و پێشکەشکردنی ڕاپۆرتی سەرەتایی.

**Data Mining:** زیرەکی دەستکرد دەتوانێت بڕێکی زۆر لە داتا شیبکاتەوە بۆ ئاشکراکردنی چیرۆکی نوێ یان هەندێک ڕەوت کە ڕەنگە بۆ مرۆڤ شاراوە بێت.

**٢. بە خواستی خۆت ناوەڕۆک:**

پلاتفۆرمە میدیاییەکان زیرەکی دەستکرد بەکاردەهێنن بۆ کەسایەتیکردنی ناوەڕۆک بۆ بەکارهێنەران بە پشتبەستن بە ئارەزووەکانیان و ڕەفتاری ئۆنلاین. سیستەمی پێشنیارکردن، کە بە AI کاردەکات دەتوانێت بابەت و ڤیدیۆ و بەرنامە پێشنیار بکات، کە لەگەڵ بەرژەوەندی تاکەکەسی بەکارهێنەران بگونجێت، هەروەک چۆن لە پلاتفۆرمەکانی وەک نێتفلێکس یان یوتیوبدا دەیبینین، کە ناوەڕۆک پێشنیار دەکرێت بە پشتبەستن بەو شتانەی کە بەکارهێنەران پێشتر سەیریان کردووە، ئەمەش بەشداریکردن و بینین بەرز دەکاتەوە.

**٣. بەرهەمهێنانی ناوەڕۆک:**

ڕۆژنامەگەری ئۆتۆماتیکی: دەزگاکانی هەواڵ زیرەکی دەستکرد بەکاردەهێنن بۆ نووسینی بابەتی هەواڵ بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی، بەتایبەتی لە بوارەکانی داتا-بزوێنەر وەکو ستۆک و ڕاپۆرتی وەرزشی، ئەم سیستەمانە دەتوانن زۆر بە خێرایی بابەتی کورت دروست بکەن.

لە بابەت دەستکاریکردنی ڤیدیۆ و دەنگیش، زیرەکی دەستکرد دەتوانێت پرۆسەی دەستکاریکردنی ڤیدیۆ و دەنگی باشتر بکات، ئەمەش یارمەتیدەرە بۆ خێراکردنی بەرهەمهێنانی ناوەڕۆکی میدیا. هەروەها دەتوانێت بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی دەستکاری کلیپەکان بکات بۆ ئەوەی لەگەڵ پلاتفۆرمە جیاوازەکانی وەک سۆشیال میدیادا بگونجێت.

**٤. هەواڵەکان بزانە:**

زیرەکی دەستکرد ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە بەرەنگاربوونەوەی هەواڵی ساختە و زانیاری ناڕاست بە خێرا پشکنینی ڕاستییەکان. دەتوانێت هەواڵە بڵاوکراوەکان لەگەڵ سەرچاوە باوەڕپێکراوەکان بەراورد بکات یان شێوازی زمانەوانی شیبکاتەوە بۆ دیاریکردنی دەقە گوماناوییەکان.

هەندێک لە پلاتفۆرمەکان ئامرازەکانی زیرەکی دەستکرد بەکاردەهێنن بۆ شیکردنەوەی وێنە و ڤیدیۆکان بۆ دیاریکردنی دەستکاریکردن یان قووڵاییەکان.

**٥. کارلێککردن لەگەڵ ئامادەبووان:**

چاتبۆت: دەزگاکانی ڕاگەیاندن چاتبۆتی زیرەک بەکاردەهێنن بۆ کارلێککردن لەگەڵ بینەر.

**لە بابەت دەستکاریکردنی ڤیدیۆ و دەنگیش، زیرەکی دەستکرد دەتوانێت پرۆسەی دەستکاریکردنی ڤیدیۆ و دەنگی باشتر بکات...**





# داهاتوویەکی پۆلایین

ئەندازیار / حسێن عوسمان حسێن
قوتابی خوێندنی باڵا

بێ هیوایی و ڕەشبینی دەردی سەردەمیانەی نەوە و لاوەکانی هەرێمی کوردستانە، ساڵانە قوتابیانی زانکۆ لە ئاست و بەشە جیاوازەکانی خوێندن، بڕوانامە بەدەستدەهێنن و ئەم لاوانە چاوەڕێیان لێ دەکرێت سەرمەشقی سەرجەم لاوەکانی تری وڵات بن، بەڵام ئەم دەردە سەردەمیە بەرۆکی بەشی زۆریان گرتووە بە تایبەتی پاش ساڵانی ٢٠٢٠ و بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا، ژینگەیەکی گونجاو بۆ گەشە سەندنی ئەم دەردە سەردەمییە هەبووە.

لەم ڕۆژانە یەکەمین خولی دەرچووانی ئاستی بەکالۆریۆسی ئەو گەنجانە ئەنجام دەدرێت، کە لە نێو کەرەنتینە و خوێندنی ئۆنلاین دەستیان بە خوێندن کرد لە زۆربەی زانکۆکانی هەرێمی کوردستان، گەرچی مامۆستایان و سەرکردەکانی زانکۆ بە سەختی و قوربانی زۆرەوە ڕێگربوون لە پەککەوتنی پرۆسەی خوێندن و توانییان تروسکەی هیوا و گەشبینی بۆ ئەو قوتابیانە بگەڕێنەوە، بەڵام ئەوان باش دەزانن، کە زەحمەتی تر لە چەشنی تر، لە دۆزینەوەی هەلی کار و دابینکردنی قوتی ژیان لە بازاڕێکی پڕ گۆڕانکاری ڕۆژانە بر بگاتە خەونی دروستکردنی خێزان و بونیاتنانی ماڵ و ژینگەیەکی تایبەتی کۆمەڵایەتی، کە لە دونیای دەرەوە، خەونی گەنجانی ئێمە مافە نەک ئامانج.

**لەم ڕۆژانە یەکەمین خولی دەرچووانی ئاستی بەکالۆریۆسی ئەو گەنجانە ئەنجام دەدرێت، کە لە نێو کەرەنتینە و خوێندنی ئۆنلاین دەستیان بە خوێندن کرد...**



لێرە و لەوێی سەرکردە و مامۆستایەک بە چەشنی فریشتەی فریادرەسەوە پەیدا دەبێت تروسکەی هیوا و گەشبینی بەو لاوانە ببەخشێت، جارێک بە گەڕاندنەوەی مەرجداری دادوەری لە پێدانی هەلی کار بۆ لاوانی هەرێمی کوردستان لە کەرتی تایبەت بە ڕێژەی ٨٠٪ و جارێک بە دامەزراندنی هەزاران وانەبێژ لە کەرتی گشتی، ئەمە و چەندین هەوڵی تر جێگەی ستایشە، کە داهاتووی ئەم لاوانە ڕۆژێک دێت و باشتر بێت و لە داهاتوو لاوانی ئەم وڵاتە لە

بری بڵاوبوونەوەی دەردی سەردەمی، دەشێت سەرچاوەی دروستبوونی داهاتوویەکی پۆڵایین بن بۆ خۆیان و لە جێگەی ئەوەی مافەکانیان شوێنی ئامانجەکانیان بگرێتەوە، بەڵکو خزمەتکردنی کورستان لە چوارچێوەی ئەو بابەتە جیهانیانەی گۆڕانکارییان لە سەرجەم ئاستە جیاوازەکانی ژیانیان هەبووە وەکو گۆڕانکاری کەش و هەوا و بەکارهێنانی زیرەکی دەستکرد و چەندین بابەتی تر.

پەرەسەندنی ئاست و کوالێتی زانکۆکان یەکێکی تری ئەو تروسکە هیوایانەیە، کە لاوانی وڵات بە تامەزرۆییەوە چاوەڕێی دەکەن، چونکە ناوەندەکانی خوێندن بریتییە لە کارگەی دروستکردنی بناغەی داهاتووی وڵات، وڵاتیش هاوشێوەی هەموو ماڵ و باڵەخانەیەک بۆ ئەوەی بە پۆڵایین و هێزەوە دروست بێت پێویستی بە بناغەیەکی پۆڵایینەوە هەیە، زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر باشترین نموونەیە لە تەواوی هەرێمی کورستان بۆ ئەمە، وێڕای ئەوەی ئەم زانکۆیە توانیویەتی بەردەوام هەنگاو بۆ پێشەوە بنێت و هاوچەرخ لەگەڵ دونیای دەرەوە هەنگاو بنێت بە دروستکردنی یەکەمین سەنتەری نوێنەرایەتی و چالاکییەکانی قوتابیان لە نیو زانکۆ، کە ئەم سەنتەرە دەتوانێت لە داهاتوو سەرچاوەی هێز بێت بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشە و گرفتانەی قوتابیانی زانکۆ، کە ڕەنگە بە وانەی تیۆری و پراکتیکی زانستە جیاوازەکان چارەسەر نەبێت و دیدگە و هیوای نوێیان پێ ببەخشێت، تا دەگاتە جێبەجێکردنی سیستەمی خوێندنی جیهانی بۆلۆنا بە ڕێژەیەکی زۆر بەرزەوە، ئەمە لەگەڵ چەندین هەنگاو و هەوڵی تر، کە سەلمێنەری بەرەو پێشچوونی هەمە لایەنەی زانکۆیە.

بە بیر و بڕوای زۆرەوە، لاوانی وڵات لە چوارچێوەی یەک هەرێم و لەژێر سێبەری یەک ئاڵا، هەموومان بەرەو پێشەوە دەڕۆین و خۆمان ناچەمێنین بۆ دروستکردنی داهاتوویەکی پۆڵایین بۆ خۆمان و نەوەکانی پاش خۆمان تا کوردستان دەگەیەنینە لوتکەی ئاوەدانی.

**بۆ ئەوەی بە پۆڵایین و هێزەوە دروست بێت پێویستی بە بناغەیەکی پۆڵایینەوە هەیە...**



# ئالنگاریەکانی بەردەم ئافرەتانی ڕۆژنامەنووس



وەرگێڕان و ئامادەکردنی: شەرمین عەبدوڵلا ڕواندزی
قۆناغی دووەمی بەشی تەکنیکی میدیا

**ئافرەتە ڕۆژنامەنووسەکان لە ئێستادا ڕووبەڕووی ئالنگاری بەرچاو دەبنەوە، بەڵام دەرفەتی گەورەیان هەیە بۆ گەیشتن بە کاریگەری و گۆڕانکاری لە کۆمەڵگەدا...**

لە سەردەمی ئەمڕۆدا ڕۆژنامەنووسانی ئافرەت بەشێکی گرنگن لە نێو ڕاگەیاندن، هەوڵدەدەن کە دیدگا و بابەتەکانیان جێی سەرنج بن، بێگومان ئەم بوارەش بێ تەحەددا نییە، هەندێجار ژنانی ڕۆژنامەنووس لە گەیشتن بە پۆستی سەرکردایەتی و ڕاپۆرتکردن لەسەر پرسە هەستیارەکان ڕووبەڕووی ئاستەنگ دەبنەوە، ئەمەش جگە لەو هەڕەشە و توندوتیژیانەی، کە لەوانەیە لەکاتی پراکتیزەکردنی پیشەکەیاندا بەرکەوتەیان هەبێت لەگەڵی .

لەگەڵ ئەوەشدا دەرفەتی گەورە بۆ ڕۆژنامەنووسی ئافرەت لە ئارادایە، نوێنەرایەتی ئافرەتان لە هەمەچەشنکردنی دەنگ و بۆچوونەکان لە دەزگا ڕاگەیاندنەکان بەشدارن، ئەمەش هەمەچەشنی و گشتگیری بەرز دەکاتەوە، لە سایەی داهێناندا ئافرەتی ڕۆژنامەنووس دەتوانن دیدگای ناوازە و سەرنجڕاکێش پێشکەش بکەن، ئەمەش خوێنەران ڕادەکێشێت و ناوەڕۆکی ڕۆژنامەوانی بە گشتی دەوڵەمەندتر دەکات، تۆڕە پیشەیی و پشتگیرییەکانی بەردەست لەبیر مەکەن، چونکە ئەم دەستە پاڵپشتانە ژینگەیەکی فراوان و سەرچاوەیەک بۆ ئافرەتانی ڕۆژنامەنووس دابین دەکەن، ئەمەش هاوکارە لە بەرزکردنەوەی تواناکانیان و سەرکەوتنیان لەم بوارەدا.

بەکورتی ئافرەتە ڕۆژنامەنووسەکان لە سەردەمی مۆدێرندا ڕووبەڕووی ئالنگاری بەرچاو دەبنەوە، بەڵام دەرفەتی گەورەی هەیە بۆ گەیشتن بە کاریگەری و گۆڕانکاری لە کۆمەڵگەدا لە ڕێگەی هەوڵی نەبڕاوە و تێکۆشانی بەردەوام و پشتگیری یەکتر، بەکورتی هەندێ لەو ئالنگاریانە باس دەکەین :-

١- **هەڵاواردن و لایەنگری:**

ئافرەتان بەردەوامن لە ڕووبەڕوو بوونەوەی جیاکاری لەبواری ڕۆژنامەگەریدا، جا چ لە دەستڕاگەیشتن بە دەرفەتەکان یاخود ناساندن بێت.

٢- **مەترسییە داراییەکان:**

ڕەنگە ئافرەتە ڕۆژنامەنووسەکان زیاتر بکەونە ژێر فشاری دارایی، چونکە لەوانەیە



ڕێکلامەکان تارادەیەک سنووردار بێت.

**٣- کولتوری کۆنەپەرستانە:**

لەهەندێ کۆمەڵگەدا ئافرەتی ڕۆژنامەنووس بەریەککەوتنی دەبێت لەگەڵ بەها کولتوورییە کۆنەپەرستەکانەوە، کە ڕۆڵی ژنان لە کایەی گشتیدا بە سنووردار دەزانن.

سەبارەت بە دەرفەتەکانیش دەکرێ ئەم خاڵانەی خوارەوە بەهەند وەربگیرێت، بۆ هاندانی زیاتری ئافرەت بە مەبەستی هاتنە پێشەوەی زیاتر:

**١- نوێنەرایەتی فراوانتر لە میدیادا:**

بۆ پێشخستنیان لەنێو دەزگا ڕاگەیاندنەکاندا، ئافرەتە ڕۆژنامەنووسەکان دەتوانن نوێنەرایەتی خۆیان بکەن و تیشک بخەنە سەر ئەو پرسانەی، کە لە بەرژەوەندی ئافرەتاندایە.

**٢- فرەچەشنی لە ڕووماڵکردندا:**

ڕۆژنامەنووسی ئافرەت دەتوانێت ڕووماڵکردن فراوانتر بکات، بۆ ئەوەی بابەتگەلێکی هەمەچەشن بگرێتەوە، بۆ ئەوەی پێداویستی خوێنەرە جیاوازەکان دابین بکات.

**٣- پێشکەشکردنی تێڕوانینێکی ناوازە:**

ئافرەتە ڕۆژنامەنووسەکان دەتوانن تێڕوانینێکی ناوازە و دیدگای جیاواز پێشکەش بکەن، تاکو مشتومڕی گشتی دەوڵەمەندتر بکەن و قوڵتر لە پرسەکان تێبگەن و بەشداری تێدا بکەن.

**٤- بەکارهێنانی سۆشیال میدیا:**

بۆ بنیاتنان و بەدەستهێنانی بینەری جەماوەرێکی بەرفراوان و پێشخستنی کارلێک بوون لەگەڵ ناوەڕۆکەکاندا، ئەوا ئافرەتی ڕۆژنامەنووس دەتوانێت بە شێوەیەکی کاریگەر سۆشیال میدیا بەکاربهێنێت.

کەواتە ڕۆژنامەگەری لە سەردەمی مۆدێرندا ئافرەتان ڕووبەڕووی چەندین ئالنگاری دەکاتەوە، بەڵام بۆ بەرزکردنەوەی نوێنەرایەتی خۆیان لە میدیاکان و پێشکەشکردنی ناوەڕۆکێکی دەوڵەمەند و هەمەچەشن دەرفەتی سەرنجڕاکێشیان هەیە .

**٥- هاوسەنگی لە نێوان ژیانی پیشەیی و کەسی:**

ئافرەتی ڕۆژنامەنووس لەوانەیە ڕووبەڕووی ئاستەنگ و ئالنگارییەکان ببنەوە لە بەڕێوەبردنی هاوسەنگی نێوان داواکارییەکانی کار و ژیانی کەسی، بەتایبەتی لەگەڵ ڕووماڵکردنی ڕۆژنامەوانیدا، کە ئەویش پێویستی بە کاتی کارکردن هەیە .

**٦- گۆڕانکاری لە دیجیتاڵ میدیا:**

لەگەڵ گۆڕانی بەردەوام بەرەو دیجیتاڵ میدیا، بۆ زیاتر فراوانکردنی کاریگەری خۆی و گەیشتن بە بینەرێکی زۆرتر ئەوا دەرفەتی گەورە بۆ بە ڕۆژنامەنووسبوونی ئافرەتان هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا پێویستی بە لێهاتوویی نوێ لە بەڕێوەبردنی ناوەڕۆکی دیجیتاڵ مارکێتینگ هەیە .

**٧- ئالنگاری هەراسانکردن:**

لە هەندێک حاڵەتدا ڕەنگە ئافرەتانی ڕۆژنامەنووس بەهۆی کارەکانیانەوە ڕووبەڕووی هەراسانکردن یان هەڕەشە ببێتەوە، ئەمەش وادەکات، کە تەحەددایەکی تر لەکارەکەی زیاد ببێت، و دەبێت هەوڵی چارەسەری بۆ بدات .

**٨- گۆڕینی ڕۆڵی ڕۆژنامەگەری لە کۆمەڵگەدا:**

لەبەر ڕۆشنایی پێشکەوتنە کۆمەڵایەتی و تەکنەلۆژییەکان، ڕەنگە ڕۆڵی ڕۆژنامەگەری لە کۆمەڵگەدا بگۆڕدرێت، ئەمەش وادەکات ئافرەتە ڕۆژنامەنووسەکان خۆیان لەگەڵ ئەو گۆڕانکاریانەدا بگونجێنن و ئەو دەرفەتانەی سەرهەڵدەدەن بقۆزنەوە بۆ بەرژەوەندی خۆیان.



**لەهەندێ کۆمەڵگەدا ئافرەتی ڕۆژنامەنووس بەریەک کەوتنی دەبێت لەگەڵ بەها کولتوورییە کۆنەپەرستەکانەوە، کە ڕۆڵی ژنان لە کایەی گشتیدا بە سنووردار دەزانن....**

# ڕۆڵی پەروەردەی مەدەنی لە بەهێزکردنی دیموکراسی



**محەمەد ئەیوب نامیق**
**قۆناغی دووەمی تەکنیکی میدیا**

**سەرکەوتنی دیموکراسی زۆر پشت بەو هاووڵاتیانەی دەبەستێت، کە زانیاری و لێهاتوویی پێویستیان هەبێت بۆ بەشداریکردن لە پرۆسەی سیاسیدا...**

زۆر جار پێشکەوتن لە نێو ڕۆژئاوادا جێگای پرسیاری هەموو چینێکی کۆمەڵگەیە بەتایبەت وڵاتانی دیموکراسی، هەر وەک ڕوونە پێشکەوتنی هەر کۆمەڵگەیەک پەیوەستە بە بەڕێوبردنی لەلایەن کەسانێکی شارەزا لەم بووارە و بەتایبەت ئەگەر دەسەڵاتێکی دیموکراسی بەڕێوەی ببات ئەوا دەبێت هاوڵاتیان خاوەنی پەروەردەیەکی گونجاو بن بۆ باشتر شیکردنەوەی پرۆسە دیموکراسیەکان.

سەرکەوتنی دیموکراسی زۆر پشت بەو هاووڵاتیانەی دەبەستێت، کە زانیاری و لێهاتوویی پێویستیان هەبێت بۆ بەشداریکردن لە پرۆسەی سیاسیدا، توانای هاوڵاتیان بۆ بڕیاردان و ئاگاداریە لە بەڕێوبردندا، لەوانەش هەڵبژاردنی نوێنەرەکانیان و تێگەیشتن لەو یاسایانەی، کە بەڕێوەیان دەبەن، بناغەی هەر دیموکراسییەکی کارا بەندە لەسەر هاوڵاتیەکی کارا و بەبێ هاووڵاتییەکی ئاگادار، دیموکراسی بەرگە ناگرێت.

ئەوانەی پەروەردەی مەدەنی وەردەگرن زیاتر هەست بە بەرپرسیارێتی مەدەنی دەکەن و چالاکتر بەشداری کۆمەڵگەکانیان دەکەن، هەروەها دەتوانێت یارمەتیدەر بێت لە پەروەردەکردنی هەستێکی زیاتر



به ناسنامەی نەتەوەیی، کە پێکهاتەیەکی سەرەکی دیموکراسییەکی گەشەسەندووە.

بە فێرکردنی هاووڵاتیان لەسەر بنەماکانی دیموکراسی، زیاتر ئاگادار و شارەزا دەبن لەسەر ئەو کێشانەی، کە ڕووبەڕووی وڵاتەکەیان دەبێتەوە، ئەمەش وایان لێدەکات زیاتر لە گرنگی دەنگدان و بەشداریکردن لە پرۆسەی سیاسی تێبگەن، هەروەها دانیشتووانێکی ئاگادار ڕێگە بە ئەگەری دیموکراسییەکی گەشەسەندوو دەدات، کە تێیدا بۆچوونی هەر تاکێک ببیسترێت و ڕێزی لێبگیرێت.

هاوڵاتیانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆیە بەردەوام پرسیاری پێشکەوتنی دیموکراسیەت دەکەن لەلایەن ڕۆژئاواییەکان لەبەر ئەوەیە، کە پەروەردەی مەدەنی پێویستە لە سیستەمی پەروەردە و خوێندن جێگیر بکرێ و گرنگیەکی تایبەتی پێ بدرێت، ئەمەش لە میکانیکی دیموکراسی و ماف و ئازادییەکان و گرنگی مافەکانی مرۆڤ تێگەیشتنێک دەدات بە هاوڵاتیان، هەروەها پەروەردەی مەدەنی تاکەکان فێری ئەوە دەکات، کە دەربارەی پێکهاتەکانی حکومەتی ناوخۆیی و نیشتمانی خۆیان تێبگەن و هەروەها بەرپرسیارێتی هاوڵاتی هەڵدەگرێت بەرامبەر بە لێپرسینەوە لە بەرپرسانی گشتی و حوکمڕانی دیموکراسی.

پەروەردەی مەدەنی کاریگەری هەیە لەسەر بەهێزکردنی دامەزراوە دیموکراسیەکان بە شێوەیەک هاووڵاتییەکی ئاگادار و سەرقاڵ پشتگیری لە کارکردنی دامەزراوە دیموکراسیەکان دەکات بە داکۆکیکردن لە شەفافیەت و لێپرسینەوە و حوکمڕانی باش، لەلایەکیتر پەروەردەی مەدەنی دەتوانێت بەشداری بکات لە کەمکردنەوەی جەمسەرگیری سیاسی لە ڕێگەی پەروەردەکردنی تێگەیشتنێکی باشتر لە دیدگا جۆراوجۆرەکان و هاندانی گفتوگۆی ڕێزدار بەشێوەیەک هاوڵاتیانی خوێندەوار زیاتر بەشداری گفتوگۆی بنیاتنەر دەکەن و بەدوای خاڵی هاوبەشدا دەگەڕێن.

دەتوانین بگەین بەم ئەنجامەی، کە هاوڵاتیانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست خاوەن پەروەردەیەکی مەدەنی بەهێز نین یاخوود هەر بوونی نیە، بۆیە بۆ بوون بە خاوەنی دیموکراسیەتێکی بەهێز و پێشکەتنێکی بەرچاو، دەبێت کار بکرێ بۆ دروستکردنی پەروەردەیەکی مەدەنی لەم ناوچەیە، ئەمەش بە نوێکردنەوە و فراوانکردنی مەنهەجی پەروەردەی مەدەنی بۆ ئەوەی پرسە هاوچەرخەکان و خوێندەواری دیجیتاڵی و توانای بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە لەخۆبگرێت و بتوانێت کاریگەری باش بکات، هەروەها پەروەردەی مەدەنی پێویستە بخرێتە نێو پۆلەکانی خوێندن و لە دەرەوەی پۆلەکانیشدا درێژ بێتەوە بۆ ئەوەی دەرفەتی فێربوونی کۆمەڵایەتی لەخۆ بگرێت و هانی فێرخواز بدرێت بۆ بەشداریکردن لە حوکمڕانی ناوەخۆیی و خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی، کە ئەمەش وادەکات وانەکانی پۆل بەهێز بێت و شێوازی جێبەجێکردنی بەرەوپێش ببات، لەگۆشەیەکیتر دەتوانرێت بە بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا و پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان پەروەردەی مەدەنی بەرز بکرێتەوە لە ڕێگەی پێشکەشکردنی ئەزموونی فێربوونی کارلێککارانە و دەستڕاگەیشتن.

**به فێرکردنی هاووڵاتیان لەسەر بنەماکانی دیموکراسی، زیاتر ئاگادار و شارەزا دەبن لەسەر ئەو کێشانەی، کە ڕووبەڕووی وڵاتەکەیان دەبێتەوە....**





# ئاڵا
# ناسنامەی نەتەوەیی

قوتابی: ڕەوەند سعود اسعد
قۆناغی دووەم / تەکنیکی میدیا

لەساڵی ٢٠٠٩دا پەرلەمانی کوردستان بڕیاریدا ڕۆژی ١٧ی کانوونی یەکەمی هەموو ساڵێک وەکو ڕۆژی ئاڵا دیاری بکرێت...

ئاڵا نیشانە و ناسنامەی نەتەوە و هەبوونی گەلانە، ئەمڕۆ هەموو گەل نەتەوەیەکی خاوەن وڵاتی سەربەخۆ و بێ وڵات خاوەن ئاڵای تایبەت بەخۆیانن، ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و پارت و ڕێکخراوە سیاسیەکانی جیهان و دام و دەزگا فەرهەنگی و ئابوورییەکان و شارەوانییەکان و زانستگەکان و کۆمپانیا بازرگانییەکان و کۆمپانیا تەکنەلۆژیاکان و یانە وەرزشییەکان و فیستیڤاڵ و بۆنە و یادەکانیش خاوەن ئاڵا و نیشانەیەکی تایبەتی خۆیانن.

ئاڵای هەر نەتەوە و وڵاتێک لەگەڵ ئاڵای هەر نەتەوە و وڵاتێکیتر جیاوازە، بەهەمان شێوە ئاڵای ڕێکخراوە و دام و دەزگاکانیش لەگەڵ یەکتری جیاوازن، هەریەکەیان خاوەن ڕەنگ و شێوە و واتای جیاواز و تایبەت بەخۆیەتی.

## تەمەنی دروستبوونی ئاڵا

تەمەنی دروستبوون و هاتنە کایەی ئاڵا دەگەڕێتەوە بۆ 4000 (چوار هەزار) ساڵ لە مەوبەر، بۆ یەکەمجار ئاڵا لەلایەن ئیمپراتۆریەتەکانی سەرخاکی ئێران و میزۆپۆتامیا (کوردستانی ئەمڕۆ) هەڵدراوە، سەرەتا سۆمەرییەکان و ئاشوورییەکان و میدیەکان، هەروەها هاخەمەنیشیەکان و ساسانییەکان و میسرییە کۆنەکان. دواتریش شارنشینە یۆنانییەکان و قەیسەرەکانی ژاپۆن و چین ئاڵایان هەڵداوە.

## کەی ئاڵای کوردستان هەڵکرا ؟

ئاڵای کوردستان هێمای شۆڕشە ڕزگاریخوازە یەک بەدوای یەکەکانی کورد بووە، تاکو لەڕۆژی 1946\1\22 لە ڕێوڕەسمی ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان لە گۆڕەپانی چوارچرای شاری مەهاباد (سابڵاغ) بۆ یەکەمجار بە فەرمی ئاڵای کوردستان هەڵدراوە و بوو بە ڕەمزی کۆماری کوردستان.

## داگرتنی ئاڵای کوردستان

دوای کەمتر لە 11 مانگ و بەپیلانێکی دوژمنانی کورد، کۆماری کوردستان شکستی هێنا و لە ڕۆژی 1946/12/17 بەمەبەستی پاراستنی ئاڵاکە لەدوژمنان، کە سووکایەتی پێنەکەن، ئاڵایەکەیان داگرتووە.

## ڕۆژی ئاڵای کوردستان کەی لەباشوری کوردستان کرایە ڕەسمی؟

لەساڵی ٢٠٠٩دا پەرلەمانی کوردستان بڕیاریدا ڕۆژی ١٧ی کانوونی یەکەمی هەموو ساڵێک وەکو ڕۆژی ئاڵا دیاری بکرێت، لەو ڕۆژەدا سەرجەم ئاڵاکانی سەر دامودەزگاکانی هەرێمی کوردستان بگۆڕدرێن و نوێ بکرێنەوە، هاوکات پەرلەمانی کوردستان لە ساڵی 1999 بە بڕیارێک ئاڵای فەرمی حکومەتی هەرێمی کوردستانی ناساندبوو.

## ئاڵای کوردستان و سروودی نشتیمانی

سروودی ئەی ڕەقیب لەلایەن شاعیری کورد یونس ڕەئووف ناسراو بە "دڵدار" لەساڵی 1940 دانراوە، بووەتە بەشێک لە کولتوور و فەرهەنگی میللەتی کورد و جێگەیەکی پیرۆزی لە بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردستان و دڵی جەماوەرەکەیدا هەیە و سیمبولی خەبات و بەرخۆدانی گەلی کوردە، لەگەڵ هەڵکردنی ئەم ئاڵایەدا ئەم سرودە دەگوترێت.



**لەساڵی ٢٠٠٩دا پەرلەمانی کوردستان بڕیاریدا ڕۆژی ١٧ی کانوونی یەکەمی هەموو ساڵێک وەکو ڕۆژی ئاڵا دیاری بکرێت...**



# ناوبانگ و میدیا
# دوو شتی لێک ترازاو



قوتابی: ڕۆشنا شێرزاد
قۆناغی دووەم/ تەکنیکی میدیا

ناوبانگ ئەو پێگە مەعنەویەی زۆرینە هەوڵی بۆ ئەدەن کاتێک نیانە و ئەوانەشی ناودارن لێی ڕادەکەن .بەگشتیش ناوبانگ دوو جۆرە ئەرێنی و نەرێنی، لە کوردستانیش جۆرە نەرێنیەکە زیاتر بڵاوە (بەتایبەت لە بواری سۆشیال میدیا).

ئەگەر باسی ڕۆڵی میدیا بکەین لە ناوبانگدا، ئەوا بەگشتی میدیا ڕۆڵی سەرەکی ئەبینێ لە بەناوبانگکردنی کەسایەتیەکان لە تەواوی جیهاندا بە کوردستانیشەوە، چونکە ئەگەر میدیا نەبێت ناسینی کەسایەتیەکان سنووردار دەبێت یان هەر نابێت.

لە کوردستان و تەواوی جیهاندا بابەتی هاتنە



پێش و بەناوبانگ بوونی هەندێ کەسایەتی، کە لە قەبارەی خۆیان زیاتریان پێدراوە بۆتە کێشە و بەرۆکی کۆمەڵگەی گرتووە، ئەمەش کاریگەری نەرێنی دەبێت لەسەر کۆمەڵگە و بەلاڕێدا بردنی تاکەکانی، بۆیە دەبێت کارێک بکرێت، کە میدیاکان هەموو جۆرە کەسێک نەهێننە پێشەوە و پێوەری گونجاو هەبێت بۆ دەرخستنی کەسایەتییەکان و سنوور دابنێن بۆ دیدار و بڵاوکردنەوەی چالاکییەکانی ئەو کەسایەتیانەی، کە لە بنەڕەتدا کەسایەتییان نیە.

گەربێینە سەر ناوبانگی پێشکەشکارو میدیاکارە دیارەکانی کوردستانیش؛ ئەوا پێویستە مەرجی میدیاییان تێدا بێت و کاریگەری نەرێنیان نەبێت بۆ کۆمەڵگە و بینەران، بێگومان ئەمەش کاری دەزگا میدیایە بەهێزەکانی قورستر کردوە لە هەڵبژاردنی میدیاکار و ڕۆژنامەنووسی خاوەن بڕوانامە و لێهاتوو لە پیشەکەیان، پێویستە پێشکەشکار و ڕۆژنامەنووس و ڕاگەیاندنکارەکان هەوڵ بۆ بەرەو پێشچوونی پیشەیی خۆیان و پیشەکەیان بدەن، تەنها بۆ ناوبانگ و ئەکتیڤ و پارە و ڕیکلام ڕونەکەنە سەر شاشە و لاپەڕە و سایت و پێگە ئەلیکترۆنیەکان .

پێویستە ڕێگری بکرێت لەو کەسانەی دەبنە هۆی تێکدانی شیرازەی کۆمەڵگە و خووڕەوشتی گەنجانمان و هەرزەکاران و سانسۆرکردنی پلاتفۆڕمەکانی سۆشیاڵ میدیا بەتایبەت (تیکتۆک)، کە ڕۆڵیان هەیە لە بەناوبانگ کردنی کەسانی هیچ لەبارا نەبوو، ئەو بابەتی هەوڵدانە بۆ پەیداکردنی ناوبانگ بە هەر جۆرێک، بابەتێکی هەڕەشە ئامێز و مەترسیدارە بۆ سەر ئاسایشی کۆمەڵگە، ئەمەش بابەتێکی گرنگ و مەترسیدارە دەبێ ڕێگەی لێبگیرێت.



# ژیان و گوزەرانی پەنابەران لە کەمپەکان

ایمان شعب الدین حسن
قوتابی بەشی تەکنیکی میدیا/ قۆناغی دوو

پەنابەران لە ژیانی ڕۆژانەیاندا تووشی چەندین سەختی دەبن و زۆربەی ئازارەکانیان لە دەستنەگەیشتنیان بە بنەماکانی ژیاندا چڕ دەبێتەوە، کە ژیانێکی تەندروست و ئاسوودەیان بۆ دابین دەکات.

ژمارەیەک پەنابەر لە کەمپەکاندا هەن، کە دەستیان بە ئاوی پاک و خاوێن ناگات بۆ بەکارهێنانی ڕۆژانەیان.



## ئازاری پەنابەران لە کەمپەکان و هاوین

پەنابەرانی ناو کەمپەکان زیاتر لەوانیتر هەست بە گەرمای هاوین دەکەن و نەبوونی ئاو و ساردکەرەوە هۆکارێکی سەرەکییە بۆ رووبەڕووبوونەوەی گەرمای سەختی هاوین.

## ئازاری پەنابەران لە وەرزی زستاندا

سەرەڕای ئەو گەرمایەی هاوین، کە پەنابەران رووبەڕووی دەبنەوە، بەڵام سەرمای زستان باشتر نییە، ئەو باران و بەفر و سەرمایەی، کە لە زستان تووشی دەبێت، کاریگەرییەکی زۆر خراپی لەسەر ژیانی پەنابەران هەیە.

## ئازاری پەنابەران لە بەرامبەر نەخۆشی و پەتاکان

بڵاوبوونەوەی نەخۆشییە درمییەکان و پەتاکان مەترسییەکی گەورە لەسەر ژیانی پەنابەران لە کەمپەکاندا دروست دەکات، بەهۆی نەبوونی شوێنی سەلامەت، کە بەشێکی زۆری تێکەڵاوبوون لە نێوانیاندا پێکدەهێنێت، هەروەها نەبوونی ئاوی سەلامەت هۆکارێکی سەرەکییە بۆ بڵاوبوونەوەی و دروستبوونی نەخۆشییە تووشبووەکان، کە دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی بەرگری منداڵان و گەورەکان، ئەمەش ئاسانکاری دەکات بۆ بڵاوبوونەوەی خێرای نەخۆشییەکان.

پەنابەری پرۆسەیەکی ژیانی پڕ لە گرفت و کەموکوڕی و دەستنەگەیشتنە بە پێداویستییەکانی ژیان و لە بارنەبوونی ژیانە بۆ تەواوی پەنابەرەکان بە تێکڕای جیاوازی تەمەن و بیر و ئایدیا.



**پەنابەری پرۆسەیەکی ژیانی پڕ لە گرفت و کەموکوڕی و دەستنەگەیشتنە بە پێداویستییەکانی ژیان و لە بارنەبوونی ژیان...**

# تێڕوانینێک لەسەر بارودۆخی یانەی وەرزشی هەولێر



قوتابی: هانا ئیدریس مەعروف
قۆناغی دووەم/ تەکنیکی میدیا

یانەی وەرزشی تۆپی پێی هەولێر ساڵانێکە بەدەست خراپی ئەنجام و ئاستەوە دەناڵێنێت، هاندەرانی یانەکەش تامەزرۆی ئەوەن یانەکە بگەڕێتەوە سەر ئاستی بەرزی ساڵانی پێشوو و بەدەستهێنانی نازناوەکان.

ئەو بارودۆخە خراپەی، کە یانەی هەولێر تێیکەوتووە بۆ چەند هۆکارێک دەگەڕێتەوە، کە دەتوانین پۆلینی بکەین بۆ ئەم هۆکارانەی خوارەوە:-

1- بوونی نارێکیەک لە دەستەی کارگێڕی یانەکە.

2- خراپی بارودۆخی دارایی یانەکە کە



سالآنێکە ڕێگریکردووە لە گواستنەوەی یاریزانانی ئاست بەرز بۆ ڕیزی یانەکە.

3- بوونی یاریزانی تا ڕادەیەک ئاست نزم.

4- کەموکوڕی لە پێدانی ئیمتیازات و شایستە داراییەکانی یاریزانان.

5- نەمانی ڕووحییەتی یاریکردن.

هەموو ئەو هۆکارانەی، کە باسکران بەیەکەوە وایان کردووە ئاستی یانەی هەولێر بەرەو خراپی بڕوات و هاندەرانیش ناڕازی بن لە ئاستی یانەکەیان.

×هەر بۆیە دۆزینەوەی ڕێگاچارەیەک بۆ ئەو قەیرانانەی یانەی هەولێر تێیکەوتووە ئەرکی یەک بە یەکی ئەندامانی تیپەکەیە و هاندەرانیش پێویستە بە هەموو جۆرێک هاوکاربن و هەمیشە بە گوڕوتینەوە بەردەوام بن لە پاڵپشتی کردنی یانەکەیان تا ئەم قۆناغە سەختە تێدەپەڕێنن

بێگومان چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی یانەی هەولێر هەیەتی و گەڕانەوەی بۆ ئاستە بەرزەکەی جارانیان پێویستی بە کاتە، هەروەها پێویستی بە بوونی ژێرخانێکی دارایی بەهێز و کەسانی خەمخۆر هەیە. لە ئێستادا یانەی هەولێر ئامادەکاری بۆ وەرزی نوێی خولی ئەستێرەکانی عێڕاق 2004-2005 دەکات، بە دەستەیەکی نوێ لە ئەندامانی کارگێڕی و لە ژێر سەرپەرشتی ڕاهێنەری کورد (سەمیر بابۆ)، کە چەند یاریزانێکی پیشەگەری گواستۆتەوە ڕیزەکانی بۆ ئەوەی لەپاڵ یاریزانە بە ئەزموون و لێهاتووە کوردەکان یاری بکەن بە مەبەستی ململانێکردن لەسەر نازناوەکان و بەدەستهێنانی پلەی یەکەم لە خولی ئەستێرەکانی عێڕاق و ئاشت کردنەوەی هاندەرانی.



# ئەو ژمارە پێوانەییانەی لەیاری تۆپی پێدا شکانیان ئەستەمە



صهیب شاکر رضا

ژمارەی پێوانەیی لە بنچینەدا بۆ ئەوەیە، کە بشکێت و ژمارەی نوێتر تۆمار بکرێت، بەڵام هەندێ ژمارەی پێوانەیی هەیە، شکانیان ئەستەمە یان مەحاڵە، یاخود دەتوانین بڵێین بۆ ماوەیەکە یەکجار درێژ دەمێننەوە، هەوڵ دەدەین لە خوارەوە ئاماژە بە چەند ژمارەیەکی تۆمارکراوی پێوانەیی لە یاری تۆپی پێ بکەین، کە شکانیان ئەستەمە:-

١- دوورترین گۆڵ: دوورترین گۆڵ لە یاریەکی تۆپی پێ کە تۆمار کرابێت، هێرشبەر یان هێڵی ناوەڕاست نەبووە، بەڵکو لەلایەن گۆڵپارێزی بۆسنی ئەسمیر بیۆکۆڤیچ لە یانەی ستۆک سستی لە دژی یانەی ساوسهامتۆن لە ساڵی 2013 تۆمار کراوە لە دووری 91.9 مەترەوە.

٢- بەرزترین بەرزبوونەوە: بەرزترین هەڵسان (بەرزبوونەوە)ی یاریزانێک لەناو یاریدا تا ئێستا تۆمار کرابێت بەرزبوونەوەکەی کریستیان ڕۆناڵدۆیی پورتوگالیە لە یانەی ڕیاڵ مەدرید دژی یانەی مانجستەر یونایتد، کە لە تۆمارکردنی گۆڵێک توانی 2.93 مەتر بەرز بۆوە لە خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا.

٣- زۆرترین گێڕانەوەی لێدانی سزا لە یەک یاریدا لەلایەن گۆڵپارێزی ئەڵمانی دانیال باتز بوو، کە توانی پێنج لێدانی سزا بگێڕێتەوە لەگەڵ تیپی ساریاز بۆکین لە چواریەکی کۆتایی جامی ئەڵمانیا.

